




# بەشێک لە وتارو نووسراوەکانی

## هاوڕێ حوسێن کوردنەژاد

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

بابەتی ساڵی: ٢٠٢٣ ...................... لاپەڕەی ........... ٤

١- مەودای دیتن و یەکەی شیکردنەوە.....

٢- تێمانبگەیەنن تاکوو بەرەو پێشەوە بڕۆین.....

٣- خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادیی فرەڕەهەندە.....

٤- بە شێوەی ستراتێژیک پێویستیمان بە دەستەبژێر (ئیلیت)ێکی عیلمییە.....

٥- بابەتی گفتوگۆی کورد و فارسان.....

٦- کوردستان ناخرێتە نێو کۆڵەپشتەوە.....

٧- دیسیپلین و ئێلاستیسیتە (توندکردن و نەرمی نواندن).....

٨- گرێکوێرە (دیلێما)یەکی جددی.....

٩- هەرچەندە پێشکەوین گرفتەکانیشمان گەورەتر دەبن.....

١٠- دێمۆکراسی، سەقامگیری، پێشکەوتن.....

١١- چۆن لە ئازادیی ڕادەربڕین تێبگەین؟.....

١٢- مەترسی و چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوەی پۆپۆلیزم.....

١٣- هەمووومان پێکەوە ڕزگار دەبین بۆیە هەمووومان بەرپرسین.....

١٤- وێنە گەورەکە چارەنووس دیاریدەکات و ڕێ نیشاندەرە.....

١٥- پێویستە زانستی دێمۆگرافی بە هەند وەرگرین.....

١٦- بەکاربەری گشتی (پابلیک کانسامپشن)؛ بەردەبازێک و دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەشەی وڵات.....

١٧- سەمیناری ناساندی کتێب لە لایەن ئەنیستیتۆوە.....

١٨- بە کام چاویلکە سەیری وڵاتی خۆمان دەکەین؟.....

١٩- مافی مانگرتن بە مەرجە.....

٢٠- لە شەڕ و ئاشتیدا پاراستنی کوردستان ئامانجە.....



سەرچاوە
Serchawe

٢١- شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سێ هەڵوێست.....
٢٢- ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی واتایەکی ستراتیژیکی هەیە.....
٢٣- ئێمە خاوەن داهاتووین.....
٢٤- مێپس؛ کۆنفرانسی ئاسایش و ئاشتی لە دهۆک: هەنگاوێکی پێویست و سیاسەتێکی دروست.....
٢٥- ئەوانەی خاوەن ژیانی بەهێزن دەبنە میللەتی بەهێز.....

## بابەتیساڵی: ٢٠٢٤ ............. لاپەڕەی ........... ٥٠

٢٦- بنەماکانی داڕشتنی دیپلۆماسیی میللەتان.....
٢٧- ئینکاری خۆ، لە گفتوگۆی کوردیدا.....
٢٨- بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک پۆلا نانەوازادە.....
٢٩- دیتنی فرەڕەهەندییانەی پرسەکان.....
٣٠- ناچارین بیر بکەینەوە.....
٣١- نەزمی کۆمەڵایەتی لە پێشدا.....
٣٢- بەرگری لە سەروەریی.....
٣٣- سنووری هەڵسوکەوتی سیاسی.....
٣٤- گرفتی سیاسەت دیاریکردنی ڕێگەیە نەک دیاری کردنی ئامانج.....
٣٥- لە سیکلی ژیانی سیاسیدا تاکتیک دەتوانێ سەردەست بێت.....
٣٦- پراگماتیزم و خۆشبینی سیاسی کارێکی مەترسیدارە.....
٣٧- چاومان لە کوێیە و سیستەمی بەهاکانمان چین؟.....
٣٨- یاریی درێژمەودا.....
٣٩- چۆن بیر دەکەینەوە گرینگە.....
٤٠- وانەی گۆڕانی هاوسەنگیی سیاسی لە ئەمریکادا.....
٤١- ئاستی توانا و قودرەتی وەرگرتن و جەزبی میللەتان.....
٤٢- دابەشبوون وناکۆکیی نێوخۆیی؛ دیاردەیەکی مێژوویین لە ژیانی مرۆڤدا.....
٤٣- لە شیکردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا.....
٤٤- هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا.....
٤٥- هەر میللەتەی مەیدانی خۆی هەیە، مەیدانی ناوخۆییش مەیدانی سەرەکییە.....



سەرچاوە
Serchawe

## مەودای دیتن و یەکەی شیکردنەوە

خوێندنی مێژووی دوور و نزیک بۆیە گرنگە، تاکوو مەودای دیتن، وانە و ئەزموون و ئاسۆی بیرکردنەوە فراوانتر بکات. ئەگەر لە ئاسۆی دوور و درێژدا مەودای دیتن سنووردار کرا بۆ بەشێک لەو ڕەوتە، دیارە ئەوەی ماوە لێت تاریکە؛ ڕۆیشتن لە تاریکاییدا کاری مرۆڤی عاقڵ نییە؛ لە ژیاندا ئیسلیپ واکینگ گونجاو نییە، ئەمە جیاوازیی نێوان بیرکردنەوەی ستراتیژیک و کورتمەودایە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەمەدا، پانتایی یەکەی شیکردنەوەش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەر لە گوندێکی بچووکدا دەژی و بێ ئاگای لە دنیای دەرەوە، پانتایی یەکەی شیکردنەوە بەو گوندەوە سنووردار دەبێت، کە دێیە نێو شار و دەبییە پایتەختنیشین، پانتایی یەکەی شیکردنەوە فراوانتر دەبێ، و ئەگەر گەشتی دنیا دەکەی و چاوت دەکرێتەوە؛ یەکەی شیکردنەوە هەم فرەچەشن دەبێت و هەمیش فراوانتر دەبێت. ئەم دوو هۆکارە و ساغبوونەوە لەسەریان، بناغەی پێویستن بۆ بیرکردنەوەی ستراتیژیکی درووست.

ئێمەی کورد گرنگە یەکەم: مەودای زەمەنی بۆ بیرکردنەوەی ستراتیژیک فراوانتر بکەین. دووەم: یەکەی شیکردنەوە و سنوورەکانی لە خۆمان فراوانتر بکەین، تاکوو بتوانین لە هەنگاونان لە تاریکیدا دوور بکەوینەوە و ڕووناکی بخەینە سەر ئەو ڕێگایەی کە دەیگرینە بەر.

لە بارودۆخی ئێستادا، قەتیسکردنی خۆمان لەڕووی زەمەنییەوە بۆ ماوەیەکی دیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، حەتمەن هەڵەیە و قەتیسکردنی خۆمان لە چوارچێوەی بەستێنی سنووورداری وڵاتی ئێرانیش هەر هەڵەیە. لەبەرئەوەی کە هەم لەڕووی زەمەنییەوە ئاسۆی چارەنووسی ئێمە فراوانتر لەمەیە و هەمیش ئەو بەستێنە کە کارتێکەری لەسەر چارەنووسی ئێمە هەیە، لە جوگرافیای سیاسیی سنووورداری ئێران فراوانترە.
بە دەم ڕۆیشتن بەرەو ئامانجی ڕزگاری و ئازادییەوە، دیارە لەسەر بنەمای واقیع هەڵسوکەوت دەکەین؛ یانی خواست و ئارەزووەکان لایەکی هاوکێشەی ئێمەیە و توانای بەردەستمان لایەکی دیکەیە. ئەرکی سیاسەت پڕکردنەوەی مەودای نێوان ئەم دووانەیە. لێرەدا بەهێزترکردنی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی خۆمان هەم درووشمی ستراتیژیکی ئێمەیە، هەمیش تاکتیکە.

٢٤ی جانێوێری ٢٠٢٣

# تێمانبگەیەنن تاکوو بەرەو پێشەوە بڕۆین

ئێستا باوە دەگوترێ "بەرژەوەندی لە سیاسەتدا بنەمایە"، بەڵام باس لەوە ناکرێ کە دیاریکردنی بەرژەوەندی لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکە کە لە واقیعدا دەکرێ. خوێندنەوەی واقیع لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە ئەو مەیدانەیە کە هاووڵاتی بۆی هەیە دەخالەتی تێدا بکات. ئەگەر بڕیار بێ سیاسەتی وڵات پەیوەندییەکی بە هاووڵاتییەوە هەبێ و بەشداریی سیاسی مانای هەبێ، درووست لەم خاڵەدا واتای خۆی دەبینێتەوە. هەر بۆیەشە سیاسەت پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە و ئەوەش میکانیزمی بەشداریی خەڵکە. ئەم بەشدارییە پێویستی بەوەیە کە لایەنەکان خوێندنەوەی خۆیان هەم بخەنە ڕوو، هەمیش بیکەنە بابەتێکی گشتی، تاکوو هاووڵاتی و خەڵکیش بتوانن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و داڕشتنی سیاستەدا بەشدار بن.

ئەو سیاسەتە کە پێویستە بخرێتە ڕوو، لایەنی جیاوازی پەیوەندیدارە بە ژیانی خەڵکەوە، پێویستە خەڵک بزانن کە هێزی سیاسیی جیاواز چۆن بیر لە ئێستا و داهاتووی پەروەردە، تەندرووستی، پیشەسازی یان بازاڕی کار و هتد دەکەن. ئێمە دەزانین کە ئەو سیاسەتەی لە وڵاتێکدا لەکۆتاییدا پیادە دەکرێن، ئەو سیاسەتەیە کە لە لای لایەن و هێزی جیاوازەوە پێشکەش دەکرێت و لەسەری ڕێککەوتوون و هاوسەنگیی خۆیانیان تێدا پێکهێناوە و هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو لا ڕازین پێوەی پابەند بن.

ئێستا پانتایی و بیری گشتیی کوردی چاوەڕوانی ئەوەن کە بزانن لایەنەکان خوازیارن لە سەر کامە بنەما ڕێککەون، تاکوو ئەوانیش قسەیەکیان هەبێت. ئۆپۆزسیۆنبوونی حزبێک لە بەرانبەر حیزبێکی دیکە بە درێژایی چەندین دەیە نابێتە بنەما بۆ بەشداریی خەڵک. بۆیە پێویستە هێزەکان بەرنامەی خۆیان بۆ ئیدارەی ژیانی خەڵک بخەنە ڕوو. بەبێ بەرەوپێشبردنی ئەم ڕەوتە، بیری گشتی و خەڵک نازانن لە سەر چی هەڵوێست بە قازانج یان دژی هێزێک دەرببڕن. ئەگەر بێت و ئەوە بکەین، پرۆسەی سیاسیی کوردستان دەکەوێتە سەر ڕاستە ڕێ. ئەم کارە هەم بۆ ناوخۆ و هەمیش بۆ هاوپەیمانانمان بەرچاوڕوونی و متمانە دەستەبەر دەکات. لە بارودۆخێکی لەم جۆرەدا، کوردستان دەتوانێ لە عێراقی میلیشیاییدا ببێتە شوێنێکی جێ متمانە؛ ئەم متمانە نێوخۆیی و دەرەکییە یارمەتیدەر دەبێ کە لە سەر زەمینی واقیعیشدا ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم لە بەر ئارامی و سەقامگیریی هەرێم ڕوو لە کوردستان بکەن.

٢٥ی جانێوێری ٢٠٢٣

## خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادیی فرەڕەهەندە

لە دەستپێکی هەر کار و هەنگاوێکدا، پێویستە روئیایەکمان هەبێ، پاشان بە پێی ئەم روئیایە ستراتیژییەک دیاری بکرێ کە بریتییە لەو ئەرزش و دەستکەوتە کە قەرارە وەدەستی بێنین. لە دوای ئەم هەنگاوانە پرۆسەیەک دەست پێدەکات کە پێویستی بە پلاندانانە، ئەوەش بە واتای کۆکردنەوەی گشت ئەوانەی سوودمەندی ئەم ستراتیژییەن و پێکهێنانی سازان و تەوافوق لە نێوانیاندا. بەم جۆرە پرۆسەی خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی دەست پێدەکات کە سەدان پڕۆژە و قۆناغی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت.

لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورددا، رووئیا دیارە (ڕزگاریی کوردستانە)، هیچ یەک لە هەنگاوەکانی دواتر نابێ ئەم رووئیایە لێڵ بکاتەوە، دەنا بە بێراههدا دەڕۆین. ستراتیژی کوردی، بریتییە لەوەی کە خەڵکی کورد سەروەریی خۆیان بە سەر ژیانی ئابووری و سیاسیی خۆیاندا وەدەست بێنن، ئەمەش بریتییە لەو ئەرزش و ئەنجامەی کە مەبەستمانە و ئێستا لە درووشمی ژیان و ئازادیدا خۆی دەنوێنێت، لە دوای ئەمە پرۆسەیەک دەستپێدەکات کە بریتییە لە پلاندانان و دابەشکردنی ئەرک و سازکردنی سازان و تەفاهوم لە نێوان هەمووانـدا. لەم پرۆسەیەدا هەر پڕۆژەیەک کە مەبەستی وەدەستهێنانی ئەم ئەرزش و نەتیجەیە نەبێ، بێگۆمان بەرەو هەڵەمان دەبات. ئەوەی کە لەم پرۆسەیەدا چەندین هەنگاوی جۆراوجۆر دێنە پێش و ئەو خەباتە بەهێزتر دەکەن دیاردەیەکی سرووشتییە. بنەمایەکی گرنگی ئەم سەفەرە بریتییە لەوەی کە پرۆئاکتیف بین و کارتێکەریمان هەبێ لەسەر ڕووداوەکان. ئەم بۆچوونە و سیستەمی بیرکردنەوەیە زۆر جیاوازە لەوەی کە لە دەیەکانی ڕابردوودا لەسەر بنەمای بۆچوونی پراگماتیستی کە جارێ با ئەوەی بکەین دواییش "خوا کەریمە"مان پەیڕەو کردووە. هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی یان پرۆسەیەکی کاتی کە رووئیا و ستراتیژیمان لێ لێڵ بکات، شیاو نییە بەشداریی تێدا بکەین. لە هەمان کاتدا پێویستە دەستمان لە هەموو پرۆسەیەکدا هەبێ. لە سیاسەتی ناوچەی ئێمەدا هەموو لایەنەکان چاک لە پرسی ئێمە تێدەگەن و دەزانن رووی بزاوتی مێژوویی ئێمە بەرەو کامە ئامانجە، بۆیەشە هەموو هەوڵێک دەدەن تاکوو پێشمان لێ بگرن؛ ئێمەش دەزانین بەرەو کوێ دەڕۆین. ئەوەی ئێمە بار دەکات سەر بەرانبەرەکانمان هەبوونی هێزی دیتێرێنسە، یانی پێشگیری و توانای زەرەرگەیاندن بە بەرانبەرە، ئەم توانایە بەبێ بەهێزکردنی خۆمان مومکین نییە مسۆگەر بکرێت. جێگیری و نفوزی سیاسەتی ڕزگاریی کوردی لە نێوخۆ، ناوچە و جیهانی دەرەوەدا، ئامرازی وەدیهێنانی ئەم توانایی دیتێرێنس و خۆ سەپاندنە بە سەر واقێعی سیاسەتی ناوچەدا. کە وابوو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەمان بە پێی رووئیا و ستراتیژی خۆمانەوە ڕێنوێنە. لە بارودۆخی ئێستای وڵاتی ئێراندا تەرجوومەی ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە سیاسەتی ئێران بە



سەرچاوە Serchawe

ئۆپۆزیسیۆن و حکومەتی ئێستاوە بزانن کە کورد ئەوەندە بەهێزە کە بەبێ کورد ناتوانن چارەنووسی ئێستا و داهاتووی ئەو وڵاتە دیاری بکەن، بۆیە خۆ بە هێزکردنمان مەرجی یەکەم و سەرەکیمانە.

۹ی فێبریوێری ۲۰۲۳

---



سەرچاوە
Serchawe

## بە شێوەی ستراتیژیک پێویستیمان بە دەستەبژێر (ئیلیت)ێکی عێلمییە

ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێ ئاکادێمیا، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سەرانسەری دنیادا بەشی زۆری بۆ ئیدارەی دەوڵەتی مۆدێرن تەرخانکراوە. بۆیە بەڕێوەبەر و مەنیجێرگەلێکی زۆر بەرهەمدێنێت و بەشی کەمیشی بۆ داهێنانی زانستییە و لەو بەشەشدا هەم دەوڵەت کار دەکات و هەمیش کەرتی تایبەت بە گوێرەی پێوەر و بوودجەی بەردەستیان.

لە وڵاتانی گەشەستاندوودا، میکانیزمی گونجاو جێگیر کراوە بۆ بەرهەمهێنانی هەر دوو بەش. ئەم کارە ، بڕیاردەرە لە توانای ڕەکەبەرایەتیی میللەتاندا؛ بۆیەشە کاری بۆ دەکەن . لە وڵاتانی گەشەنەستێندا، ئەم سیاسەت و میکانیزمە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم دوو بەشەدا لاوازن و ئەمەش خۆی سەرچاوەی بەشێکی زۆری گرفتەکانی پێوەندیدار بە ئیدارەدانی سیاسەت و ئابوورییە.

کە ئاستی بەشی یەکەم (یانی بەڕێوەبەرەکان) دادەبەزێ، تەنیا گوێت لە گێڕانەوەی ئەوەی چەندین دەیە لەمەوپێش نووسراوە دەبێت؛ ئەگەر بە پوختی سادەیکەینەوە، کارەکەیان بریتییە لە جۆرێک لە وەرگێڕانی ئەوەی نووسراوە و گەیاندنی ئەو تێکستانەیە بۆ ئێمە، بەبێ هیچ داهێنانێک و لایەنی - ئەپلاید - یانی وەکارخستنی ئەو تێکستانە لە جوگرافیا و سەردەمی کۆنکرێتیی ئێستای کۆمەڵگەدا.

بۆیەشە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا کارتێکەریی ئاکادێمیا لە سەر ژیانی واقیع بەرچاو ناکەوێ. کاتێک ئەم دیاردەیە زۆرینەی ئاکادێمیای کوردی لەخۆ دەگرێت، دەبێتە فەرهەنگی پەروەردەیی وڵات و زۆرینەی پەروەردەی ئێمە دەبێتە دیداکتیڤ، یانی وانەبێژ و مامۆستا وانە دەڵێتەوە و خوێندکار و گەنجیش لەبەریدەکەن؛ ئەمەیان گرفتێکی سەرەکیی سیستەمی پەروەردەی وڵات پێکدێنێت. لەم سیستەمەدا داهێنان و زانست کە لەیەک گرێدراون، جێی بۆ نامێنێ. مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوە و وڵاتان نیشانی دەدات کە ڕێچکەی یەکەم بۆ بەهێزبوون و بەردی بناغەی یەکەم، بریتییە لە داهێنان و زانست و دواتر لایەنەکانی دیکە پێشدەکەون و گەشە دەکەن. یانی بەردی بناغەی یەکەمی سازکردنی میللەت و وڵات پێشخستنی زانستە.

نەبوونی زانست و داهێنان وامان لێ دەکات کە لە دارشتنی ستراتیژی پێشخستنی میللەت و وڵاتدا وەک مرۆڤێک کە بە چاوی داخراو لە تاریکیدا هەنگاو دەنێت. هیچ میللەتێک ناتوانێ بە چاوی داخراوەوە لە تاریکیدا بەرەو دوارۆژی خۆیدا بڕوات.



سەرچاوە Serchawe

پشتیوانی و دۆزینەوەی ئەو تاکانە کە توانای زانستییان هەیە، ئەرکی دەوڵەت و موئەسەساتەکانییەتی؛ ئێستا وڵاتان بە هەزاران گەنجی بەتوانای زانستیی خۆیان بە دابینکردنی پشتیوانیی ماددی و مانەوی وەگەڕخستووە، تاکوو بتوانن ببنە خاوەن ئێلیتێکی زانا و داهێنەر، تا دەرەقەتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتەکانیان بێن.

ناوەندی داهێنانی کوردستان کە لەم دواییانە لە هەولێردا دەستبەکار بووە، پێویستە ئەرکێکی لەپێشینەی بریتی بێت لە دۆزینەوەی ئەو توانایانە و پشتیوانیکردن لێیان.

ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک، لەبەر ئەوەی لە قۆناغێکی گرنگی دارشتنەوەی بناغەی بەمیللەتبوونی خۆماندایین، پێویستیمان بە ئێلیتێکی زانا هەیە، کە نە تەرجومەی تێکست و نووسراوەکانی پێشوومان بۆ بکات، بەڵکوو توانای داهێنانی زانستی هەبێت.

بەبێ زانست، لە تاریکیدا دەڕۆین و مودیر و بەڕێوەبەری باش کاتێک کاریگەر دەبن، کە لە لایەن زانست و داهێنانەوە ئاراستە بکرێن.

١٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## بابەتی گفتوگۆی کورد و فارسان

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا کە خەڵک لە وڵاتی ئێراندا بە دژی حوکوومەت هەستاون، بزووتنەوەی سیاسی بە هەموو ڕەنگەکانی خۆیەوە، لە هەوڵی داڕشتنی گوتاری خۆیانن و بەو گوتارانەشەوە هیوادارن پێگەی خۆیان هەم دیاری بکەن و هەمیش بەهێزتر بکەن.

جگە لە ناوەرۆکی مێژوویی و باوەڕی بنەڕەتیی خۆیان، گشت ڕەوتەکان لە چەمکی دیمۆکراسییش کەڵک وەردەگرن. زیادەڕەوی لە باسی دیمۆکراسیدا، زۆرجاران لەبەر ئەوەیە کە نیاز و سیاسەتی ڕاستەقینەی خۆیان پەردەپۆش بکەن. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، گوتاری چەپ باڵادەست بوو، هەرکەس چەپ و مارکسیست نەبوایە، بە مرۆڤیش هەژمار نەدەکرا. ئێستا لە سەردەمی خۆماندا چەمکی دیمۆکراسی بووەتە جێگرەوەی سۆسیالیزمی جاران.

چالاکان و سیاسیکارانی کوردیش، لە پەنجەرەی ئەم چەمک و دیسکۆرسەوە پرۆسەی دیالۆگی خۆیان لە سیاسەتی ئێراندا دەبەنە پێش. بەڵام فارسەکان بە هەرهەموویانەوە، خاڵێکی سەرەکیی بەرنامەی خۆیان کە ئینکاریی سەروەریی کوردە، لە ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیدا، بە باسی پرسی جووداخوازی (تەجزیە تەڵەبی)، لایەنی کوردییان خستووەتە پێگەی بەرگری و دانپێدانانی ئەوەی کە تەجزیە تەڵەب نین، و گشت لۆژیکی کوردییش بریتی بووە لەوەی کە لایەنی فارسی لە ناوەرۆکی مەبەستی دیمۆکراسییانەی خۆیان تێبگەیەنن! ئەم ڕەوتە هەڵەیە.

ئەوەی بابەتی گفتوگۆی لایەنی کوردی و ئۆپۆزیسۆنی ئێرانییە، بریتییە لە ڕێکخستنەوەی پێوەندیی دەستەڵاتی سیاسیی تاران، لەگەڵ ئێستا و داهاتووی کوردستاندا. لایەنی ئێرانی پێویستە خۆی پابەند بکات بەو ڕێکخستنە یاسایی و ئیدارییە کە لەگەڵ کوردستان مەبەستییەتی؛ هێشتنەوەی ئەم پرسە بۆ دوای گۆڕینی دەستەڵاتی سیاسی لە تاراندا، ئەوەش بەپێی ڕای زۆرینەی ئەو کاتە، تەنیا دەستبەتاڵیی کورد و کوردستانی لێ دەکەوێتەوە.

بۆیە چ پێوەندییەک لە نێوان تاران و کوردستاندا مەبەستە، بابەتی گفتوگۆیە، نەک ڕاڤە و شیکردنەوەی چەمکی دێمۆکراسی بۆ فارسان. ئەرکی هەموومانە کە گوتاری کوردی بەم جۆرە هەم گەشە پێبدەین و هەمیش بەهێزتری بکەین.

٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## کوردستان ناخرێتە نێو کۆڵەپشتەوە

کە باسی تەجزیەتەڵەبی دەکرێ، وای وێنا دەکەن کە کوردستان دەخەینە نێو کۆڵەپشت و بۆی دەڕۆین. نەخێر، بۆ دڵنیایی هەموو لایەک، دەبێ بگوترێ کە میللەتی ئێمە و میللەتانی دیکەی هاوسێش بە لانیکەمەوە، هەتا پەنجا هەزار ساڵی دیکەش هەر لەو ناوچەیەدا دەمێنن و پێکەوە دەژین. کە وابوو وەهەمی سازکراو و بێبنەمای شۆڤۆنیزمی فارس بێ مەنتیقە.

**پرسیار ئەوەیە:** ئەم میللەتانە کە بڕیارە هەتا هەزارانی ساڵی دیکەش لەو ناوچەیەدا پێکەوە بژین، چۆن پەیوەندییەکانیان ڕێک دەخەن؟ ئایا دەبنە سیستەمێکی فێدرال لە چوارچێوەی ئەم جوگرافیا سیاسییەی ئێستادا؟ دەبنە کۆنفێدرالی؟ یان دەبنە سەربەخۆ و هاوسێی چاک؟ وەک چۆن ئەورووپا لە دوای دوو شەڕی جیهانی، گەیشتنە ددان بە سەرەوەریی یەکتر نان و بە ئەوپەڕی هاوکارییەوە پێکەوە ژیان.

خاڵی جەوهەری، بنەمای داڕشتنی سیاسەت، خەیاڵات و دەمارگیریی بێبنەمای مێژوویی نییە، بەڵکوو دابینکردنی ژیانە بۆ منداڵەکانمان.

نەوەی ئێستا لە ژێر سایەی حوکوومڕانیی ئەو وڵاتانەدا و لە بارودۆخی قەیراناویی نێونەتەوەیی، هیچ داهاتوویەکی ڕوون بۆ خۆیان نابینن.

منداڵی فارس و کورد و تورک و عەرەب و بەلووچ، لە کامە ڕێکخستنی سیاسیی ئەم وڵاتانەدا، ئیمکان و بواری دەستپێڕاگەیشتن بە ژیانی شایستەیان هەیە؟ ئەمە پرسیارەکەیە کە هەر چالاک و سەرکردەیەکی سیاسی پێویستە وەڵامی بداتەوە.

باری دیمۆگرافیی کورد نیشان دەدات کە گەنج و منداڵانمان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خوازیاری سەروەری لە ژیانی ئابووریی و سیاسی خۆیاندان و ئەم ڕەوتە نەک بەرەو لاوازی، بەڵکوو بەرەو بەهێزتربوون دەڕوات و کۆیلایەتی جێگرەوە نییە. بۆیە هەموولایەک پێویستە خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم ڕاستییە ئامادە بکەن؛ یان دەبنە هێزی کۆنەپەرستی دژی مێژوو و بێ داهاتوو، یان دەست لەنێو دەستی گەنجان بەرەو داهاتووی شایستە هەنگاو دەنێن.

بۆ ئامادەکردنی مەیدانی سیاسەت بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش لەم بوارەدا، پێویستە میللەتی کورد خۆی بەهێز بکات، تاکوو دەنگی بگاتە دنیا و بەرانبەرەکانی.

ئەم خۆبەهێزکردنە فرەلایەنەیە، مەرجی یەکەمی بوونی تێگەیشتنی هاوبەشە لەنێو کورد خۆیدا.

جۆری بیرکردنەوەی هاوبەش (مایندسێت)، بەردی بناغەی هەنگاونانمانە بەرەو پێش، بۆیە پێویستە هەموو هێزی خۆمان بۆ بەهێزکردنی کورد و چالاکبوون لە مەیدانی کوردیدا تەرخان بکەین. کە ئێمە بەهێز و یەکگرتوو بین، لایەنەکانی دیکە بۆ هاوکاری و هاوفیکری هەنگاو دەنێن. بۆیە مەلەکردن لە مەیدانی داڕێژراو لەلایەن بەرانبەرە ناحاڵییەکانمانەوە، ئەویش بە پەرشوبڵاوی، سیاسەتی دروست نییە.

٣ی مارچی ٢٠٢٣

---

## دیسیپلین و ئێلاستیسیتە

### (توندکردن و نەرمی نواندن)

دوو چەمکن کە لە پیادەکردنی سیاسەت لە ئیدارەی وڵات، لە ژیانی سیاسی و ئابوریدا پێڕەو دەکرێن. کاتێک خێزانێک دەستتەنگ بێت و گرفت زۆر بێت، پێش لە هێنانە پێشی داخوازییە جۆراوجۆرەکان دەگیرێ و بوار نییە هەموو کەس داوای هەموو شت بکەن، کاتێکیش کە بارودۆخ باش و تێروتەسەل بوو، ڕێگا دەدرێت وەڵامی جۆرەها پێداویستی و داخوازی بدرێتەوە.
لە ئیدارەی سیاسەت و ئابووریشدا ئەم ئەسڵە پەیڕەو دەکرێ؛ ئەوانەی کە دەتوانن خۆیان پابەندی ئەم ئەسڵە لە قۆناغی جیاوازدا بکەن، لە کۆتاییدا سەردەکەون و ئەوانەش کە نەتوانن، ماڵ و دۆخی خۆیان بەرەو فەوزا و پەرشوبڵاوی و لەیەکترازان دەبەن. بۆیە گرنگە کە بزانین کەنگێ کاتی پیادەکردنی توندکردن و دیسیپلینە و کەنگێ کاتی نەرمی نواندن و ئێلاستیسیتییە.

خاڵێکی زۆر گرنگ لەم پێوەندییەدا چۆنییەتیی پیادەکردنی دیسیپلینە، ئەگەر بێت و دەوڵەت و حکومەت بەبێ هاوڕایی لەگەڵ خەڵک ئەم دیسیپلینە پیادە بکات، تووشی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی دەبین و ئەگەر بێت و خەڵک و هەموو کەس و لایەن ئەم دیسیپلینە پیادە بکەن، وەک میللەتێکی سەرکەوتوو قۆناغە سەختەکانی ژیان پێکەوە تێپەر دەکەین. بەردی بناغەی ئەم هاوفیکری و پێکەوەبوونەش دیالۆگ و گفتوگۆیە لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و وەدەستهێنانی متمانە.

ئەگەر ئەوە مسۆگەر بێت، ئەودەم نەیاران ناتوانن دەست بخەنە نێو مەیدانی کردەی سیاسیی کورد و بۆ ئاگاداربوون لە کێشە وگرفتەکان و گفتوگۆیە نێوخۆییەکانی کورد، پێویستییان بە دەیان ئامرازی هەواڵگری دەبێ.
گفتوگۆی ئێستای کوردەکان لە بەشی ئێراندا لە هەموو ئاستەکاندا ئەم پرەنسیپە ڕەچاو ناکات و ئەمەش کەمایەسی و گرفتێکی کوشندەیە، بۆیە پێویستە خۆمان بە دەستی خۆمان و بە دەستپێشخەریی خۆمان ئەم دیسیپلینە پیادە بکەین، دەنا هەر لاپتۆپێک دەبێتە تەورێک لە پێی میللەتی خۆمانی دەدەین. هیوادارم بە هەموومانەوە ئەوەی نەکەین و سەرکردەکان لەم ڕەوتەدا نموونە بن.

٥ی مارچی ٢٠٢٣

## گرێکوێرە (دیلێما)یەکی جددی

پرسی ڕزگاری و ئازادی، دوو ئامانجی سەرەکیی خەباتی میللەتی کوردن؛ ڕابردوو و ھەنووکە و ئایندەش، ھەر بۆ ئەم دوو ئامانجەن.

وەک بنەما، گشت لایەکمان باوەڕمان بەوە ھێناوە کە لە سایەی ئازادیدا گەشەدەکەین، لەیەک تێدەگەین، دەستمان بە زانست و زانین و داھاتووی ڕوون دەگات.

لە واقیعدا دەبینین لە دۆخێکدا کە لە کوردستانی ئێران، دوای چەندین دەیە، بزووتنەوەیەکی بێوێنەی جەماوەری دەست پێ دەکات و دەگاتە بەشەکانی تری ئێران و دنیا سەرسام دەکات، ئێرانیی غەیرەکورد بەتایبەت فارسەکان، ئەم پڕۆسەیە دەکەنە ھۆکاری خۆڕێکخستن و سەرھەڵدانەوەی ناسیۆنالیزمێکی گشتگیری خۆیان و خۆیان لە پەرشو بڵاوی ڕزگار دەکەن. ھاوتەریب لەگەڵ ئەوەدا، کورد ئەوەی ھەشیبووە لەیەکی دەترازێنێت و ڕوو لە پەرشوبڵاوی دەکاتەوە؛ دەست و قەڵەمێکی زۆر خزمەتی ئەم ڕەوتە دەکەن.

لە کوردستانی عێراقدا کە قەوارەیەکی بێوێنەی مێژوویی کوردی بەراورد لەگەڵ مێژووی خۆمان ساز بووە، دەست و قەڵەمێکی زۆر لە خزمەتی بێھیوایی و لاوازکردن و پەرشوبڵاویی میللەتدا خۆ ماندوو دەکەن.

پرسیار بۆ ئاوەزمەندانی میللەت ئەمەیە: ئەم دژبەرییە لەنێوان لایەنگریمان لە ئازادیی قەڵەم و ڕادەربڕین و ئەم خۆڕووخاندنە چۆن چارەسەر دەکرێ؟

دیارە وەڵامەکە زۆر ڕەھەندی ھەیە، بەڵام سەرەکیترینی بریتییە لە خۆسانسۆری و ددان بە خۆدانانی تاکەسی و ھەست بە بەرپرسیارەتی، بە جۆرێک کە دەربڕی پێگەیشتووییمان بێت؛ وەک تاک و وەک میللەت.

گرینگە بزانین کە بەستێنی سیاسەتی کوردی، بەستێنێکی لاوازە و گەشەنەستاندووە؛ ھەر بۆیەشە بەرپرسیارییەتیی قەڵەمبەدەستان زۆر قورستر دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

فریدم هاوس داتای وڵاتانی جۆراوجۆری خستووەتەڕوو کە لە بەستێنی لەم جۆرەدا، بە ئەزموون ئەگەر خۆمان ئیدارەدانی هاوسەنگیی نێوان ئازادی و خۆڕێکخستن نەگرینە ئەستۆی خۆمان، وڵات تووشی چەرمەسەری دەکەین و مەیدانی کردەی سیاسیی خۆمان بۆ نەیاران واڵا دەکەین، تا بە کەیفی خۆیان یاری بە چارەنووسمان بکەن.

بەشێوەی ستراتیجیک، پێویستیمان بە برەودان بە زانستە، هەرچەند زانست مەیدانی گفتوگۆی گشتی پڕ بکات، ئەوەندە مەیدان بۆ کەمزانان تەنگتر دەبێت و دەستی نەیارانیش کورتتر دەبێت.

لەسەر بەڕێوەبەرانی وڵاتیش ئەرکە بۆ فراوانکردنی مەیدانی حوکومڕانیی زانست و پیادەکردنی نەتەوایەتی و دیسیپلین لە دامودەزگە و میدیاکانی هەرێمدا پاڵپشت بن.

ئەوەی ئێستا لەم ڕووەوە دەگوزەرێ، ماندووکەرە؛ ئەم کەشوهەوای ئازادییە بە هەمووومان ئیدارە دەدرێ، بۆیە هەموومان بەرپرسین.

**٢٧ی مارچی ٢٠٢٣**

## هەرچەندە پێشکەوین گرفتەکانیشمان گەورەتر دەبن

کە دەڵێین زۆرینەمان بووینە شارنیشین و شارەکانمان گەورە بوونە، یانی وڵاتەکەمان گەشەی کردووە، کە دەڵێین گرفتی نەوتمان هەیە، یانی وڵاتی تەریککەوتووی جارانی ئێمە، ئێستا خاوەن نەوتە. کە دەڵێین کۆمپانیا دەرەکییەکان گرفتیان هەیە، یانی کۆمپانیای دەرەکی لە وڵاتی ئێمەدا هەن. کە دەڵێین ئەمریکا ڕەخنەمان لێ دەگرێ، یانی ئەمریکا لەگەڵمانە و ئێمە لە نەخشەی سیاسیی ئەمریکادا بوونمان هەیە. کە دەڵێین لە حوکوومەتی خۆمان نارازین، یانی حوکوومەتمان هەیە و حەز دەکەین باشتر بێ و زیاتری بکات. کە دەڵێین دەبێ زۆر یارمەتی ڕۆژاوا بکەین، یانی ڕۆژاوامان هەیە. کە فریای بوومەلەرزەی باکوور دەکەوین، یانی توانامان هەیە کە یارمەتیدەر بین، لە کاتێکدا خۆمان لە کۆڕەودا بێدەرەتان بووین. کە دەڵێین پەروەردە چاکتر کەین، یانی هەمانە. کە دەڵێین بازاڕی کار باشتر کەین، یانی بازاڕی کارمان هەیە. کە دەڵێین کۆمپانیاکانمان دەبێ پێشکەون، یانی بوار هەیە کە باشتر بین. کە دەڵێین ڕیفۆرم بکەین، یانی شتێکمان هەیە کە خوازیاری ڕیفۆرمین تێیدا. لە سی ساڵ لەمەوپێش هیچی ئەوانەمان نەبوو.

گرینگە پێرسپێکتیڤ و ڕوانینی مێژوویی و درێژخایەنمان هەم لە سەر ڕابردوو و هەمیش لە سەر ئێستامان هەبێ، تاکوو بتوانین بیر لە داهاتوو بکەینەوە.

ئێمە ڕۆلەکانی ئەنفال و کیمیاباران و کۆڕەوین، ئێستا ئەوەمان هەیە، دوو ڕێگەمان لەپێشە: یان بە مێشکی کوردانە و ڕزگاریخوازنە بەرەو داهاتوو دەڕۆین، یان بە مێشکی لۆکالیی دواکەوتوو و کوورتبین خۆمان ڕادەست دەکەین و بەس بیر لە ژیانی ڕۆژانەمان دەکەینەوە و هیچ ستراتیژێک لە مێشکماندا نابێت.

کورد لە ناوچەدا سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی، میللەتێکە لە هەڵسانەوەی مێژووییدایە. بەرەو دواوە ناتوانین بگەڕێینەوە، لەبەر ئەوەی کە ڕابردوو تاریکە، هیچ چارمان نییە جگە لە بەرەوپێشچوون.

ئیدارەی وڵات چۆن لە ٢٠٠٣ـەوە هەتا ئێستا کراوە، گەیشتووەتە خاڵی پێویستی گۆڕانکاری، دەبێ ڕیفۆرم بکەین؛ بۆ ڕیفۆرم پێویستیمان بە هێزە.

لە بەستێنی کوردستانی عێراقدا، تەنیا خاوەن دەستەڵاتی سیاسی توانای ڕیفۆرمی مێژووییان هەیە، ئۆپۆزیسیۆنی

نیمچەپۆپۆلیستی، تەنیا لە دەستی دێت ژیان تێک بدات، بۆیە ڕیفۆرم لە بەستێنی کوردستانی عێراقدا دەبێ دەستپێشخەرییەکەی لە لایەن کاربەدەستانی بەرپرسەوە بێت.

هەموو دۆسیەکانی کوردستان شیاوی گەشە، پێشکەوتن و چارەسەرن، بە مەرجێک کاربەدەستانی کاریگەری هەرێم، ئامادە بن پشت بە سیاسەتێک ببەستن کە نەک لەسەر بنەمای وەفاداری و خزمخزمێنە، بەڵکوو پشت بە زانست ببەستن. زۆر گرینگە لە بیری نەکەین کە دێمۆگرافیی کوردستان پێمان دەڵێت "بۆ ڕیفۆرمی بنەڕەتیی ئەنیستیتوشنال و ئابووری لە هەرێمدا، کاتی زۆرمان لەبەر دەستدا نەماوە."

**١ی ئەپریلی ٢٠٢٣**

---

## دێمۆکراسی، سەقامگیری، پێشکەوتن

هەموومان دەزانین کە لە جل و بەرگدا سایزی ٤٨ بۆ کەسێک کە سایزی ٥٦ـە نابێت. ئەگەر ئەمە ڕاستە جێ خۆیەتی ئەووەش بپرسین ئەدی ئەگەر هەوڵمان هەر ئەوە بێت کە سایزی ٤٨ دەبەر کەسێک بکەین کە سایزی ٥٦ـە ئەو کات چی ڕوو دەدات؟ ئەم نموونەیە لە پیادەکردنی سیاسەت و ئیدارەی ژیانی سیاسی و ئابووریی خەڵک و میللەتە جیاوازەکانیشدا هەر دروستە. واتە، هەر میللەتەی و تەنانەت دەڤەری جیاوازیش لە ناو وڵاتێکدا سایزی تایبەت بە خۆی هەیە.

دەمەوێ ئەوە بڵێم کە لە دنیای بیر و نووسیندا باسی چەمکی دێمۆکراسی، بە بێ ئەوە بنەماکانی ستراکچرالی پێویست بۆ دەبەرکردنی جل بۆ میللەتی جیاواز ببێتە جێ موناقەشە، گوێی کەڕ کردووین. لە یۆنانی کۆنەوە تا ئێستا یەک خاڵمان لێ ڕوون بۆتەوە ئەویش ئەوەیە کە بنەمای دانانی سیستەمی ژیانی دێمۆکراتیک، باژێروان و هاووڵاتیی سەروەرە. هاووڵاتییەک کە خاوەن ژیانە و دەستی بە زاری خۆی ڕادەگات و کەسێکی بێ مننەتیشە. بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەوە نەبێ ئەو کەسە وابستە و نیازمەندە و کەسێکی بێ سەروەرییە.

شایانی باسە، پێگەیشتنی ئەم هاووڵاتییە و فراوان بوونی ژمارەی ئەم جۆرە هاووڵاتییانە، تاکوو دەبنە زۆرینە، پرۆسەیەکی مێژوویی دوور و درێژە. هەروەها، ئەم دەرئەنجامە بەرهەمی پرۆسەیەکی ڕیفۆرمی درێژخایەنە کە پشوودرێژی دەوێ و سیاسەتی وڵات پشت بە کاری ووردی زانستی، وەک سیفەتی سەرەکی ئەم پرۆسەیە، دەبەستێت.

لێرەدا، دێمۆگرافی، بە تایبەت ئاراییش و پێکهاتەی تەمەنیی دانیشتوان لە وڵات، پێمان دەڵێ کە ئێمە لە کوێی ئەم پروسەیەداین، توانامان چەندە، چ شتێک دەکرێ و چ شتێک، هەر چەندە خۆشیش بێت، بەڵام ناومکینە. لەو دۆخەدا، هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەند سێناریۆیەکی واقیعی دەبێتەوە:

یەکەم، خواستی پیادەکردنی دێمۆکراسییەکی کاڵ و پێنەگەیشتوو، بەبێ ئەوەی هێزی کۆمەڵایەتی هەڵگری ئەو دێمۆکراسییە بوونی هەبێت. لەم حاڵەتەدا کە (chaos)و فەوزا دەبێتە بەرهەمی پرۆسەی سیاسی و هەڵگرانیشی دەبنە حەشیمەتێک کە بە ئاسانی ئاراستە دەکرێن، تەنیا دەستکەوتیان لە دەستدانی دەستکەوتەکان و سەقامگیری ژیان دەبێت و نۆینەرە پۆپۆلیستەکانیان هەر کات بۆیان لوا بەبێ بەرپرسیارییەتی مەیدان چۆڵ دەکەن.

دووەم، ڕۆیشتن بەرەو پاراستنی دەستکەوتەکان و گەشەی زیاتری ژیان لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوەیە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە ئەم هەڵبژاردەیە شەیتانیشی لە سەر ڕێیە. لێرەدا یا بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزانە سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاوی کۆکەرەوە، ئینکلوسیڤ پیادە دەکەین یا سیاسەتی هەنگاو بە هەنگاوی وەدەرخستن، واتە ئێکسکلوژن، دەگرینەبەر. هەر کامیان هەڵبژێرین قۆناغی یەکەمی دەبێتە پێداگری لە سەر سەقامگیری و شەیتانیش دروست لەم خاڵە دا خۆی دەشارێتەوە.

لێرەدا دوو جۆرە فشار چارەنووسە ستراتیژییەکانمان دیاری دەکەن؛ یەکەم، فشار لە خوارەوە، کە بریتییە لە داخوازی ژمارەیەکی زۆری گەنج بۆ بەشداری کردن لە ژیانی ئابووریی و سیاسی وڵاتدا، و دووهەم، فشاری دەرەکی، هەر چەندە پێش دەکەوین پێویستی تێکەڵ بوونمان لەگەڵ سیستەمی ئابووری جیهانی بە شێوەی سیستەمیک زیاتر دەبێت کە خۆی چەندین لایەنی ئەنیستیتوشنال (یاسایی) و ئیداریی و جێگیرکردنی بنەماکانی ئابووریی بازاڕ و سەروەری یاسا لەخۆ دەگرێت. هەرچەند لە قۆناغی یەکەمدا بۆ ماوەیەک بە حکومڕانی بەپێی یاسا قەناعەت بکەین بەڵام ئەمەش لە درێژخایەندا تێری چارەنووسمان ناکات لەبەر ئەوە کە ئامانج سەروەریی یاسایە کە زۆر جیاوازە لە حوکمرانی بە پێی یاسا. هەر چۆن بێت ئەم دوو فشارە لە چەند ساڵی داهاتوودا بڕیاردەر دەبن و لە هەڵبژاردنی سیاسەتی ڕیفۆرم، لە پرۆسەی پێویستی تۆکمەکردنی بڕووکراسی حکوومەتدا، بە نەفەسی ئینکلوسیڤ بوون، داهاتوومان وێنا دەکات. لەو دۆخەدا دەبێ پشت لە پۆپۆلیزمی دیمۆکراسی خوازی پێنەگەیشتوو بکەین کە شتێکی تێکدەرە و دەبێ ڕێگەی گەشە و سەقامگیری پڕ لە سەختی و خوێندن و زانست بە پشوویەکی درێژ هەڵبژێرین.

١٩ی ئەپریلی ٢٠٢٣

---



سەرچاوە
Serchawe

## چۆن لە ئازادیی ڕادەربڕین تێبگەین؟

هەبوونی چەپ و ڕاست و دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، مەرجی هەبوونی ئازادیی بەیان و ڕادەربڕینن.

ئەوەی هاوپەیمانانی کورد نیگەرانی لەسەر دەردەبڕن، کە ئازادیی بیرورا لە هەرێمدا پاشەکشەی کردووە، مەبەستیان ئەوە نییە ڕۆژانە خەڵک و کەسان بە هۆی ڕادەربڕین پێشگیرییان لێ دەکرێ، بەڵکوو نیگەرانییان لە لاوازبوونی فەلسەفەی وجوودی ئازادیی بەیانە، واتە لاوازبوونی هەڵسوکەوتی ئۆپۆزسیۆن و هەڵسوکەوتی دەسەڵات.

ئەوان ئەوە دەبینن، بۆیە دەڵێن ئازادیی ڕادەربڕین لە پاشەکشەدایە، بۆیەشە پێویستە سەرنج بخرێتە سەر ڕێکخستی ئەم پێوەندییە.

لە وڵاتاندا چەپ و ڕاست لە بەستێنی سەروەریی سیاسی وڵاتدا مانایان دەبێ و ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵگای مەدەنی لەژێر چەتر و چوارچێوەی گشتگیری دەوڵەت و دەسەڵاتدا هەڵسوکەوت دەکەن؛ ئەگەر ئەو چوارچێوەیەیان قبووڵ نەکرد، دەبنە ئۆپۆزسیۆنی ڕووخێنەر کە خوازیارن سیستەم و سەروەریی لە بناغەوە بگۆڕێت.

کە وابوو، چوارچێوەیەک هەیە کە ئۆپۆزسیۆن و ئاکتۆری کۆمەڵگای مەدەنی تێیدا هەڵسوکەوتی خۆیان ڕێک دەخەن و لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە پێشیان پێ دەگیرێت.

بۆیە مەرجە لەسەریان کە چوارچێوەکە قبووڵ بکەن، دەنا ئەگەر لە قسە دەرچن و بکەونە مەیدانی کردەی سیاسی، قەدەغە دەکرێن.

لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆن و ئاکتۆرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هەتا ئەو جێیەی کە دەکرێ لە چوارچێوەی سەروەریی وڵات دەرنەچن و پاڵییان پێوە نەنرێت کە بەرەو ئەو لایەدا بڕۆن، پێویستە هەوڵ بدرێت سیاسەتی پیادەکراو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە گشتگیر و کۆکەرەوە بێت.

تایبەتمەندیی هەرێم ئەوەیە کە حکومەت و دەوڵەت بۆ کورد لەم قۆناغەدا یەکە؛ کە سەرۆکی هەرێم دەڵێت: دوو زۆنی

یانی سفر زۆنی، هەر لە سەر بنەمای ئەم لۆژیکە قسەکەی دروستە.

ئەم حاڵەتە تایبەتە وا دەکات کە هەم چەپ و هەم ڕاست پێویستە بەرپرسیارییەتیی قۆناغەکە بگرنە ئەستۆ. ئەگەر ئەم پێوەندییە ڕێک بخرێت و هەردوو لا سنوورەکانی خۆیان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و دیالۆگ بزانن، ئەوکات نیگەرانیی هاوپەیمانان لە پاشەکشەی ئازادیی ڕادەربڕین لە ئارادا نامێنێ.

٧ی مای ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe

## مەترسی و چۆنییەتی بەرەنگاربوونەوەی پۆپۆلیزم

ستیڤێن کۆتکین پرۆفێسۆری زانکۆی پرینستۆن لە سیاسەت و ژیئۆپۆلیتیکدا بەم جۆرە باس لە پۆپۆلیزم دەکات: پۆپۆلیزم ناوێکی ترە بۆ سیاسەت؛ واتە، پۆپۆلیزم قسەی خەراب و جنێودان و بێ ڕێزیی نییە، بەڵکوو ئەویش جۆرێک سیاسەتە، بەڵام بۆ چ سیاسەتێک؟ مەرجی پێشوەختەی ئازادیی بەیان و ڕادەربڕین ئەوەیە کە لە مەیدانی سیاسەتدا چەپ و ڕاست، یان دەستەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن هەبێت. بە هەبوونی ئەم دوو باڵەوە دەتوانین باسی ئازادی بەیان و - فری ئسپیچ - بکەین. وزە و توانای ئەم هێزانەش کە بە وڵاتی دەبەخشن لەوەوە دێت کە پابەندن بە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوندیی میللی وڵات و ئەو کیانەی کە لەژێر سێبەریدا دەژین.

گرفتەکە کاتێک دەست پێدەکات کە بەشە ئیفراتی و توندڕەوەکانی ئەم چەپ و ڕاستە، بە مەبەستی بەشداریی لە ژیانی گشتیدا، مەیدانیان بۆ خۆش دەبێ. ئەم مەیدانە بە ئیرادەی ئەوان ئامادە نابێ، بەڵکوو هۆکاری زۆر بابەتی دەبنە پاڵنەر کە بە هێزترینیان داکشانی ئابووریی و پاشەکشەی سیاسەتی کاریگەری ئیدارەدانی وڵاتە. لە زانستی ئابووریدا هێڵی هەژاری بە گوێرەی وڵاتان دیاری دەکرێ و تێیدا ژمارەیەکیان دەست دەکەوێ کە لە نووسین و ڕاپۆرتەکاندا کەلکی لێ وەردەگیرێ. لە دنیای واقیعدا پێوەرێکی روونتری داکشانی ئابووری و سەرهەڵدانی هەژاری، نەک تاکە کەسی بەڵکوو هەژاری گشتی و بەرەو دواوەچوونی میللەت و وڵات، سەرەڕای زۆر ئامار و زەواهیری فریوخولقێنەری ڕوالەتی نیشان دەدات، ئەویش بریتییە لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی کۆنکرێت. ئەگەر ئەوەمان نەدیت پێویستە بزانین کە کۆمەڵگە لە کوێی خۆیدا بە نەرمی بەرەو هەژاری هەنگاو دەنێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئەم هەژارییە نەبینراوە کەڵەکە دەبێت.

بارودۆخێکی لەم جۆرە مەیدانی هاتنە گۆڕێی سیاسەتمەداری پۆپۆلیست لە چەپ و ڕاستدا ئامادە دەکات. مەترسی گەورە ئەوەیە کە ئەم پاشەکشەیە هەتا ئەو ڕادەیە بەرین بێت کە هێزە سیاسییەکانی سوننەتی – مەین ئیستریم-یش وەبەر خۆی بدات. ئەگەر ئەم پرۆسەیە سەرکەوێت سیاسەتی گشت وڵات بەرەو دارمان دەڕوات. لە حاڵەتی لەم جۆرەدا ئەوەی لە ناو حزبەکانی -مەین ئیستریم - و جێگیردا ڕوو دەدات ئەوەیە کە سەنگەری مێریتۆکراسی، واتە پشت بەستن بە تواناکان دەڕووخێت.

گشت ڕیفۆرم و هیوا بە داهاتوو لە گرەوی ئەوەدایە کە حزب و هێزە جێگیرەکان خاوەن توانای ڕیفۆرم و ئیدارەی وڵات بن. بۆیە قەڵغانی بەرگری لە بەرانبەر سەردەست بوونی پۆپۆلیزم و دارمانی سیاسەت هەبوونی مێریتۆکراسییە. لەوبارەوە،

(لیکوان یوو) سەرۆکی سەرکەوتووی وڵاتی سەنگاپۆر کاتێک باسی مێریتۆکراسی دەکرد لە پراکتیکی ئیدارەدانی وڵاتی خۆیدا باسی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر بۆ کار و پێگەیەکی ئیداری پێویستیان بە کەسێک هەبوو، ئەوا چەند هەزار کەسیان بۆ وتوێژی دامەزران بانگ دەکرد و هەنگاو بە هەنگاو دەگەیشتنە کەسێک کە حۆی نیشانی دەدا کە شایستەترینیانە. بەم جۆرە لە سینگی خۆی دەدا و دەیگۆت ئەگەر کەسێکی ئێمە بۆ دانیشتن لەگەڵ بەرپرسێکی ئەمریکی ساز دەبوو لەوە دڵنیا بووین کە لەو لەسەرتر و بەتواناترە. واتە، ئێمە سەر سەرەوەی خامەمان - قەیماغمان - بۆ کارەکان دەست نیشان دەکرد.

دوژمنی سەرەکی مێریتۆکراسی جێگۆڕکە کردنییەتی لەگەڵ وەفاداریی سیاسی.

بەو سەرنجە، بارودۆخی هەرێمی کوردستان ناچارمان دەکات کە ئەم بنەما گرینگانە لەبەرچاو بگرین و ڕیفۆرمی ئیداریی و هەیکەلی هەرێم، نە لە خوارەوەڕا بەڵکوو لە سەرەوەڕا، بەرینە پێش. هەر وەک ئەوەی ماکس ڤێبێر وەک تیئۆریسییەنێکی بەڕێوەبردن و بەڕیوەبەری کاریگەر و دامەزراندنی بروکراسی کاریگەری دەوڵەتی زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوپێش پێشنیاری کردووە. بۆ سەرکەوتن پێویستە گشت لایەک پشتیوانی پاراستنی چوارچێوەی نەتەوەیی بن و ڕێز لە پێگەی ئاکتۆرە سیاسییەکان بگرن و دیالۆگی ڕیفۆرم و پێشکەوتن لەگەڵ سەرکردەکانی وڵات بکەنە بەرنامەی کار و سەرکردەکانیش لە کەنار پێگەی مسوگەری خۆیان، ئۆتۆنۆمی ئۆرگانەکان لە هزر و کردەوەدا قەبووڵ بکەن و بیسەلمێنن. ئەم جۆرە ڕێفۆرمە تەنانەت ئێستا هەر لە وڵاتانی سەرکەوتووتری ناوچەی خۆشمان، هەم لە واری ئیدارەی ئابووریی و هەم لە ئیدارەدانی بروکراسی گشتی و حکوومیدا پیادە دەکرێ. ولاتانی پێشکەوتووی دنیاش نموونەی بەرچاوی ئەم ریفۆرمەن وولاتی سینگاپور نموونەیکە بۆ فێر بوونی لێی.

١٣ی جوونی ٢٠٢٣

## هەموومان پێکەوە ڕزگار دەبین بۆیە هەمووومان بەرپرسین

زۆر جار پێویستە ڕوانینێکی مێژووییمان هەبێ تاکوو لە بارودۆخی خۆمان تێبگەین. بەم واتایە کە توانای ئەوەمان هەبێ ئەرکە سەرەکییەکان و ئەولەوییاتی سەردەم و ژیانی خۆمان و میللەتەکەمان دەستنیشان بکەین. بە گشتی لە فەرهەنگی سیاسی کوردستاندا باوە ئەگەر ١٧ ژمارە لە سەر تەختە ڕەش بنووسین و یەک لەو ژمارانە هەڵە بێت سەرنجی گشتمان دەچێتەوە سەر ئەو ژمارە هەڵەیە و ١٦ ژمارە دروستەکەی تر نابینین. ئەم مایند سێت و جۆری بیرکردنەوەیە لە دۆزینەوەی هەنگاوە دروستەکان یارمەتیدەر نابێت. واتە، سەرەڕای گرفت و کەمایەسی زۆری دەوروبەرمان، پێش لە بیرکردنەوەی دروست دەگرێت.

بۆ نموونە، بە شێوەی ئابستراکت باس لە ئازادی دەکەین و لە سەری دەڕۆین، بەڵام ناتوانین بە لە کۆسپە بچووکەکانی سەر ڕێی فراوان کردنی ئازادی ورد بینەوە و هەنگاوی بۆ باوێین. یان لە پرسی دیراسەی هەژاری و ڕێژەی هەژاری لە کۆمەڵگەدا سەرنجمان ناچێتە سەر ئەوەی کە لە ماوەیەکی دیاریکراودا چەندین کەس و توێژی جیاواز لە هەژاری ڕزگاربیان بووە و ئەم ڕەوتە چۆن هاتووە و ئێستا بۆ فراوانترکردنی ئەم ڕەوتە پۆزەتیڤە پێویستە چۆن کار بکەین. بە گشتی مێدیا و دیسکۆرسی سەردەست لە کوردستاندا بیرکردنەوەیەکی نێگاتیڤ برەو دەدەن و ئەمەش دەبێتە هۆی پاسیڤ بوون و دڕدۆنگ بوونمان لە یەکتر و نەدیتینی هەلەکان بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر. تەنانەت هەتا ئەو ڕادەیە ئەم ڕەوتە گەشەی کردووە کە لە نەیارەکانمان، کە مان و نەمانمان دیاری دەکەن، بێ خەبەر بین.

بڵێی بیرمەندەکانی سەدەکانی پێشوو، کە ئێستا کتێبەکانیان بۆ ئێمە سەرچاوەی زانستن، لە کۆمەڵگەی بێ گرفتدا ژیابن؟! بڵێی ڕیفاه و سەروەریی یاسا لە دەورانی ئەواندا باشتر لە ئی ئێمە بووبێ؟! ئەدی چۆن ئەوان توانیویانە بە دروستی بیر بکەنەوە و ڕێگەی دروست پێشنیار بکەن و ئەولەوییەتەکانی وڵاتانی خۆیان دەستنیشان بکەن و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن؟.

ئەوەی ئێستا بۆ ئێمە گرینگە ئەوەیە کە لە وێنە گەورەکەی ژیانی خۆمان و دەوروپشتمان ئاگادر بین و، سەرەڕای هەموو گرفت و کەمایەسییەکانی مێژووییمان، بە چاوی کراوەوە ئەولەوییاتی سیاسەت و کردەی خۆمان دەستنیشان بکەین و خەتە سوورەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ خۆمان دیار و ڕوون بکەینەوە و دەرگاش لە نەیاران دابخەین. دەبێ سەرنج بدەینە ئەو هەموو وزە و توانا و کاتەی کە زۆرینەمان ڕۆژانە بۆ دژایەتی نێوخۆیی و لە دژی یەکتر بە



سەرچاوە
Serchawe

هەدەری دەدەین؛ بەو سەرنجەوە پێویستە لە خۆمان بپرسین ئەمە کارێکی ژیرانە و لۆژیکانەیە؟ ئایا میللەتانی دیکە بە تێر و برسییەوە وادەکەن؟

هەموو خەڵکی وڵاتێکی وێرانی وەک ئێران، تەنانەت لە کاتی شۆڕشە توند و سەرهەڵدانە بەهێزەکانی کۆمەڵایەتیشدا بە ترسەوە لە ئازادیی کورد و خەڵکانی تر دەڕوانن و دەڵێن نەتەواوییەتی عەرزیی ئێران گرینگە، بۆیە تەنانەت ئامادەن لەو پێناوەدا پشت لە شۆڕشی ئازادیخوانەی وڵاتی خۆشیان دەکەن.

ئەو ووزەیەی کە ئێمە لە دژایەتی یەکتر بە فیڕۆی دەکەین نیشانەی ئاگایی و هۆشیاری و زانین نییە، بەڵکوو نیشاندەری ڕوونی پێشنەکەوتوویی ئێمەیە و پێوسیتە بە هەموومانەوە بۆ چارەسەرییەک هەنگاو هەڵێنین. ئەمەش بە ڕێگەی بیری پۆزەتیڤ و وڵات ویستی و خۆماندوو کردنەوەوە دەکرێت. ئێستا کە سۆسیال مێدیا دەوری گەورەی لە ئاراستەکردنی بیری گشتی کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە با هەر کەسە بە نۆرەی خۆمان هەوڵ بدەین دنیای بیرکردنەوەی خۆمان پاک بکەینەوە. لە ڕێکخستن و داڕشتنی ئەولەوییاتی سیاسەتی ژیانی وڵات لە بیری گشتیدا هەمووممان بەرپرسین. دەبێ بزانین کە میدیا و سوسیال میدیای کوردستان ماندووکەر و خەمۆکی هێنەرن و بۆ پێشوەچوون یارمەتیمان نادات.

٢٩ی جوولای ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## وێنە گەورەکە چارەنووس دیاریدەکات و ڕێ نیشاندەرە

ئەوانەی لێی دەزانن دەڵێن ئەورووپای ئێستا لێکەوتی ڕێککەوتنی «وێستفالیا»یە کە لە ساڵی 1648دا لەسەر بنەماکانی ئەم ڕێککەوتنە کۆتاییان بە شەڕی سی ساڵەی نێوانیان هێنا. ئەم ڕێککەوتنە بووە بناغەی نەزمێکی نوێ لە سەر بنەمای دەوڵەتی میللی و لە دوای ئەوە نەزمی جیهانیش بەم پێودانگە گەشەی کرد. کاتێک «هێنری کیسینجێر» باسی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەکات، لە ڕووی مێژووییەوە ئەم ناوچانە بە دەورانی شەڕی سی ساڵەی ئەورووپای دەشوبهێنێت.

ئەگەر ئەم گریمانە و بۆچوونە بە هەند وەرگرین، پرسیارێکی بەجێ دێتە پێش، کە لە دوای ئەم شەڕ و هەرایەی ئێستای ناوچەی ئێمە قەرارە چی لەدایک بێت و لە سەر چ بنەمایەک نەزمی تازە لەم دەڤەرەدا دادەڕێژێتەوە؟ لەوبارەوە، «فابریک بلانش» جوگرافیناس و پسپۆر لە خۆرهەڵاتی ناوین، عێراق و سووریا بە ناوچەی پاردە (حائێل) لە نێوان چوار دەسەڵاتی بەهێزی ناوچەکە (ئیسرائیل، تورکیا، ئێران و خەلیج) دادەنێت. تایبەتمەندیی ئەم دوو وڵاتە (بۆفێرت زوون)، واتە عێراق و سووریا، وا دەستنیشان دەکات کە حکوومەتەکانیان دەستیان بە سەر هەموو وڵاتدا ناڕوات، هاوشان لەگەڵ حکوومەت چەندین هێزی دیکەی ناحکوومی دەستەڵاتیان لە ناوچەکەدا هەیە و بە هۆی ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییانە حکوومەتی ناوەندی لاوازە. هەروەها چوار هێزی گەورەی ناوچەش هەر یەکەی گرووپی پرۆکسی خۆی هەیە. پرسیاری پەیوەندیدار ئەوەیە، ئەدی ئەم چوار هێزە حاڵیان چۆنە؟

ئێران هەرچەند حکوومەتەکەی بەهێزە و لە توانایدایە جوولەیەکی زۆر لە ناوچەکەدا بکات، بەڵام بۆتە دەوڵەتێکی پووک، بە جۆرێک کە داهاتووەکەشی ڕوون نییە و بەردەوام بەرەو کزی دەڕوات؛ واتە، نە توانای ئیدارەدانی خۆی هەیە و نە دەشتوانی خۆی بگۆڕێت و چاکسازیی لەناو خۆیدا بکات.

تورکیا، بۆ ئیدارەی ئەو میللەتەی کە ئێستا پێی دەڵێن تورکیا، جگە لە بنەماکانی کەمالیزمی سەد ساڵی بەرێ بۆ ئیدارەی وڵاتەکەی هیچ دیسکۆرسێکی مۆدێرنی نییە. لە ڕووی ژیئۆپۆلیتیکەوە، هەم دۆستی خۆرهەڵاتە و دۆستی ڕۆژئاوایە و هەم گرفتی لەگەڵ هەر دوو لادا هەیە. واتە شێوەیەکی شێواوی «لێمبۆ» و سەرگەردانی پێوە دیارە. ئەم جۆرە وڵاتانە ڕەوتی پێش ڕوویان بەرەو بان و بەهێزبوون نییە، بەڵکوو گلۆلەیان بەرەو لێژییە.



سەرچاوە Serchawe

دوو هێزی تری ناوچەکە هێزی ئیسرائیل و هێزی وڵاتانی کەنداوە بە سەروکایەتی سعودییە. وڵاتانی کەنار کەنداو و سعودییە ڕوویان لە مۆدێرن بوونە و تێکەڵاویتیان لەگەڵ ئابووریی جیهانی پەسەند کردووە و لەگەڵ کورد پەیوەندییان باشترە و دەکرێ ئەم پەیوەندییە زیاتریش پەرە بستێنێ. ئیسرائیلیش وەک دەوڵەتێکی دووربین، پۆتانسییەلێکی باشی بۆ بەهێز بوونی کورد بە قازانجی خۆی هەیە. ئەگەر بڕیاریش وا بێ لە دوای ئەم شەڕ و شۆڕەی چەند دەهەی دوایی لەم ناوچەیەدا، بە گوێرەی گوتەی کیسینجێر، نەزمێکی نوێ بێتە گۆڕێ، خۆ ناکرێ هەر ئەو دەوڵەتە "میللیانە"، کە خۆیان هۆکاری شکستی ناوچەکە و قەیرانەکانن لە ئاکامدا سەردەست بنەوە. کەواتە یەکەی سیستەم پێویستە لە سەر پایەی ئێتنیکەکاندا بێت تاکوو کۆتایی بەم کێشە و شەڕانە بێت.

ئێمە وەک کورد، ئێستا کە زۆرینەمان بووینەتە شارنیشین، بۆیە شانسی گەورەمان لەبەر دەستە کە بێ سڵەمینەوە بە بەرچاوڕوونییەکی مێژوویی، بە دوای ستراتێژی ڕزگاریی و ئازادیی خۆمان بکەوین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش ئەوەی هەمانە بەهێزتر و زیاتری بکەین. لە بارودۆخی ئێستادا قەوارەی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم بۆ میللەتی کورد هەم واتای حکوومەت و هەم واتای دەوڵەتی هەیە؛ بۆیە بەهێزکردنی ئەم قەوارەیە کوردایەتییەکی دروست و ژیرانەیە و زامن کردنی ژیانە بۆ نەوەکانی داهاتوومان تاکوو نەکەوینەوە ژێر پۆستاڵی داگیرکەران. لێرەدا دەبێ هەر کەس هەر چی لە دەستی دێت پێویستە بۆ پاراستنی ئەزموونی گەلەکەمان و داهاتوومان بیکات. پێویستە ئەوە بزانین کە قەوارەی ئێستا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان ملکی تایبەتی کەس نییە بەڵکوو هی هەموومانە، ڕێگەی بەیەک گەیشتنی هەموو هێز و مرۆڤە باشەکانیش دیالۆگێکی کوردانەیە.

٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

## پێویستە زانستی دیمۆگرافی بە هەند وەرگرین

لێکۆڵینەوەی دیمۆگرافیی وڵاتان و پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووان، زانیاریی زۆری لە سەر بارودۆخی وڵاتان تێدایە. بە گشتی سێ جۆرە هەرەمی دیمۆگرافیمان لە دنیادا بەرچاو دەکەوێ:

یەکەم، بەشی خوارەوەی هەرەمی دانیشتووانی پان، بەو واتایە کە ژمارەی منداڵیان زۆرە (وڵاتانی هەژار و پێشنەکەوتوو).

دووەم، هەرەمی دانیشتووانی ستوونی کە ڕێژەی منداڵ و ئەوانەی لە تەمەنی کاردانە، وەک یەکن (وڵاتانی گەشەستاندوو بەرەو گەشەکردن).

جۆری سێیەم، هەرەمی دانیشتووان بە ڕێژەی زۆری پیران و کەمیی بەرچاوی منداڵانە (وڵاتانی هەرە پێشکەوتوو-ئەورووپا و ئامریکا و ژاپۆن و کۆریای باشوور).

پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە هەرەمی گرووپی یەکەم دەچێت و تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە لە گەشەی دیمۆگرافی لە بواری جیاوازدا بەم جۆرەیە:

- لەجیاتی ئەوەی دابینکەری سەرمایە بن، لە ئاستی جیهاندا قەرز وەرگرن.
- سیستەمی بانکییان گەشەی نەکردووە، ڕێژەی پاشەکەوتی گشتی و تاکەکەسیان لاوازە.
- لە ڕووی ئەنیستیتوشنال و سەروەریی یاساوە لە هەنگاوەکانی سەرەتاییدان.
- داهێنان لەو کۆمەڵگەیانەدا کزە، پیشەسازیی لاوازە
- سیستەمی پەروەردە، بە تایبەت زانکۆکانیان، لە ئاستێکی نزمی زانستیدایە.
- هەژاری و هەبوونی منداڵی ئیشکەر لەو کۆمەڵگەیانەدا دیاردەیەکی بەرچاوە.
- کشتوکاڵ نەگەیشتۆتە قۆناغی کشتوکاڵی بەهێز، کاری زۆرەوەی تێپەڕاندووە و نەگەیشتۆتە کشتوکاڵێکی خاوەن سەرمایەی گەورە و پیشەسازیی مۆدێرن.
- کۆچ بە دوای هەلیکار لەم وڵاتانەدا دەبێتە دیاردە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر لێکۆڵینەوە و بەراوردی زانستیی گشت جیهان، ئەم خاڵانەمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەدی باسکردن و سازکردنی هەرا کە ئەم دیاردانە لە کوردستاندا هەن، داخوا هەواڵە؟ ئایا ئەمە داهێنانی ڕووناکبیری و زانستییە؟ خراپتر لەوەش ئەوەی ئێستا دەکرێ داخوا ڕەوایە هەر کامە لەم خاڵە پێکهاتەییانە بکەینە دارێک و بکەوینە سەر و گوێلاکی یەکتر و خۆخۆری؟! یان میللەتی زیندوو و خوێندەواری باش هەر کام لەم خاڵانە دەکاتە بەرنامەی کار و کۆکردنەوەی هێزە باشەکانی کۆمەڵگا بۆ چارەسەرییان؟

ئەوەی کە ئێستا وایە بەو واتایە نییە کە لەم گرفتانەدا نقووم بین و سەروملی یەکتر بشکێنین، تاکوو لە ناو دەچین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەو مانایە کە خاڵ بە دوای خاڵ چارەسەریان بکەین و وەک میللەتانی براوەی تری جیهان، خۆمان بگەیەنینە ژیانێکی شایستە.

حزبانێک کە ئەم کەمایەسییانە بکەنە ئامرازی ورژاندنی خەڵک و کۆ کردنەوەی دەنگ، پێویستە پشتیان تێ بکرێت و حزبانێک کە خوازیاری هاوکاری و هاوبیریین بۆ چارەسەری ئەم خاڵانە، پێویستە میللەتی کورد ڕوویان تێ بکات و بەرەو چارەسەری گرفتەکان هەنگاو هەڵبێنین.

٥ی ئاگۆستی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## بەکاربەری گشتی (پابلیک کانسامپشن)؛ بەردەبازێک و دەرفەتێکی مێژوویی بۆ گەشەی وڵات

دابینکردنی کەلوپەلی پێویست و ژێرخانی فیزیکیی پێویست و قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگاوبان و خانووی نیشتەجێبوون، گشتیان لە خانەی بەکاربەریی گشتیدا جێ دەگرن.

میللەتی جیاواز لە پرۆسەی گەشەی خۆیاندا گشتیان پێویستییان بە دابینکردنی ئەم شتانە هەیە.

هەموو میللەتانی دنیاش لە ئاستی خوارەوەڕا دەستیان پێ کردووە و کۆمەڵگاکانیان گەشەی کردووە.

لە کوردستانی دوای ئەنفال و شەڕی ڕزگاریخوازنە و کۆڕەو، کەموکوڕیی وڵاتی ئێمە، لەم بوارەدا زۆر بەرچاو بوونە، ئەم پێداویستییە بنەڕەتییە خۆی شانسێکە بۆ هەستانەوەی وڵات و میللەتان، بە مەرجێک پلاندانان لە کاردا بێت و پیادە بکرێ.

پێناسەی سەرەکیی پلاندانان بریتییە لە بەشداریی هەموو ئەو کەس و لایەنانە کە بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەو پرۆژە و کارەدا هەیانە و بە یەک گەیاندنی ئەو بەرژەوەندییە جیاوازنەش بەشێکە لەو پلانە.

گەشەی وڵات لەم پرۆسەیەوە گوزەر دەکات؛ لە دوای هەر پرۆژە و کارێکی پلاندانان، دەبینە خاوەن هێزی کارێکی پسپۆڕتر، کۆمپانیای بە تواناتر، تێکنۆلۆژیی باشتر و ئیدارە و یاسای کاراتر. ئەم خاڵە خۆی دەبێتە پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانمان.

لە دوای هەر پرۆژەیەک، دەتوانین لە خۆمان بپرسین: جگە لەو پرد و شەقام و قوتابخانەیە کە سازمان کردن، چیمان دەست کەوت؟ هیچ کۆمپانیایەکی خۆجێیی سەری هەڵدا؟ هێزی کارمان شتی نوێ فێر بوون؟ لە یاساکانماندا گۆڕانکاریمان کرد؟ و هتد.

ئەگەر بێت و پرۆسەی پلاندانان بە میللی و جەماوەری بە گوێرەی پێناسەی زانستیی پلاندانان لە بەر چاو نەگیرێ،

ناتوانین هیچ گوتەیەکمان لەسەر دەرئەنجام هەبێت و بەرچاوڕوونیشمان نابێ کە لە داهاتوودا چۆن کار بکەین و بڕیارەکان دەبنە ئەد هۆک، بێ سەروبەر و بێنەخشە؛ کەس و لایەنێکیش لە ئارادا نابێ لە ئەنجامی باش و خراپ بەرپرس بێت.

ئێستا کە کوردستان لە دەورانی وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی بەکاربەریی گشتیدا گوزەر دەکات، گرنگە ئەم دەورانە وەک شانسێکی مێژوویی بۆ گەشەی پایدار و جێگیری ببینین. ڕەوتێک کە بە بێ کۆنترۆل و بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان وەک تراکتۆر هەر بۆ خۆی دەڕوات و کەسیش لێی بەرپرس نییە.

جۆری بیناسازیی ماکرۆرایۆنی (بینا بەرزەکان) وڵاتانی کۆمۆنیستیی جاران و چین و کۆریای باکوری ئێستایە. ئەم پرۆسەیە سوسیالفابریک، یانی شیرازەی کۆمەڵایەتیی شارەکانی کوردستان بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ دەخاتە مەترسییەوە. پێداچوونەوە بەم ڕەوتە تێکدەرە یەک لە پێویستییەکانی ئێستای بەڕێوەبەریی وڵاتە. با ئەم شانسە مێژووییە بۆ گەشەی پایدار بە پشتبەستن بە ئەزموون و زانستی بەردەست بۆ ئێستا و داهاتوو بکەینە سەرمایەی وڵات.

٢٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

## سەمیناری ناساندی کتێب لە لایەن ئەنیستیتۆەوە

رۆژی ٢٧ی مانگ ئەنیستیتۆی تۆێژینەوە و گەشەپێدان-کوردستان لە هەولێر سەمینارێکی بۆ ناساندنی کتێبێک لە سەر دیدگای سەرۆکی هەریم کە لە لایەن چەندین تۆێژەر و نووسەری ناسراوی دەرەکی و نێوخۆییەوە ئامادە کرابوون، بەڕێوە برد. لەم سەمینارەدا باسی باش وروژێندران، یەکەم چەند کەسێک باسی تیئۆریکیان کرد کە ولاتێک تێکچووبێت چۆن دەکرێ وەسەر یەکبخرێتەوە و لەم پێوەندییەدا روانگەی سەرۆکی هەرێمیان دەخستەروو وەک چارە سەر.

هێدێک لە روانگەی ژیئۆپۆلیتیک و ریئالیزمەوە پێشنیاری کۆنکرێتیان کرد وەک دیاریکردنی سنووری نێووان عێراقی عەرەبی و کوردستان تاکوو رەوتی دیالۆگی نێوان کورد و عێراق بکەوێتە سەر رێچکەیکی کاریگەر. لایەنێک کە غایب بۆ دید و بۆچوون لە سەر مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ و داهاتووی منالەکانمان بوو بە کورد و عەربەوە.

زۆر گرینگە بزانین کە لە بیری گشتیی کورددا وەک میللەت هیچ ترسێک لە ئازادی، خۆشبەختی و ریفاهی منالانی ئێستا و داهاتووی عەرەب نییە. ئەم بۆچوونە قوولە جەماوەرییە لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی کورد بە گشتی لە گەڵ عەرەبان لە کوردستان و جێی تریش دیارە. بەڵام ئێلیتی سەردەستی دواکەوتووی عەرەب ئازادی و ریفاهی منالی کوردی بە دژی بەرژەوەندیی خۆی دەزانێ. زۆر سەیرە!!!! ئەم بۆچوونە لە لای ئێلیتی فاسد و دواکەوتووی عەرەب و ئەوانی تریش ئەوەندە قووڵە کە هەر چەشنە ئاسۆیەکی ژیانی داهاتوو لێڵ دەکاتەوە. نموونە ئێران شۆرشێکی کۆمەڵایەتی بە مانای تەواوی وشە سەری هەڵدا بەڵام ترس لە ئازادی میللەتانی نێو ئێران هەموو تاریکبینانی لە پشت دەستەلاتدارانی ئێراندا ریز کرد بە یەک دەنگ هەموو سەرنجیان چووە سەر مەترسیی تەجزیەی ئێران. و ئەم شۆرشەیان لە بار برد و جیلی گەنجی ولات کە خۆی بە تەواوی بێ داهاتوو دەدیت و بە هێزەوە هاتبووە مەیدانی بێ هیوا کرد.

ئەم قەوانەی کۆنەی تەجزیە زۆر بێ ناوەرۆکە، کوردستان شتێکی فیزیکی نییە کورد بیخاتە نێو کولەپشتی خۆی و بۆی دەرچێ، کورد و فارس و عەرب و تورک هیچیان ناچنە هیچ کوێیەک، ئەوەی جێباسە چۆنییەتیی رێکخستنی هەیکەلییەتی سیاسیی پێکەوە ژیانە، لەبەر ئەوە کە دیکتاتۆر و فاسدان حازر بە و ژیانە نوێیە نین، باسیان دەبێتە باسی پێشگرتن لە دابەشکردن و تەجزیەی ولاتان.

تەجروبە نیشانی دەدات کە ترسی داگیرکەران لە ئازادی منالانی کورد بەرهەمەکەی بۆ خۆیان دەبێتە ژیان لە سێبەری

دیکتاتۆری و دواکەتندا، مرۆڤ زگی پێیان دەسوتێ. بەلام داخوا ئەم رەوتە و ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە و کردارە خاوەن داهاتوویە لە دنیای ئەمرۆدا؟ هەتا کەنگێ حازر دەبن بەم جۆرە تێکدەرانەیە بەردەوام بن و ئێستا و داهاتووی میللەتانی ناوچە بنکۆل بکەن؟ داخوا ئێستا کە زۆرینە دانیشتوان لەم ناوچەیەدا بوونە شارنیشین و ناوچە بە هەزاران رێگەی پێووەندییەوە گرێدراوە بە دنیای گەورەتر و هەموو خاوەن مۆبیلی خۆیانن ئیمکانی بەردەوامی ئەم تاریکبینیە لە ئارادایە؟ گرینگیی پەیام و ویژنی سەرۆکی هەریم بۆ ئاشتی لەم روانگەیەوە گرینگە یانی لایەنگری لە دابینکردنی ژیان بۆ منالانمان، سیاسەت و ئابووریی و دیپلۆماسی هەر هەمووی بۆ خزمەتی ئەم خالەیە یانی پشتیوانی لە ژیان. ئەوانەی لە ئازادی ئینسان دەترسن دەبنە دۆڕاوی مێژوو و ئەوانەی پشتیوانی ژیان دەبن، دەبنە خاوەن پەیامی براوەی مێژوو.

٣٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٣

## بە کام چاویلکە سەیری وڵاتی خۆمان دەکەین؟

هەر کەسە و چاویلکەیەک؛ هونەرمەند و سینەماکار، ئەدیب و زبانزان، ئابووریناس و پسپۆڕی سیستەمی دارایی، ئەندازیار و شارساز، پسپۆڕی زانستی سیاسی، پسپۆری فیزیک و ئەندازیاری مێکانیک، کۆمەڵناس و پسپۆری گەشەی فەرهەنگی؛ هەر کەسە بە چاویلکەیەکەوە چاو لە بارودۆخی میللەت دەکات و هەر کەسەش بواری خۆی بە سەرەکیترین و لە پێش دادەنێت. پرسیار ئەوەیە: ئەم دۆخە لۆجیکی و قبووڵکراوە؟ دەتوانێ وا بێ کە هەر هەموویان ڕاست بن لە کات و شوێنی دیاریکراودا ئەولەویەت بن؟

وەڵامی ئەم پرسیارە حەتمەن نەخێرە، بەڵام نەک نایەکی ڕووت، بەڵکوو نایەک کە جێ بۆ هەر هەموویان بکاتەوە و پەیوەندیی پەیکەریی نێوان هەر هەموویان ببینێت، بەڵام توانای دارشتن و دەستنیشانکردنی ئەولەوییەتی هەبێت.

پرسی ڕزگاریی میللەتی کورد دیارە قوتوویەکی بەتاڵ نییە، لایەنی جیاوازی ژیانی ئەم میللەت پێویستە گەشە بکات و لایەنی جیاوازیش پێویستە پاڵپشت بن بۆ لایەنەکانی تر، بەڵام ئەولەوییەتیش هەیە. هەر لە گفتوگۆی سێ دەستەڵاتی حوکوومڕانیدا کە دەگاتە کۆتایی، زانستی سیاسەت، دەستەڵاتی جێبەجێکردن بە سەرەکیتر لەوانەی تر دادەنێت.

کە وابوو، پێویستە لە هەڵبژاردنی چاویلکەی تیۆریکدا مل بدەینە واقیع و جەبری واقیع.

جیۆپۆلیتیک و پێگەی سیاسی و ڕکەبەرایەتییەکانی ناوچەیی و پاراستنی هێزی نێوخۆیی هەر یەکەیەک لە مەیدانی جیۆپۆلیتیکدا چارەنووسسازن.

بۆیە کە دەگاتە سەر چارەنووسی ئێمە، پرسی کوردی، دەتوانین نە وەک پرسێکی سوسیۆلۆژیک و فەرهەنگی، بەڵکوو بە پلە یەک وەک پرسێکی جیۆپۆلیتیک ببینین، بە مانای ئەوەش نایە کە لایەنەکانی تر فەرامۆش بکەین، بەڵکوو بە شێکی زۆری ئەو بوارانە هەر بە گوێرەی کتێبیش بێ، هەر دەبنە ئەرکی ساوێرێنی کوردی، لە کات و زەمان و شوێنی خۆیدا.

نەبرینی تیغی کورد لەم بوارەدا وای لێ کردووین کە خۆشمان ئەولەوییەتەکانمان لێ تێکچێ و پرۆژە و کاری وا بکەین کە بە هیچ جۆرێک کار و ئەرکی ئێستامان نەبێت.

کە لێمان ڕوون نەبێ لایەنی هەرە گرینگ جیۆپۆلیتیکە و لێمان ڕوون نەبێ واتای بە هێزبوون لەم بوارەدا پێویستیی بە بەهێزبوونە و لێشمان ڕوون نەبێ بەهێزبوون واتا و ناوەرۆکی چییە؛ لە ئیدارەی ئەوەی هەمانە تووشی گرفت دەبین و پێگەی جیۆپۆلیتیکیی خۆشمان لێ ڕوون نابێ و لە یاریی چارەنووسسازدا نابینە یاریکەری باش.

ئێستا عێراقی میلیشیات واقیعە، ژێردەستەیی میلیشیاتی عێراق بۆ ئێران واقیعە، نییەتی لەنێوبردنی دەستکەوتەکانی کورد لە لای ئەوانەوە واقیعە، بێهێزیی خۆمان لە بواری خۆراک، ئاو، کارەبا، تەندروستی و پەروەردە واقیعە؛ بۆیە سیاسەت پێویستە لە سەر بنەمای ئەم خاڵانە دابڕێژرێت و واقیع بە قازانجی خۆمان بگۆڕین، ئەوەش بە بێ هەستی بەهێزی یەکگرتوویی و باوەڕ بە داهاتوو و پشتبەستن بە زانست ناکرێت.

١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٣

---

## مافی مانگرتن بە مەرجە

لە ژیانی رۆژانەدا ناکۆکیی بەرژەوەندی و گرفتی ئیداری و رووبەرووبوونەوەی چین و توێژی کۆمەڵگا بابەتێکی ئاساییە و بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵگا، بۆیە هەبوونی گرفت و ناکۆکی کەس تووشی شۆک ناکات. ئەوەی جێگای باس و گفتوگۆیە چۆنییەتیی ئیدارەدانی پرۆسەی چارەسەریی گرفتەکانە، کۆمەڵگای یاساسەرەوەر بە جۆرێک و کۆمەڵگای نا دیمۆکراتیک و دواکەوتوو بە جۆرێک ئەم پرۆسەیە بەڕێوەدەبەن، یەکیان ئاکامی کارەکەی دەبێتە چارەسەریی گرفت و ئەوتریان ئاکامەکەی دەبێتە وێرانی و زەرەری زیاتر.

پرسی خۆپیشاندان و مانگرتن پرسێکی گرینگە کە کۆمەڵگا بە گشتی پێویستە هاوبیری و کۆنسێنسودی گشتی هەبێ لە شێوە و چۆنییەتیی ئیدارەدانی.

خاڵی سەرەکی ئەم پێکگەیشتن و تەفاهۆمە ئەوەیە کە بۆ بەرزکردنەوە دەنگ و گەیاندنی پەیامی هەموو لایەنێک مافی ئەوەی هەیە کە خۆپێشاندان ڕێکبخات و مان بگرن. ئەم مافە وەک هەموو مافێکی تر ڕەها و بێدەر و دەروازە نییە، بەڵکوو بە مەرجە. سەرەکیترین مەرج ئەوەیە کە ئەگەر هاتوو دوولایەن نەگەیشتنە ڕێککەوتن، بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرێک، بۆیان هەیە خۆپیشاندان و مانگرتن ڕێکبخەن.

ئەو مەرجەش بریتییە لەوەی کە لایەنی سێهەم و کۆمەڵگا و دانیشتوانی تر زەرەرمەند نەبن. ئاگرکوژێنەرەکان ئەگەر مانیان گرت پێویستە بەشی ئەوەندەیان لەسەر کار بن کە ئەگەر ڕووداوێک رووی دا بتوانن بە فریای بکەون. مامۆستایان ئەگەر مانیان گرت ئەوەندە مامۆستا لە سەر کار بن کە خوێندن پەکی نەکەوێ و منداڵان زەرەرمەند نەبن، خۆپیشنادان ڕێگای سەرەکی خەلک نەگرن کە ئامبولانسێک بە نەخۆشەوە نەگاتە نەخۆشخانە، ئەمە دێتە واتای هەڵگرتنی بەرپرسیارییەتیی کۆمەلایەتیی ئەو لایەنە کە خۆپیشاندان یان مانگرتن ڕێکدەخات. نابێ ماڵی هاووڵاتی بسووتێ لەبەر ئەوە کە ئاگرکوژێنەرەکان مانیان گرتووە، نابێ منداڵی خەڵک بمرێ لەبەرئەوەی کە ئامبولانسەکان مانیان گرتووە. ئەم پێوەرەیە کە مانگرتن یان خۆپشاندانێک لە شعوری گشتی کۆمەڵگادا دەکاتە یاسایی یان نایاسایی. ئەگەر هاتوو لایەنی دەستپێشخەر لە مانگرتندا ئەم پێوەری کە لایەنی سێهەم زەرەرمەند نابێ، ڕەچاوی کرد ئەوکات بۆ داخوازییەکانی خۆی دەتوانێ چاوەروانی پشتیوانیی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگاش بێت.

کۆمەڵگای کوردستان بە ئۆپۆزیسیۆن و ئەحزابی حکومڕانەوە پێویستە ئەم پێوەرە بە شکلی یاسا لە بیر و ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستاندا جێگیر بکەن. لە هیچ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکدا کە ئارەزوومەندی ئەوەندەیە کە بە پێی یاسا ژیانی خۆی ڕێکبخات مافی مانگرتن بێ مەرج نییە. ئیلتیزام بەو پێوەرە خۆی دەبێتە نیشاندەری ئەوە کە لایەنەکان چەندە پێگەیشتوو یان دواکەوتوونە، چەندە مانگرتنیان دەبێتە هۆی بونیادنانەوە و بەرەوپێشچوون یان هۆی تێکدان و گەڕانەوە بە دواوە.

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣

# لە شەڕ و ئاشتیدا پاراستنی کوردستان ئامانجە

لە دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان حەماس و ئیسرائیلدا، وڵاتان بە گوێرەی پێگە و بەرژەوەندیی خۆیان، ئەم پرسە تاووتوێ دەکەن.

لەم پرۆسەیەدا، لە ڕووی فیکرییەوە پێشنیازی پرسیار و تەرکیز لە سەری خاڵی جێسەرنجە. وڵات هەیە، لایەنی یاسایی لەبەرچاو دەگرێ، وڵات هەیە باس لە مافی مرۆڤ دەکات، وڵات هەیە باسی شەڕی گەورە یان بچووک دەکات. بەڵام هیچ وڵاتێک ڕێگا نادات ئەم ڕووداوە ببێتە هۆکاری دابەشبوونی سیاسیی خۆی.

نۆرماڵە کە شەقام بیری جیاوازی تێدا بێت، هەر چۆن لە ئیسرائیل و لە نێو فەلستینییەکانیشدا هەیە، بەڵام گرنگە بیروبۆچوونی شەقام ئیدارە بکرێ و داڕشتنی سیاسەت نەدرێتە دەستی شەقام.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئێمەدا، ئێستا کە ئەم شەڕە سەری هەڵداوە و ئێمە خاوەن هیچ قورساییەک نین لە هاوکێشەکەدا و کەسیش چاوەڕوان نییە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئێمە هەڵوێستی خۆمان یەکلا بکەینەوە، سەرنجمان لە سەر ئەوە بێت کە ئەگەر ئەم شەڕە کورتخایەن و سنووردار بێت یان فراوان و درێژخایەن، چۆن ئێمە دەتوانین سالمتر و بەهێزتر لەم پرۆسەیە بێینە دەر؟ ئەمە پرسیاری سەرەکییە.

زۆرجار لە سیاسەتدا هەر پێویست ناکات هەڵویستیشیت هەبێ، بەتایبەت کە بزانین سیاسەتی وڵاتان لە چەندین ئاستدا بەڕێوە دەچن؛ دیپلۆماسیی بێدەنگ، دیپلۆماسیی ڕەسمی و ئاشکرا و زۆرجاریش بێدەنگی. گرینگتر ڕاستگۆبوونە لەگەڵ دنیا و خەڵکی خۆماندا؛ کە ئێمە کارتێکەر و برلڕیاردەر نین لەو هاوکێشەیەدا و پرس و ئەرکی سەرەکیی ئێمە دابینکردنی ئاشتی و ئارامییە بۆ خەڵکی خۆمان.

بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی وڵات بەم جۆرە، پێویستە سیاسەتێکی پرۆئاکتیڤی داهێنەرەنەمان هەبێ و بۆ قازانجی میللەتی خۆمان لە هەموو ئاستەکاندا چالاک بین، بە بێ ئەوەی هیچ هەنگاوێکمان ببێتە هۆی لەیەکترازانی نێوخۆیی و لاوازیی کورد، بە تایبەت کە بارودۆخەکە زۆر زۆر تایبەتە.

تەنیا پێکەوە و بە هەماهەنگیی میللییەوە، دەتوانین ئەم شەپۆلی شەڕ و گۆڕانکاریی ناوچەکەش بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنین و کورد بەهێزتر لە جاران ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت.

**١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سێ هەڵوێست

ئەوەی ئێستا پێی دەڵێین شەڕی یەکەم یان دووەمی جیهانی، لە کاتی ئەو شەڕانەدا ئەم چەمکە بە کارنەدەهێندرا؛ دواتر ئەو ناوەی لێنێرا. لە دوای هاتنی زلهێزەکان بۆ ناو شەڕ، ئەو شەڕانە بە شەڕی جیهانی ناوزەد کران.

لێکەوتەی بە تایبەت شەڕی دووەم، نەزمێکی جیهانی بوو کە ڕێککەوتن لە بارەی دارایی، ئیدارەدانی ئاوەکان و دامەزراندنی هێندێک دامودەزگای وەک نەتەوە یەکگرتووەکان کرا؛ ئەو نەزمە بە نەزمی جیهانیی لیبرالی ناسراوە. لە دوای ڕووخانی سۆڤییەت و دواتر کۆتایی دنیای یەکجەمسەری و ڕۆیشتنی دنیا بەرەو سیستەمی چەندجەمسەری، ئەم نەزمە لە لایەن هەندێک هێزی نوێ و کۆنەوە کەوتە ژێر پرسیار.

لەم دەورانەدا وردەشەڕ دەستیان پێکرد و هەتا ئێستاش بەردەوامن و هەرە بەرچاوەکەی شەڕی ئۆکرانیایە و ڕەنگە بە دەستوەردانی ڕاستەوخۆی زلهێزەکان لە دەستپێکی شەڕی جیهانیدا بین. هێزی پێشگیر لەم ڕووداوە خاوەن هێزێکی بەرچاوە، بەڵام بە تەواوەتییش باڵادەستی ڕەها نییە.

شەڕی ئیسرائیل و حەماس بەهێزترینی ئەو شەڕانەیە کە دەتوانێ ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەی بەرچاو بگۆڕێ. لە نێو کورددا سێ هەڵوێست بەرانبەر بەو شەڕە وەدیار دەکەوێ کە دوویان زۆر بەرچاو و دەنگبەرزن، بە داخەوە هەڵوێستی سێیەم لەبەر لاوازیی مێژوویی کورد لاوازترە.

**هەڵوێستی یەکەم**: بە زۆر لۆجیک لایەنگری ئیسرائیلە و بە حەقی دەزانێت؛ بە تایبەت باس لەوە دەکات هیچ میللەتێک ناتوانێ قبووڵ بکات لە لایەن نەیاری خۆیەوە (ئێران) بە ناوەندی تیرۆر و هەڕەشە دەور بدرێت، بۆیە ناچارە بە شێوەی ستراتیژیک بەرگری لە خۆی بکات و ئەو گەمارۆیەی بشکێنێت.

**هەڵوێستی دووەم**: بە پشتبەستن بە شێوەی سەرەکی، بە نزیکایەتیی دینی و مافی میللەتی فەلەستین بۆ سەربەخۆیی، لایەنگری حەماس و جیهادی ئیسلامی و بە گشتی فەلەستینییەکانە.

**هەڵوێستی سێیەم**: کە لاوازتر لە هەموویانە، بەڵام گوێی ئیدارەی کوردیی لە لایە، هەڵوێستی پاراستنی کورد و کوردستانە. لۆجیکی ئەم هەڵوێستە کاردانەوە نییە، تاکوو لایەنگری ئیسرائیل یان حەماس بکات، بەڵکوو هەڵوێستێکی پرۆئەکتیڤی میللییە؛ کاتێک کە دەزانێ نە پێگەی کورد و نە هێزی کورد ناتوانێ هیچ کارتێکەری لەسەر دەستپێکردنەوەی ئەم شەڕە، پرۆسەی پێشوەچوون و کۆتاییەکەیدا هەبێ. بەڵام لەبەر پێگەی جوگرافیایی کورد و کوردستان لە ئاگری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەم شەڕە بە دوور نییە.

بۆیە ئەم هەڵوێستی سێیەمە درووشمەکەی بەهێزترکردنی کوردستانە بە مەبەستی پاراستنی کوردستان لە ئاگری شەڕ؛ ئەم هەڵوێستە بۆیە دروستە کە کورد ڕێک دەخات و بە گوێرەی ئیمکان دەیپارێزێت.

هیوا ئەوەیە کە هەموو هێزە باش و نیشتمانییەکان بە گفتوگۆ لەگەڵ میللەتدا بۆ بەهێزترکردنی بەرگریی شارستانیی کوردستان بۆ ڕۆژی خۆی هاوکار بن و یەکڕیزیی کورد نەکەنە قوربانیی قەناعەت و ئایدۆلۆژیای جۆراوجۆر. لە بیرمان نەچێت، ئەم شەڕە لە توانایدایە لە زۆر ڕووانەوە چارەنووساز بێت لە ناوچەدا.

بۆیە ستراتیژی ئێمە پێویستە ئەوە بێت کە براوەی ئەم پرۆسەیە بین، نەک دۆڕاوی ئەم ڕەوتە. ئەم ئاکامە مومکینە ئەگەر هەڵوێستی سێیەم بە درایەت و ئیرادەی بەهێزەوە هەڵبژێرین و هەڵوێستی ئیدیۆلۆژیکی خۆمان بە قازانجی گشتیی میللەت بێ دەنگ کەین.

۱۹ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۳

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕێککەوتنی پارتی و یەکێتی واتایەکی ستراتیژیکی هەیە

کاتێک باسی شکڵ گرتنی میللەتان دەکرێ، داڕێشتنی بناغەی یەکگرتنی نێوخۆیی بە شتێکی چارەنووس ساز دەبیندرێت. ئەم بناغەیە خۆی وەک دەستووری وڵات دەردەخات. ئەم دەستوورە یا بە شێوەیەکی نۆرماتیڤ و فۆرماڵ، یا لە سەر بنەمای واقێع و هاوسەنگیی هێزەکانی دەسترۆیشتووی وڵات دادەڕێژرێت. لەوبارەوە نموونە زۆرن، لەو وڵاتانەی کە دەستوورەکەیان بەرگەی قەیران و ئاڵوگۆڕی مێژوویی و ئەساسی ناگرن دەتوانین ئاماژە بە فەڕەنسا و ئەڵمانیا بکەین. شایانی باسە، لە نیوەی ١٨٠٠ی زایینییەوە، فەڕەنسا ١٦ یاسای بنەڕەتی و ئەڵمانیا ٤ یاسای بنەڕەتی گۆڕیون.

لێرەدا وانەیەکی گەورە لە دەستووری ئەمریکا وەردەگرین، کە زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ دەوامی هێناوە و بەرگەی زۆر قەیران و بە سەرهاتی سەختی گرتووە. بەشە جیاوازەکانی ئەو دەستوورە، وەک چێک و باڵانس کۆنترۆڵی یەکتر دەکەن؛ واتە، ئۆتۆریتی لە بەرانبەر ئۆتۆریتیدا دانراوە. لەو دەستوورەدا بە مەبەست دەوڵەتێکی لاواز ساز کراوە. بە گشتی لە سەر ئەوە ڕێککەوتوونە و هەموو لایەنەکانیش قەناعەتیان هاتووە کە بەرژەوەندی و داهاتوویان پارێزراوە، بۆیە خۆیان ئەرکدار کردووە و بەو دەستوورە پابەندن.

ئەمەیان خاڵی سەرەکی ئەم باسەیە، واتە، ئەگەر هاتوو لایەنە بڕیاردەرەکانی وڵات لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی خۆیان گەیشتنە ڕێککەوتنێک، ئەگەری ئەوە زۆرە کە لە پیادەکردندا پێی پابەند بن. ئەم خاڵەشە کە ڕێگە بۆ یاسامەندکردنی ژیانی ئابووری و سیاسی وڵات خۆش دەکات. ئەم بنەمایە دەتوانێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە بکات و لە پرۆسەی تەکوین و گەشە و پێشکەوتنی خۆیدا ببێتە دەستوورێک کە هەم سەقامگیر بێت و هەم بەرگەی زۆر قەیرانان بگرێت.

پشکداریی چین و توێژی جۆراوجۆر و کەسانی دەرەوەی بازنەی حزبە دەست ڕۆیشتووەکان لەم پرۆسەیەدا بریتی دەبێ لە بەشداری کردنیان بە مەبەستی کارتێکردن لە سەر ئەو خۆێندنەوەیەی کە لایەنە سەرەکییەکان لەسەر بارودۆخ هەیانە. بە گوێرەی ئەو خوێندنەوەیەش بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەست نیشان دەکەن. واتە، ئەوە خۆێندنەوەی لایەنەکانە کە دەبێتە بابەتی گفتوگۆی زانستی لە مەیدانی دیباتی گشتی وڵاتدا.

لەو ڕوانگەیەوە، بە یەک گەیشتنی پارتی و یەکێتی و ڕاگەیاندنی چەند خاڵێکی پێکهاتن بە مەبەستی ئیدارەی وڵات دەتوانێ ببێتە خاڵی سەرەتا بۆ هەنگاونان بەرەو دانانی دەستووری جیددی لە هەرێمدا. هەر بۆیە ناحەزانی ناوچەیی و

نەیارانی ستراتیژیک هەموو توانای خۆیان بۆ ئەوە بە کار دێنن کە ئەم لە یەکتر نزیک بوونەوەیە سەر نەگرێت. لەبەر ئەوەی ئەوان دەزانن سەرگرتنی ئەم هەنگاوە ڕێگە بۆ گەشەی ژیانی مونەسیساتی و یاسایی لە هەرێمدا، کە کلیلی پێشکەوتنی ژیئۆپۆلیتیکی کوردستانە، خۆش دەکات. ئەم ڕێگە خۆش بوونەش کورد دەکاتە خاوەن هاوپەیمان و ئەگەر هاوپەیمانیشی هەبوو لە ژێر شەمشیری ناحەزان دەردەچێ.

هەروەها، دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە دەرگەیەکی بەرینتر بۆ کوردستان دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەو ئیمتیازە بەرچاوەی کە لە دەستووری عێراقدا بۆ کورد دیاری کراوە کەلکی زیاتر وەرگرین. بە جۆرێک ئەوە بسەلمێ کە یاساکانی هەرێمی کوردستان بەر لە یاساکانی عێراق دەڕۆن و بەم کارە تێنەگەیشتنی حکومڕانانی عێراق، کە فێدرالیزم بە لامەرکەزی و شۆڕکردنەوەی هەندێک دەسەڵات بە کەیفی خۆیان دەزانن نەک بە واتای دابەشکردنی دەسەڵات، ڕوون بێتەوە و لە تێگەیاندنی سیستەمی فیدراڵیزمدا دەستی باڵامان هەبێت. دواجار لە سەر بنەمای ئەوەی لە سەری ڕێککەوتوین دەتوانین بۆ ژیانی ئابووری و سیاسی خۆمان یاسا دابڕێژین.

٣١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ئێمە خاوەن داهاتووین

ڕوونە کە نەیارانی کورد لەگەڵ ئەو میللەتەدا لە شەڕێکی بەردەوامدان، ئەم شەڕەش جۆراوجۆرە؛ واتە، نەیاران لە لایەک لێی دەترسن، لە لایەکی دیکەش بڕیاریان داوە ئەم شەڕە بکەن. ئێستا، کارتی گەورەی بەردەستی نەیاران خولقاندنی قەیرانی داراییە لەم هەرێمەدا، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، تۆ بڵێی ئەوان قەیرانی دارایی کۆی دنیا نەبینن؟! تۆ بڵێی عێراق بتوانێ و بۆشی بلوێ، لە ڕووی داراییەوە، کوردستان زەمینگیر بکات؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان و پێگەی ژیئۆپۆلیتیکییەکەی، بۆتە بابۆڵەیەکی گەورەتر لە جاران، بۆیە قووتدانی بۆ نەیاران هێندەش ئاسان نییە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە شەڕەکە فرەڕەهەند و تەماوی بووە و تەنیا ڕەهەندی سەربازی و ئابووری نییە؛ بەڵکوو، یەکێک لە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەم شەڕە، بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵەیە (دیسئیفۆرمەیشن)، کە بە قسەی خۆیان "لەسەر بنەمای شیکردنەوەی زانستی و بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی هەڵە و لاڕێ" ڕێکخراوە.

ئامانجی سەرەکیی ئەم جۆرە شەڕە ئەوەیە کە کورد لە هەمبەر خۆی و کیانی خۆی بێ باوەڕ بێت. دیارە ئەگەر ناحەزان لەو کارەیاندا سەرکەون، ئیتر چیتر پێویستیان بە شەڕی دیکە نییە. چونکە لە ئاکامی ئەو جۆرە شەڕەدا کورد بە دەستی خۆی خۆی دەڕووخێنێت. ئێستا ئەم جۆرە پیلانە کاریگەرترین و ئاڵۆزترین ڕەهەندی ئەم جەنگەیە. لە هەمووی خراپتر ئەوەیە کە کەمخوێندەواران، و تەنانەت زۆر خوێندەواری کوردیش، دەکەونە ناو ئەو تەڵە و داوە. ئەوانەی بە تەحلیل و شیکردنەوەگەلێک، بە پێداگرییەوە، دەیانەوێ ئەم پەیامە بگەیێنن ئێران و لایەنگرانی ئێرانن. بەڵام با بزانین چەندە مەنتیقیان بڕ دەکات؟

بە پێی ئانالیزی شەڕە گەورەکان، زۆر جار دەڵێن بەر لە شەڕ دیارە کێ سەردەکەوێ و کامە لایەن تێک دەشکێت. بۆ نموونە، لە یەکەمین شەڕی جیهانیدا، ئەگەر سەرنج بدەینە بەراوردی تۆڕ و درێژایی هێڵی ئاسن و توانای دابینکردنی چەک و باری دارایی بەریتانیا لەگەڵ عوسمانی، ئەوا هەر لە دەستپێکی شەڕەکەوە دیارە کە کامە لایەن سەردەکەوێت و کێش تێدا دەچێ. بە وانە وەرگرتن و ئەزموون لەو مێژووە، ئێستا ئێران لەم قۆناغەدا، بە تایبەتی لە پرۆسەی ئەم شەڕەی دواییدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەک پشتیوانێکی سەرەکیی تیرۆر لە دنیادا دەناسرێت، دەوڵەتەکە پووک بووە و ئابوورییەکی وێران پێناسەی دۆخی گشتیی ئەو وڵاتە دەکات، هەرچەندە حکوومەتەکە کارتی کایەی زۆرە و توانای زۆر جۆرە کاری



سەرچاوە
Serchawe

تێکدەرانەشی هەیە، بەڵام، ئەگەر ورد بینەوە، پێشوەختە دیارە کە لەو شەڕانەدا کێ دەدۆڕێنێ و کێش دەیباتەوە. سەرەڕای ئەم حاڵەی خۆی، ئێران بەردەوام ئەم پەیامە لە کوردستاندا بڵاو دەکاتەوە کە گۆیا کورد حاڵی خەرابە و بەرەو ڕووخان دەڕوات. لە کاتێکدا بە پێچەوانەی ئێران و وڵاتانی دیکەی نەیاریش، کورد لە سی ساڵی ڕابردوودا بەرەو هەڵکشان ڕۆیشتووە؛ بە بەراوردێکی واقعیتر و دروستتر، کورد لە ئەنفال و کۆڕەوڕا گەیشتۆتە چوارچێوە و کیانێکی فێدراڵی لە عێراقدا و فێدراڵییەکەشی لەگەڵ دنیای پێشکەوتوودا ئاوێزانە. پێویستە ئەوە بزانین کە، وێڕای هەبوونی قەیرانیش، کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا میللەتێکە کە لە هەستانەوە و بەهێزبووندایە و لە بەرانبەردا دونیای ناحەزان پڕە لە ئاڵۆزی و قەیران و پاڕادۆکس لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی.

بە پێی ئەو لێکدانەوەیە، لەو هەلومەرجەدا ناسینی هەنگاوەکانی شەڕی دەروونی بۆ ئێمە زۆر گرینگە و لەویش گرینگتر ئەوەیە کە وریا بین تاکوو نەکەوینە ناو ئەو داوە. بۆیە دەبێ کورتبینانی ناوخۆییش پتر بیر بکەنەوە و بەخۆیاندا بچنەوە و نەبنە ئامرازی دەستی پیلانگێڕان و نەبنە هۆی خوڵقاندنی قەیرانی زیاتر لە هەرێمدا. هەروەها، بارودۆخی ئێستا ئەوە دەخوازێ کە یەکگرتوو بین. پێویستە سیاسەتی ئێستامان، لە هەموو ڕوویەکەوە، سیاسەتی دەورانی قەیران و بەڕێوەبردنی قەیران بێت، ئەم خاڵە گرینگە هەم بۆ نووسەران، میدیا و ئەحزاب خاڵێکی جێ سەرنج و جیددی و دروستە، هەم بۆ حکوومەت و سیاسەتدارێژانی هەرێم.

٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## مێپس؛ کۆنفرانسی ئاسایش و ئاشتی لە دهۆک: هەنگاوێکی پێویست و سیاسەتێکی دروست

کاتێک دنیا شلۆق دەبێ و نادڵنیایی ئاسایشی ڕووح و مێشکی هەموو لایەنەکان داگیر دەکات، جا چ دەنگ بکەین و نیگەرانییەکان دەربڕین یان بە بێدەنگی تەماشاچی ڕووداوەکان بین، دەستپێشخەری و پرۆئەکتیڤبوون خۆی سیاسەتە، هەرچەندە ئێمە ئاکتۆری زۆر کاریگەریش نەبین لە مەیدانی ئاڵۆزییەکانی ئێستادا، بەڵام لە بەر ئێستا و داهاتووی خۆمان ناچارین ئاکتیڤ بین.

بێدەنگبوون و ئاکتیڤنەبوون یانی بێسیاسەتی و لاوازی لە سیاسەت و سەرکردایەتیی میللەتدا، ئەوەش هەر دەتوانێ زیانی هەبێ.

بۆیە پێویستە دۆستان لە خۆمان کۆکەینەوە، خاڵە بەهێزەکانی خۆمان بخەینە ڕوو و هۆی پێویستیبوونی خۆمان لە سەر نەخشەی جیهان پێشان بدەین و بسەلمێنین.

ئەم خاڵە زۆر گرنگە نموونەی مێژووی ژاپۆن لە سەردەمی شەڕی دووەم و تورکیا لە سەردەمی تێکچوونی عوسمانیدا پێشان دەدا کە پێویست بوو سەرکوت بکرێن و لە یەک هەڵوەشێنەوە، بەڵام فەلسەفەی پێویستیی وجودی ئەوان لە سیاسەت و نەخشەی دنیادا هەردووکیانی پاراست و بەردەوامیی ژیانی بۆیان هەرچەندە بە گۆڕانکاریی زۆرەوە سەلماند، هەر ئەم پێویستییەش بووبە هۆی مانەوە و بەردەوامییان.

ئێمەش سەرەڕای هەموو کورتهێنانە مێژوویییەکانمان، دەتوانین پێویستیی بوونی کورد لە سیاسەت و نەخشەی جیهان و ناوچەدا بسەلمێنین و پەیامی دنیاپەسەندی خۆمان بگەیەنینە گوێی دۆست و هاوپەیمانان و بڕیاردەرانی جیهانی. پەیامێک کە پێشانی دەدات کە کورد خوازیاری ئاشتی، ئاسایش و گەشەی هەمەلایەنە و خوشگوزەرانییە. لەبەر ئەم هۆیانە کۆنفرانسی مێپس لە دهۆک هەنگاوی بەجێ و دەستپێشخەرییەکی باش بوو. کۆنفرانسی لەم جۆرە دیارە ساڵ لە دوای ساڵ دەتوانێ باشتر و پڕ ناوەڕۆکتر بێت، بەهەرحاڵ جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە ڕێکخەرانی بکرێت. لەڕووی تیۆری ئابوورییەوە سەبارەت بەم جۆرە کۆبوونەوانە بە گشتی بۆچوونێکی باش هەیە کە ئاندرش مالمبرگ،

پرۆفێسۆر لە جوگرافیای ئابووری پێش چەند ساڵێک باسی لێوە کرد. توێژینەوەی زۆری ساڵانی ٩٠ بەملاوە بە تایبەت لە زانکۆی بیزنێشی هارفارد لە ژێر سەرپەرشتیی پرۆفێسۆر مایکل پۆرتێردا، تیشکی هەمەلایەنەی خستۆتە سەر کۆمبوونەوەی برانچ و پیشەسازیی وێکچوو لە شوێنێکی دیارکراودا کە بە کۆمەڵگەکانی پیشەسازی ناوزەد کراون؛ هەر لە سەر هەمان شێوەی بیرکردنەوە، پرۆفێسۆر مالمبرگ ئەم جۆرە کۆمبوونەوە کاتییانە بە کۆمبوون و مجەمەعاتی کاتی (تێمپۆرێری کلاستر) ناودێر کردووە و پەنجەی خستۆتە سەر خاڵێکی گرنگ، بۆ ئەوەی کە گەورەترین سوودیان لێ وەدەست خەین، ئەووش بریتییە لەوەی کە لەو شوێنەوە کە تێیدا خەڵک کۆ دەبنەوە، بۆرییەکی گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ وڵات و شوێنی کاری خۆمان رابکێشین و کارییان لەسەر بکەین. چۆن ئەوەی دەکەین؟ هەر بەو جۆرە کە جۆرەها کۆمیتە بۆ ئامادەکاریی ئەم دانیشتنانە پێک دێت و چالاک دەبن و کار دەکەن، هەر بەو جۆرەش جۆرەها کۆمیتە بۆ گواستنەوەی زانیارییەکانی ئەو کۆنفرانسانە پێک بێت بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوە و ئەنجامەوەرگرتن لە گفتوگۆی کۆنفرانسەکان.

ئەگەر بڕیار بێ سوودی تەواو لەم کۆنفرانسانە وەربگرین، پێویستە کارەکانمان بەو هەنگاوەشەوە کامڵتر بکەین.

**٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٣**



سەرچاوە
Serchawe

## ئەوانەی خاوەن ژیانی بەهێزن دەبنە میللەتی بەهێز

هەر میللەتێک لە بەهێزترین تیۆری زانستی مرۆیی، واتا دێمۆگرافیک ترانزیشن، تێنەگات و بەپێی دێموگرافی بەرنامە و ستراتیژی پەرەپێدان دانەڕێژێت دەبێتە دۆڕاوی مێژوو. لە چەندین دەیەی ژیانی میللەتاندا پەنجەرەی دێمۆگرافیک جارێک دەکرێتەوە ئەو جارەش یا کەلکی لێ وەردەگرن یا ئەم دەرفەتە مێژووییە لە دەست دەدەن.

لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا قۆناغ و سەردەمێک بۆ میللەتانی جیاواز، بەپێی هێزی گەنجان لە ناو کۆی ڕێژەی دانیشتوانیاندا، دێتە پێش کە بە قۆناغی زێڕین و سەردەمی هەستانەوەی مێژوویی ئەوان هەژمار دەکرێت. لەو سەردەم و قۆناغەدا ئەو میللەتانە هێڵی ئاسن و ژێرخانی پیشەسازی، بە تایبەت پیشەسازیی قورس، و پیکهاتە و ستراکچری پێویست لە بواری بوروکراسی حکوومی و سیستەمی فاینانس و بانکداری و زانست و زانکۆ بینا دەنێن.

ئەو میللەتانەی لەو قۆناغدا هەلیان لەدەست دا بوونەتە دۆڕاوی مێژوو و ئەوانەی دەرفەتیشیان قۆستەوە بردیانەوە. ئێران نموونەیەکی بەرچاوە لە ناو دۆڕاوەکاندا و بە پێچەوانەشەوە چوار وڵاتانی پڵینگ ئاسای ئاسیا (کۆریای باشوور، هۆنگ کۆنگ، سیگاپوور و تایوان) نموونەی پۆزیتیڤ و براوەی ئەم بوارەن.

**ئەگەر لەو پەنجەرەیەوە لە گەشەسەندن بڕوانین و هەروەها ئەگەر ئەم بۆچوونە زانستیە بنەما بێت، ئەو دەم لێکەوتەکانی بریتی دەبن لە:**

- گەشەی سەرمایەی مرۆیی بە تایبەت لە ڕێگەی خوێندنی پیشەیی؛
- گواستنەوەی هێزی کار بۆ کاری بە بەرهەمهێنەرتر؛
- ئەم خاڵەی سەرەوە تەنیا بە دامەزراندنی کۆمپانیای ڕاستەقینەی بەرهەمهێنەر و داهێنەر دەکرێت؛
- بە مەبەستی هەڵێنانی ئەم هەنگاوانە گونجاندنی بارودۆخی یاسایی شتێکی گرینگ و پێویستە؛
- بۆ ڕێبەرایەتی ئەم ڕەوتە دەبێ دەوڵەتێکی بەهێز هەبێت؛
- دەوڵەتی بەهێز دەوڵەتێکە کە چوارچێوەی بازاڕ بپارێزێت تاکوو ئاکتۆرەکانی بازاڕ و سەربەستیی جوولەی بازاڕ تەزمین و مسۆگەر بکرێت؛
- ئەرکی گرینگی دەوڵەت نەهێشتنی مونوپۆل و قۆرخکاری و دابینکردن و سەربەست کردنی چالاکییەکانی ئابووریی خەڵکی

جیاوازە لە بازاڕدا؛

- دانانی ژێرخانی فیزیکیی پێویست بۆ هاتوچۆی خەڵک و شمەک لە پانتایی وڵاتدا؛

- ڕێبەرایەتی پەروەردە و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمپانیاکانی وڵات؛

- دامەزراندنی کۆمپانیای سەربەخۆی دەوڵەتی بۆ گەشەی هەموو بوارەکانی ژیان و وەجوڵەخستنی چالاکانی بچووکتری بازاڕ لە دەڤەری جیاوازدا؛

- دابینکردنی ئاسایشی مرۆیی و گرتنە ئەستۆی ئەمنیەتی خەڵک و دانیشتوان لە لایەن دەوڵەتەوە.

ئێستا کە کورد لە دنیایەکی ژیئۆپۆلیتیکی ئاڵۆزدا دەژێت و ڕەنگە بەرگی هەرە بەهێزی دیاریکردنی چارەنووسیشی هەر لە مەیدانی ژیئۆپۆلیتیکدا بێت، گرینگە ئەوە بزانین کە بەهێزترکردنی ژیانی میللەت سەرچاوەی هێزە، تەنانەت لە قورسایی سەنگی ئێمە لە دنیای ژیئۆپلیتیکیشدا خەڵک ڕۆڵ و دەوری کاریگەر و گرینگیان هەیە. واتە لە کیس نەدانی هەلی دێموگرافی دەبێتە هۆی بەهێزترکردنی دۆخی ژیئۆپۆلیتیک. لەو ڕوانگەیەوە، گرینگە سیاسەتی کوردی ئەم بابەتە سەرەکییە بکاتە بەردی بناغەی ستراتیژی خۆی کە پشت نەکردنە لە یەکتر. بە واتایەکی زۆر سادەتر، ئەگەر ماڵ و نان هەبێ و ژیانێکی پەسەند هەبێ هەموو کەس ئامادەن بەرگری لە خاکەکەیان بکەن، دەنا، بەگوێرەی ئەزموون، زۆر لە میللەتان پێچەوانەکەی نیشان دەدەن. ئەم ڕاستییە بە دروشمان ناگۆڕدرێت.

٣١ی دێسەمبەری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

**بابەتی ساڵی............ ٢٠٢٤**

## بنەماکانی داڕشتنی دیپلۆماسیی میللەتان

وڵاتان لەسەر دوو بنەما یان لە یەک نزیک دەبنەوە، یان دوور دەکەونەوە و دیپلۆماسی و میکانیزم و بریوکراسیی دیپلۆماسییش ئەم ڕەوتە ئیدارە دەدات و دەبێتە ئێجێنت و بکەری ئەم مەیدانە.
ئەم دوو بنەمایە بریتین لە بەهاکانی جێبڕوای لایەنەکان و بەرژەوەندییەکانیان کە ئەگەر هاوتەریب بن، دەبنە دوو وڵاتی هاوکار و ئەگەریش دوور بن، دەبنە دوو وڵاتی نەیار و دوور لەیەک، هەر دوو بابەت بابەتی دیراسە و لێکۆڵینەوەی بەردەوامن.
بەهاکان لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا جێگیر نین و بەردەوام لە گۆڕاندان، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی گەشە و ئاڵوگۆڕی بەهاکانی وڵات و کۆمەڵگای مەبەست، پێویستە بەدواداچوون و دیراسە بکرێن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ئۆرگان و مێکانیزمی گونجاو هەبێ، دەنا لێیان تێناگەین.

کە دەگاتە سەر بەرژەوەندییەکان، گرینگە بزانین کە بەرژەوەندییەکان لە سەر بنەمای خوێندنەوەیەک دادەرێژرێن و تێگەیشتن لەو خوێندنەوانە یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی کە لە پێناسەی وردی بەرژەوەندییەکان تێبگەین. ئەم کارەش خۆی ئەرکێکی گرینگی برۆکراسیی دیپلۆماتیکی وڵاتانە کە پێویستە چەندین ئۆرگان و ناوەندی جۆراوجۆری لێکۆڵینەوە کاری لە سەر بکەن.

خاڵی کۆتایی لەم باسە کورتەدا ئەوەیە کە هەردوو بوارەکان پێویستیان بەوەیە کە پشت بە زانست ببەستن، بۆ درکی ئەم ئەسڵەش پێویستە قبووڵی ئەو لۆجیکە گشتگیرە بکەین کە تەنیا ئەو کاتە کە زانست ڕێک دەخرێت، دەبێتە هێز و ئەگەر ڕێکخراو و بیرۆکراسیمان هەبێ کە بەری بێ لە زانست، بروکراسی و ڕێکخستن دەبنە دەزگایەکی تێکدەر و وێرانکەر. بۆیە تەنیا ڕێگای بەرەوپێش، پیادەکردنی سیاسەتی پشتبەستوو بە زانستە.

٢٩ی جانێوێری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئینکاری خۆ، لە گفتوگۆی کوردیدا

ساغبوونەوە لە سەر داوای خۆت و پوختکردنی داواکە وەک ستراتیژی، بە واتای ئەوەی خوازیاری وەدەستی بێنی، قۆناغێکی گرینگی هەنگاوهەڵێنانە بەرەو رزگاری.

یەک لە ئەرکە سەرەکییەکانی نەیاران ئەوەیە کە قەناعەتمان پێ بێنن کە ئەوەی ئێمە ئارەزووی دەکەین مومکین نییە، بۆیە پێویستە لەگەڵ ئێمەدا بن، زۆر توندەکانیان دەڵێن هەر نابێ و نەرمەکانیشیان دەڵێن لەگەڵ ئێمە بن و پێکەوە دەژین واز لەو خواست و خەیاڵاتە بێنن، سەر ناگرێ.

بۆیە ئەگەر هەر جۆرە گۆتارێکی توند و نەرممان لە نەیاران گوێ لێ بوو، نابێ پێمان سەیر بێ و کورد گۆتەنی هەتا بنی خەتەکەی پێویستە بیخوێنینەوە کە مەبەست چییە.

کاتێک بۆخۆمان ئیسبات و دەلیل دێنینەوە کە کاکە سەرناگرێ و گۆتاری رزگاری دەشێوێنین، پێویستە بزانین کە لە رزگاری خەریکین دوور دەکەوینەوە.

ئێمە براین، چارەسەری پرسەکەمان هەر لە لای نەیاراندایە، خۆ بۆ خۆمان پێمان ناکرێ، جارێ با داوای شتی کەمتر بکەین وەک ئەوە بێ کە نەیاران نازانن ئێمە چیمان دەوێ!!

بۆیە ئەوان ستراتیژیک بیر دەکەنەوە و عەمەل دەکەن، ئێمەش بە سیاسەتی رۆژانەوە سەرقاڵ دەبین.

ئەگەر هاتوو وازمان لە پرسی خۆمان هێنا و چارەسەری ژیانی رۆژانەی خۆمان نەک وەک میللەت بەڵکوو وەک گروپ و کەس بەستەوە بە نەیاران و ئەوەمان لێ بوو بە سیاسەت و باوەر، حەتمەن دەبێ بزانین کە لە ئامانج دوور دەکەوینەوە.

ئێمە لە هەر جۆرە رێکخستنێکی جۆگرافیایی و سیاسیدا بژین کە هەلومەرج بۆمان دەرەخسێنێ سەرەوەریی ئینسانی کورد لە بەرێوەبردنی ژیانی ئابووری و سیاسی خۆیدا پێویستە بە بنەمای هەنگاوەکانمان دابنێین.

ئەگەر سیاسەتی رزگاریی ئێمە مەودای نێوان ئێستا و داهاتووی سەربەستمان بۆ پڕ دەکاتەوە پێویستە ئەو سیاسەتە لە سەر بنەمای سەروەریی ئینسانی کورد، لە هەر مەرحەلەیەکدا بینا بنرێت. ئەگەر بێت و واز لەم ئەسڵە لە سیاسەتی رۆژانەدا بێنین لە ئامانج دوور دەکەوینەوە.

ساڵێک بەر لە راگەیدانی سەربەخۆیی ئامریکا دەنگی پێویست بۆ بەرەنگار بوونەوە و رزگاری لەلای میللەتی ئامریکادا نەبوو، رزگاریخوازان دەستیان بە نووسین و ئاراستە کردنی بیری گشتی کرد کە بە نامەکانی فێدرالیستەکان ناوزەد کراوە و لەو ماوە کورتەدا مایند سێت - و بیری گشتی بە قازانجی رزگاریی گۆردرا. بۆیە ئاراستەکردنی بیری گشتی و ساغبوونەوەی خەڵک بە قسە و بە کردەوە فاکتۆرێکی گرینگی رەوتی رزگارییە.

هەموو سیستەمێک براوە و دۆڕاوی هەیە، پۆپۆلیزم دەبێتە قسەکەری ئەو دۆڕاوانە جا چ لە چەپدا بێت یان راستی سیاسەتدا.

بۆیە لە ئێستای کوردستاندا کە وڵاتێکە لە حاڵی گەشەئەستاندندایە، سەیر نییە کە براوە و دۆڕاو لە ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریدا بە ئاشکرا وەبەرچاو بکەوێ، هەر بۆیەشە کە پۆپۆلیزم جێ و پێگەی هەیە، بەڵام مەترسیی گەورە ئەوکات ڕووبەڕووی سیاسەتی گشتیی وڵات دەبێ کە ئەم پۆپۆلیزمە لەبەر کوالیتی نزمی خوێندەواری، بێتە نێو حیزبە کاریگەرەکانیش.

ئەو دەم سیاسەت بریتی دەبێ نەک لە کار و کردەی جیددی بۆ چارەسەری یەک لە دوای یەکی کەمایەسییەکان، بەڵکوو دێتە سەر پرسی کورتمەودای رۆژانەی ژیان بە بێ بەرچاوروونیی ستراتێژیک.

لەم جۆرە سیاسەتەش خەڵک لە مەودای کەمدا ماندوو دەبن و قسە و دیالۆگی بەڕێوەبەرانی وڵات لەگەڵ خەڵک لە وشکی دەدات و ڕێگا خۆش دەبێت بۆ بێمتمانەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە خۆی ڕووخێنەرێکی بەهێزی ستراتێژی رزگارییە.

دیسکۆرسی سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵات (بە واتای گوتار و کردەوە) پێویستە بنەمای ستراتێژی هەبێ یانی بۆ هەموو بوارەکان بە شێوەی درێژخایەن و بە هەبوونی قەناعەتی جەمعییەوە هەنگاو هەڵبێنرێت.

سیاسەتکردن بەم جۆرە هەم، پێش لە گۆتاری ئینکاری خۆمان دەگرێت و هەمیش کورتخایەنبوونی چارەسەرییەکانی پۆپۆلیزم کە گرێنەدراون بە ستراتێژی رزگارییەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێ و مەیدانی سیاسەتی بۆ تەنگ دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

هاوکات پێویستە کە سیاسەت بە ئەرکی خۆی بزانێ کە ڕێژە و ژمارەی ئەوانەی دۆڕاوی بارودۆخی ئێستا و داهاتوون (بەتایبەت گەنجەکان)کەمی کاتەوە .پشتبەستن بە زانست بۆ داڕشتنی سیاسەت دەتوانێ هەنگاوێکی گرینگی خۆ تەیارکردن بێت لە گشت بوارەکاندا.

دەبێ هەر چەندساڵ جارێک بتوانین بڵێین دەستمان خۆش ئەم بوارەمان چاک بینا نا.

با بیر کەینەوە و هەر چەندساڵ جارێک بتوانین سەبارەت بە بوارێک لە بوارەکانی ژیان وا بڵێین.

۸ی فێبریوێری ۲۰۲٤

# بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک پۆلا نانەوازادە

## دەرسی ژیان

وێڕای سەرەخۆشی لە هەموو لایەک، سوپاسی ئێوەی ئازیز دەکەم کە بۆ ماڵئاوایی یەکجاری لە کاک پۆلای نانەوازادە تەشریفتان هێناوە. ڕاستیەکەی کۆچی کاک پۆلا دەرسێکی گەورەی ژیانە و جێی خۆیەتی لەو یادەدا ئەو دەرسە بکەینە سەرمەشقی ژیان. ئەوەی لە مرۆڤ بەجێ دەمێنێ دەرسە؛ ئەو دەرسەش, تێگەیشتنە لە هەبوونی ویستێک. ژیان بەگوێرەی ئەو ویستە بریتییە لە هەبوونی ئامانج و هەموومان لە سەر بنەمای ئەو ئامانجە دەژین. لە ڕاستیدا ئەو ویستە دەمانکاتە ئەو جۆرە ئینسانەی کە لە ژیاندا هەین.

کاک پۆلا لە ناو هەموو ڕەگەکانیدا ویستی ئازادی و ڕزگاری بەوپەڕی باوەڕەوە هەبوو؛ وەک چۆن کەسێک لە حاڵی خنکاندا بە هەموو هێز و تواناوە ویستی ئەوەی هەیە هەناسەیەکی دیکەش هەڵمژێ بۆ ئەوەی نەمرێ؛ ئەوە یانی ویستێکی بەهێز. ئەگەر ویست بەهێز بوو بە پێی هێزی ئەو ویستە دەژی.

کاک پۆلا وەک ئەو کەسەی کە لە حاڵی خنکاندایە بە دڵ و بە گیان ویستی ڕزگاری و ئازادیی کوردستانی بە هەموو توانایەوە هەبوو. ئەگەر ئەو ویستە «پۆلا»یینەت هەبوو ڕۆژانە بۆ ڕزگاری و ئازادیی وڵاتەکەت بەوپەڕی هیمەتەوە دەژی. ئەگەر ڕۆژانە لە پێناو ڕزگاری و ئازادیدا ژیای ئەو کات دەبیە کەسایەتییەکی ڕاست و ڕاستگۆ؛ ناتوانی ناساغ بی؛ دۆست و ئاشناکانی خۆت خۆش دەوێن؛ کەمایەسی و وردە هەڵەی ڕۆژانە بەری ئاسۆت لێ لێڵ و شلوێ ناکەن؛ هەموو کەسێک لە یەکتر نزیک دەکەیەوە؛ ناتوانێ ببیە هۆی دەهۆ و گێچەڵ؛ وڵات و خەڵکت خۆش دەوێن و بەو جۆرە دەبیە کەسێکی بەننا.

پۆلا نە سەرکردەی حزبێک بوو، نە کاربەدەستێک بوو و نە سەرمایەدارێکی گەورەش بوو، بەڵام لە ناو دڵی خەڵکدا دەژیا و قەت نەماندی کەسێک لێی زیز بێت. ئەو بە شێوازی ژیان و کەسایەتییە سالمەکەی سەلماندی کە: بە ویستی ڕاستەقینەی ڕۆژانە لە پێناو ڕزگاری و ئازادیدا، پەیامی ژیان و چۆنیەتی ژیان لە ناخ و دڵدا جێ دەگرێت. بەڕاستی ژیان و مەرگی پۆلا فێری کردین کە ویستی ڕزگاری و ئازادی لە ناو ژیانی ڕۆژانەدا کلیلی یەکبوون و کردنەوەی دەرگەی دڵانە، هۆی بەهێزبوون و مایەی مانەوەیە و چرای ڕووناکی و ئومێدی داهاتوویەکی گەشە. پێویستە هەموومان سوپاسی پۆلا بکەین کە بە ژیان و مەرگی خۆیەوە، فێری ئەو وانە پیرۆزەی کردین.



سەرچاوە Serchawe

کۆچی پۆلا بۆشاییەکی گەورە و بەرچاوە کە دڵنیام هەموو کەس ئەو کەلێنە گەورەیە دەبینن. ئەو بەو تەرزە ژیا و وای کرد لە کاتی مەرگیشدا جگە لە شار و دێهاتەکانی موکریان زۆربەی شارەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش تازیەبار بن. تەنانەت ئەوانەی لە نزیکیشەوە نەیاندیبوو بۆ کۆچی ئەو رۆندک دەرێژن. کەسایەتی بەرزی پۆلا وای کرد لێرەش هەموو کەسێک لە تەنشیت مەردان و سۆشین و مریەم خانمدا وەک خاوەن تازیە ڕاوستن. بە کۆچی داویی ئەو کۆمەڵگەی کوردی لە ناوخۆی وڵات و ڕەوەندی کوردی لە هەندەران هەمووی هەر شینیانە.

سەفەری ئاخرت خێر بێ کاکە. ڕاستە لە نێوماندا نەمای، بەڵام هەمیشە جێگەت لە ناو دڵماندایە و یادت هەر بە بەرزی دەمێنێتەوە. قەت لە بیرێت ناکەین. سەری مەردان و سۆشین و مریەم خانم و دۆستانت ساغ بێ، سەری نیشتیمان و مەهابادت بەرز بێ. لەو خەوە ئەبەدییەدا ئارام بنوو، هەر لە دڵ و دیدەماندای. یادیشت مایەی یەکگرتوویی و یەک دڵی، خۆشی و برایەتی و سەفای کوردانەیە. خۆت و گۆڕە پیرۆزەکەت ماچ دەکەم کاکە.

٢٩ی فێبریوێری ٢٠٢٤

## دیتنی فرەڕەهەندییانەی پرسەکان

یەکەم لە شاری خۆمانەوە تەماشای پرسەکان دەکەین و دووهەم لە دەرەوەڕا پرسگەلی شارەکەمان دەبینین. بۆ شیکردنەوەیەکی تەواو پێویستە ئەم دوو ڕوانگەیە تێکەڵی یەکتر بکەین بۆ ئەوەی دەرئەنجامەکان لە ڕاستی نزیکتر بیننەوە.

هەروەها پێویستە فاکتۆری نەگۆڕ و ئەو فاکتۆرانەی کە بەردەوام لە گۆڕاندانە لە یەکتر جیا بکەینەوە و بشزانین کە چ شتێک نەگۆڕە و کام فاکتۆریش بەردەوام لە گۆڕاندان. ئەوەش دەستنیشانی بکەین کە کامە شت دوورە ڕوو بدەن و کامیان ئەگەری ڕوودانیان هەیە.

دەبێ سیاسەتی ڕۆژانەی نێوخۆیی وڵاتان لە سیاسەتی درێژخایەنی دەرەوەی وڵاتانەوە جیا بکەینەوە. لە هەمووی گرینگتر دەبێ لە پڕۆسەی کارکردنمان لەگەڵ ئەم پرسانەدا کەسانی پسپۆڕ و زانا بەشدار بکەین نەک ئەوانەی کە بە تەنیا وەفاداریی سیاسییان هەیە، هەرچەندە مەرجی وەفاداری بۆ کادرەکان پێویستە بەڵام مەرجی کافی نییە.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە قورسانە پێویستە خەڵک و ناوەندی تایبەت تەرخان بکەین و بزانین کە ئەو کارانە بە یەک کەس و دوو کەس ناکرێن.

پێویستە بۆ تێگەیشتن و داڕشتنی ئەولەوییاتی ئێستامان هەوڵ بدەین و سیناریۆکانی مومکینی چەند ساڵی داهاتوو بخوێنینەوە. بۆ نموونە دەبێ بپرسین کە لە واری جیاوازدا ساڵی ٢٠٣٠ لە کوێدا دەبین و هەتا ئەو کات چیمان پێدەکرێ و چ شتێک کردەبیە؟

دەبێ هەوڵ بدەین سیاسەت لە دیاردەیەکی ڕۆژانەوە بکەینە بەشێک لە نەخشەڕێگەی ژیانی گشتمان تاکوو توانای پێشبینی داهاتوومان (predict ability) هەبێ و بەم شێوازە ژیانی ڕۆژانە ئاسانتر بکەینەوە.

دەبێ لە پڕۆسەی کاردا لەجیاتی جوانترکردنی سیمای سیاسی خۆمان بیر لە ژیانی واقعیی خەڵک بکەینەوە و بزانین کە ژیانەیان بەرەو باشتر دەڕوات یا بەرەو خراپتر؟

٢١ی مارچی ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ناچارین بیر بکەینەوە

مەڕاسیمی پەردەلادان لە سەر بەرهەمی پڕ بایەخی مامۆستای بە توانای کورد، کاک سەلاح پانیانی، کە زۆر گرینگ و پڕ ناوەرۆک بوو، وێڕای دەستخۆشی و شانازی، وامان لێدەکات بە قووڵی بیر لە فەرهەنگ و سیاسەتی فەرهەنگی بکەینەوە.

کاتێک دەبینین کە بۆ "فەرهەنگی زارەکیی موکریان" چ ماندووبوونێک لە لایەن تاکە کەسێکەوە کراوە و ئەو کارە گرینگە بە کتێب هاتۆتە ناو شار و هەموو نووسەر و فەرهەنگ دۆستان بەهرەی لێوەردەگرن، ئەو کات دەزانین کە ئەو کارە گەورەیە کاری حکوومەتێکە، بۆیە ئەگەر وڵاتەکەمان سەروسامانێکی باشتری هەبووا دەبوو بە پشتیوانیی دەوڵەت و چەندین کەس و دامەزراوەی تایبەت ئەو کارە مەزنە کرابا.

لێرەدا پێویستە لە خۆمان بپرسین، ئایا تەنها گواستنەوەی ئەم فەرهەنگە زارەکییە بۆ نێو کتێب و کتێبخانە و شار تێری سیاسەتی فەرهەنگی دەکات؟ ئایا ئەو کارە دەبێ تەنیا ببێتە مایەی ئێلیتەکان؟ وەڵام ئەوەیە کە ئەرکی سیاسەتی فەرهەنگییەکی چالاک و زیندوو هەر ئەوەندە نیە. سیاسەتی فەرهەنگی جگە لە پاراستنی ئەو فەرهەنگە زارەکییە لە شوێن و جێی خۆیدا، دەبێ مەرجەکانی ژیان بۆ ئەم فەرهەنگە و هەڵگران و نووسەرانی ئەم فەرهەنگە دابین بکات تاکوو بتوانن لە شوێنی خۆیاندا بە پایداری بمێننەوە و بە شێوەیەکی ئۆرگانیک و سروشتی نەشەونما بکەن تاکوو فەرهەنگ و هەڵگرانی و وڵات دەست لە ناو دەستی یەکتردا گەشە بکەن.

ئەم پرسیارانە دەمانهێنێتە سەر دەرئەنجامێکی گرینگ و پێمان دەڵێ هیچ بەشێکی ژیان و سیاسەتی میللەتێک دوورگەیەکی تەنیا نییە، بەڵکوو ئەندامێکی گرینگ و پێویستی لەشێکی گەورەتری ژیانی میللەتە. کاتێک بیر لە پاراستی فەرهەنگی زارەکی لە شوێن و زێدی خۆیدا دەکەینەوە و سەرنج دەدەینە مان و پارێزراوبوونی هەڵگرانی ئەو فەرهەنگە و هەروەها گەشەی ژیانی ئابووری و سیاسی و سەقامگیری و ژینگەی پارێزراوبوونی هەڵگرانی ئەو فەرهەنگە بە هەند دابنێین ئەوە شێوە بیرکردنەوەیە دەمانگەینێتە ئەو ڕاستییەی کە پێشمەرجی گشت ئەم شتە پۆزێتیڤانە بریتییە لە گرێدانی سیاسەتی فەرهەنگی لەگەڵ هەموو بەشەکانی تری سیاسەتی ژیانی میللەتان.

کاری فەرهەنگی و ناوەرۆک و ئەرکی سیاسەتی فەرهەنگی دوو شتی لە یەکتر دوور و جیاوازن. ئەوانەی سیاسەتی فەرهەنگی و گەشەی فەرهەنگی وەک ئامرازێکی کاریگەری گەشەی وڵات بە شتێکی موجەڕەد دەبینین، تێگەیشتنە هەڵەکەیان



سەرچاوە Serchawe

کاتێک دەردەکەوێ کە فەرهەنگ لە هەموو ئەندامانی تری ژیان و سیاسەتی میللەت جیا بکەنەوە و ڕزگاری میللەت تەنیا لە گەشەی فەرهەنگ و پیادەکردنی سیاسەتی فەرهەنگیدا ببینن. دروستەکەی ئەوەیە کە هیچ بەشێکی سیاسەت لە بەشەکانی تر جیا و دوور و تەریک نییە. ئەگەر قەرارە فەرهەنگ و سیاسەت و ژیان بۆ خەڵک بێ دەبێ ئەوەش بزانین کە خەڵک چۆن دەژین، بە کامە فاکتۆر ژیانیان دامەزراو و بەردەوام دەبێت تاکوو بتوانن لە سەقامگیریدا گەشەی ئۆرگانیک بە فەرهەنگی زارەکی و غەیرە زارەکی خۆیان بدەن.

٢٢ی مارچی ٢٠٢٤

# نەزمی کۆمەڵایەتی لە پێشدا

ئەوەی جیلی ئێمە، وەک مۆدێلی ئیدارەی وڵات، بە ڕێگەی خوێندنەوە فێری بووە بریتییە لە سیستەمێک کە پێی دەگوترێ دیمۆکراسی نوێنەرایەتی. لە ناو ئەو سیستەمەدا نەک هەر لایەنە جیاوازەکانی دەسەڵاتی ئیدارەی وڵات لە یەکتر جیاوازن، بەڵکوو بە مەبەستی ئیدارەدانی وڵات بروکراسییەکی پان و بەرینیش بۆ ڕاپەراندنی ئەرکەکان پێویستە. ئەم بروکراسییە کێردێکی دوو سەرە. واتە، هەم پێویستە و هەم لەبەر ئەوەی زۆرینە بە هەڵبژاردن نایێنە سەر کار، ئەو پێگەیەی کە هەیانە دەبێتە مەترسی لە سەر ئازادیی تاک لە ناو کۆمەڵگەدا.

بە کورتی لەو کەشەدا ژیانی ڕۆژانەت دەکەوێتە بەردەستی کەسانێک کە نەک هەر تاکی هەڵبژێردراو نین، بەڵکوو زۆر جار بڕیاری قورستر لە خۆیان بەدەستەوەیە. خاڵی سەرەکی ئەم باسە لەبارەی دیمۆکراسی نوێنەرایەتییە، واتە وڵات بە ڕێگەی نوێنەرانەوە ئیدارە دەکرێت. بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرانیش پێویستە هەڵبژاردن بکرێت. کاتێکیش هەڵبژاردن دەکرێ پێویستە نوێنەرانی تازە بێنە سەر کار. ئەو کەسانە هەن کە هەوڵیان داوە ئەو ئالوگۆڕی نوێنەران بکەنە پێوەر بۆ ئەوەی بزانن وڵاتێک بۆتە خاوەن سیستەمی دیمۆکراسی یان نا.

ئەم جۆرە سیستەمە خاوەن پشتیوانەیەکی ئابوورییە. دامەزراندنی ئەم سیستەمە بۆ هەموو ئابوورییەک دەست نادات. دەبێ ئابووریی وڵات گەیشتبێتە ئاستێک کە تێیدا خەڵک لە دەوڵەت بێ نیاز بن. واتە خەڵک لە ئاکامی کار و چالاکیی ئازادانەی خۆیاندا دەستیان بگاتە زاریان و بەو جۆرە بووبنە هاووڵاتی سەروەر و سەربەخۆ(Sovereign Citizen) ، نەک هەر دانیشتووی وڵاتەکە بن. ئەو کات میللەتی جیاواز دەگەنە ئاستێک کە بتوانن سیستەمی ئاڵۆزی ئیدارەی وڵات دابمەزرێنن.

تایبەتمەندیەکی تری ئەم سیستەمە ئەوەیە کە بەر لە هەڵبژاردنەکانی چەند ساڵ جارێک و دابەشبوونەوەی ئیدارەی وڵات بە دەسەڵاتی جیاوازەوە بڕیار و سیاسەتەکان لە دەستپێکی پرۆسەی سیاسەتکردندا دیار نابن. واتە، کاتێک باسی پرسێک دەکرێ، ئەو پرسە دێتە ناو پرۆسەی سیاسی و بڕیار و دەرئەنجامی ئەو پرۆسەیە لە دەستپێکدا دیار نییە. پێویستە یاسای بنەڕەتی وڵات ئەو نادڵنیاییە ساختاری و پێکهاتەییە لە سیستەمدا بگونجێنێت.

لە وڵاتانی گەشەنەسەندوودا، لەبەر نەبوونی هیچ کام لەو مەرجانەی سەرەوە، پرسی چەساپاندنی سیستەمی دیمۆکراسی



سەرچاوە Serchawe

وەک خاڵی سەرەکی و ئەولەوییەتی سیاسەتی وڵات کار و هەنگاوێکە کە تەنیا شیرازەی کۆمەڵگە زیاتر تێک دەدات و ئەوەی هەشە وێرانی دەکات.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئەرک و ئەولەوییەتی وڵاتانی گەشەنەسەندوو چییە؟ وەڵامیش ئەوەیە کە، ئیدارەی ئابوورییەکی زیندوو و چالاک و دوور لە گەندەڵی ئێلیتەکان و دابینکردنی هەلی کار و ژیانی ڕاستەقینە ڕێگەی سەرەکیی بەردەم ئەم میللەتانەیە هەتا ئەو کاتەی دۆخی سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتی و زانستییەکەیان بتوانێ سیستەمی خۆی کامڵ و تۆکمەتر بکات.

بە ئامانجی هەنگاونان بەرەو ئەم سیاسەتە ئێلیتی دەسترۆیشتووی وڵات دەتوانن بۆ دابینکردنی لانی کەمی ئەزمێکی کۆمەڵایەتی بسازێن، تاکوو بەرچاوی خەڵک لەمەڕ یاساکانی باری کۆمەڵایەتی خۆیان ڕوونتر بێت. سیاسەتێک کە لە وڵاتاندا، بە تایبەت لە وڵاتانی گەشەنەستاندوودا، پیادە دەکرێت لێکەوتی سازانی نێوان بەرژەوەندییەکانی ئیلیتی جیاوازی دەسترۆیشتووە کە دەبێتە هۆی جێگیربوونی ئەزمێکی کۆمەڵایەتی؛ ئەمەیان زۆر جیاوازە لە چەمک و مەفهوومی کۆنتراکتی کۆمەڵایەتی. ئەوەیان هی وڵاتانی تێرە، ئەویش ئەگەر بکرێت.

٥ی ئەپریلی ٢٠٢٤

## بەرگری لە سەروەریی

ڕەوتی ڕزگاری، بەم جۆرەیە کە یان میللەتان سەروەریی دەرەکییان بۆ دابین دەبێ و دواتر لە سەر ئەم بنەمایە سەروەریی نێوخۆییان گەشە پێ دەدەن، یان بە پێچەوانەوە کامڵبوونی سەرەوەریی نێوخۆیی دەبێتە هۆکاری چەسپاندنی سەروەریی دەرەکییان.

ڕەوتی ئێستای هەرێم بریتییە لەوەی کە سەروەریی دەرەکیی دانپێێنراومان نییە و بۆ ساڵانێکیش ڕەنگە نەمانبێ، هەرچەندە پێوەندی بەهێزی دەرەکیی باشمان هەیە.

ئێستا پتەوکردنی سەروەریی نێوخۆیی، مەیدانی سەرەکی سیاسەتی کوردییە.

ئەوەی لەم ماوەیەدا دیتمان بریتی بوو لەوەی ئەم سەروەرییە نێوخۆییەی کورد کەوتۆتە بەر هێرشی ئێران و عێراقەوە و هەروەها بەشێوەی درێژخایەن و ناڕاستەوخۆ لەلایەن تورکیاشەوە.

ڕاوستان بەرانبەر بە بڕیارگەلی دادگا و دیزاینی سیاسەت لەلایەن ئێران و بەغداوە، بەرگرییە لەم سەروەرییە نێوخۆییە کە کەوتبووە بەر هەڕەشە و هێرشی بەغدا و ئێران.

ئەرکی سیاسەت بە پلەی یەکەم بریتییە لە پاراستن و کامیلکردنی سەروەریی نێوخۆیی کورد، ئەمە پێوەری هەڵسەنگاندنی سیاسەتی حکوومەت و پارتەکانە لە ئێستادا.

١٨ی ئەپریلی ٢٠٢٤

## سنووری هەڵسوکەوتی سیاسی

بەردەوام ئەوەمان دیوە کە چ لە ناوخۆی وڵاتدا و چ لە ناوچەدا و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا، هەندێک سنوور بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی، ڕێککەوتنی یاسایی یان ڕێککەوتنی بێدەنگیان لەسەر کراوە.

پارتەکانی دژبەیەک هەندێک سنوور لە هەڵسوکەوت بەرانبەر یەکتر دیاری دەکەن و بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەجووڵێنەوە. لەنێوان دەوڵەتانیشدا وایە؛ دەتوانن دژی یەکتر بن، یان کێشەی ستراتیژییان هەبێ، بەڵام هێندێک سنوور هەن نایبەزێنن.

لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەت لە دەورانی شەڕی سارددا، دیتمان چۆن یەکێتیی سۆڤییەت و بلۆکی ئەمریکا، هێندێک سنووریان بۆ خۆیان دانابوو و لە ماوەی حەفتا ساڵدا دنیا بەبێ وێرانکاریی گەورە ئیدارە درا.

ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ ـەوە لە ناوچەی ئێمەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر تۆخ دەبێتەوە، بەزاندنی ئەو سنوورانەیە. شەڕی ئەمدواییەی ئێران و ئیسرائیل و شێوەی هەڵسوکەوتی ئێران لەگەڵ عێراقدا، نیشاندەری ئەوەیە کە ناوچەی ئێمە بەرەو ئاڵۆزیی زیاتر دەڕوات؛ هەر لەبەر پابەندنەبوون بە هیچ سنوورێکی یاسایی یان بێدەنگ.

ئەم خاڵە بۆیە گرینگە، بزانین ناوچە بۆ ساڵانێک بەرەو شەڕ و ئاڵۆزی دەڕوات و لە دەورانێکی لەم جۆرەدا قەناعەتپێهێنان و نەرمینواندن ناتوانێ ببێتە سیاسەتێکی وەڵامدەرەوە، بەڵکوو ئەوەی چارەنووسی هاوکێشەکان دیاری دەکات، توانا و هێزی پێشپێگرتنە Deterrence (ردع)؛ کە لایەنێک هەست بەوە بکات تێچووی هەڵسوکەوت لە دەرەوەی سنووری قبووڵکراو زۆر دەبێ.

بۆیە پرسیار بۆ سیاسەت لە بەرانبەر دەستدرێژییەکاندا بریتی دەبێ لەوەی کە داخوا هێزی پێشگیریمان هەیە یان نا؟ بۆ وەدستهێنانی ئەو توانایە پێویستە کامە هەنگاو هەڵبێنین.

٢٧ی ئەپریلی ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## گرفتی سیاسەت دیاریکردنی ڕێگەیە نەک دیاری کردنی ئامانج

نەبوونی باوەڕ بە ژیانی مەدەنی و پلورالیزم و توانای خۆیی ڕێگە بۆ سیاسەتی ڕووخاندن دروست دەکات. ئەم ڕوانگەیە لە سەر ئەو پێیە دەوستێت کە دەبێ هەموو پرۆسەیەکی گەشەی ڕابردووی کۆمەڵگە و دەستکەوتەکانی نادیدە بگیرێت و بۆچوونی وایە کە دەبێ گشت بوارەکان لە خاڵی سفرەوە دابڕێژرێنەوە. بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەش ئەوەی کە ئێستا هەیە پێویستە بڕۆخێت. ئاکام دەبێتە ئەوە کە بەستێنی ژیانی مەدەنی بەجێ بهێڵین و لە دەرەوەی شارەکاندا خۆمان ڕێک بخەینەوە و بۆ ڕۆیشتن بەرەو ڕووخاندن ئامادە بین.

ئەم خاڵە لە نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و ڕێکخراوە تێرۆریستیەکان و تەنانەت ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی لادییشدا خاڵێکی هاوبەشە. ئەگەر بزووتنەوەکانی دژە کۆلۆنیالیستی دوای ساڵانی ٤٠ و ٥٠ی زایینی لە چەند نموونەیەکدا سەرکەوتنێکی ڕێژەییان، بە نرخێکی گرانەوە، بەدەست هێنابێ هۆکارە سەرەکییەکەی کەلک وەرگرتن بووە لە بارودۆخی دژبەرییەکانی دنیای شەڕی سارد.

لەم ڕوانگەیەدا ڕەفز و ڕەددی سوڵتەی هێژمۆن بە شێوەیەکی مێکانیکی دەبیندرێت نەک دیالێکتیکی. خەبات و گەشەی ژیانی مەدەنی لە پرۆسەیەکی سازکەردا، کە بەرهەمەکەی دەبێتە لاوازبوونی هێژمۆنی داگیرکەر و بەهێزبوونی تواناکانی خۆجێیی، لە توانای دایە ڕەفزی سوڵتەی هێژمۆن بکات. لە ڕوانگەی یەکەمدا گشت پرۆسەکە خاڵی سەرەکی تێکدانە و ئەو تێکدانە چەندە زیان لە دوژمن و داگیرکەر دەدات ئەوەندەش پایە و بنەماکانی بەهێزبوونی خۆیی بنکۆڵ دەکات.

لە دنیای ئەمڕۆدا لەبەر نەبوونی بۆچوونی ڕوون لە سەر ئەم دوو جۆرە ڕوانگەیە تەنانەت سیاسی و شۆڕشگێڕەکانیش چاوەڕوانی ئەوەیان لە بزووتنەوەی مەدەنی هەیە کە ئامانجی یەکەمیان ڕووخاندن و ڕەفزی سوڵتەی هێژمۆن بێت و گەشەی ناوخۆیی کۆمەڵگە، کە مەرجی هەبوونی توانایی ڕەفزی دیالێکتیکی سوڵتەی هێژمۆنە، بەهەند وەرنەگرن.

ئەزموونی دوو بەشی کوردستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا دوو نموونەی باشن بۆ سەلماندن و توێژینەوە لەسەر ئەم دیاردەیە. هەرێمی کوردستان هەم سەرکەوتنی هەبووە و هەم توانای بۆ ڕووخاندن و ڕەفزی سوڵتەی هێژمۆنی نەیار هەبووە و وردبوونەوەشی هەر لە سەر ئەوە بووە و هەروەها بە یارمەتی بارودۆخی ژیئۆپۆلیتیک دەستکەوتی هەبووە، بەڵام لە گەشەی ناوخۆییدا لاوازییەکانی لەبەر چاون. کوردستانی بن دەستی ئێرانیش لە ژێر سوڵتەی ستەمکارترین هێژمۆنی نەیاردا



سەرچاوە
Serchawe

بووە. کاتێک ئەزموونی شەڕی دەرەوەی شارەکان بۆ ڕووخاندن کۆتایی هات ڕێگە بۆ گەشەی ناوخۆیی لە ژیانی مەدەنی و بەستێنی واقیعی و مێژوویی کۆمەڵگە کرایەوە و لە هەموو بوارەکاندا بەهێزبوونی کورد لەوێ وەبەر چاو دەکەوێ.

لێرەدا گرینگ ئەوەیە کە بنەمای ڕەد و ڕەفزی سوڵتەی هێژمۆنی نەیار لە مێشکدا ببینین؛ ئەوەش نە یەک مێشک و دوو مێشک، بەڵکوو دەبێ لە مێشکی گشتی و هەموو خەڵکی وڵاتدا هەبێ. چونکە گۆڕانکارییە سەرەکییەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن. کاتێکیش کە دەستت بڕوا ئەم سەروەت و سامانە گشتیان دەبنە دەزگا و چوارچێوەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ئیدارەدانی ژیانی سیاسی و ئابووریی وڵات. ئەم گفتوگۆیە ڕووی لەوە نییە کە لە دیاریکردنی ئامانجدا گرفت هەبێ، ئامانج هەر ڕەدد و ڕەفزی سوڵتەی هێژمۆنە، بەڵکوو گرینگییەکەی لە نەخشەڕێگە و پرۆسەی گەیشتن بە ئامانجە.

١١ی مای ٢٠٢٤

---

## لە سیکلی ژیانی سیاسیدا تاکتیک دەتوانێ سەردەست بێت

کاتێک زانیمان چیمان دەوێ ئەوە یانی ئێمە خاوەن ستراتێژین. ئەم ستراتێژییە سیاسەتی ڕۆژانەمان بۆ دیاری دەکات. ئەوە کاتێک ڕاستە کە داڕێشتنی ستراتێژی و دنیای ستراتێژی ئابستراکت و لە فەزادا بێت و موجەڕەدیش بێت. بە پێچەوانەوە کاتێک داتبەزانده سەر عەرزی واقێع و دەور درای بە دنیای واقێعەوە، کە لە مەودای سیکلی ژیانی سیاسی میللەتاندا دەبینرێت، تاکتیک باڵادەست دەبێت و ئەوە واقێعە کە سیاسەتت پێ دیکتە دەکات؛ بە تایبەتی ئەگەر بارودۆخێک کە گەمارۆت دەدەن بۆ تۆ و ستراتێژییەکەت گۆنجاو نەبن یان هەر دژبەر و پێچەوانە بن. کەواتا زۆر جار هونەری بەڕێوەبردن و بەرەو پێش ڕۆیشتن لە دەستنیشانکردن و ئیدارەدانی تاکتیکدایە.

بارودۆخی ژیئۆپۆلیتیکی ئێستای کورد لە مەودای نیو ساڵی داهاتوودا دەورانێکی لەم جۆرەیە کە تاکتیک سروشت و تەبیعەتی سیاسەتمان دیاری دەکات. ئەو زەمینەیە کە پێ گەمارۆ دراوین بە دڵی ئێمە نیە و تەنانەت ڕەنگە دژبەر و پێچەوانەش بن، بۆیە پێویستە باڵادەستی تاکتیک قەبووڵ بکرێ. لەم خاڵەدا گرینگە ئەوەمان لە بیر بێ کە سیکلی سیاسەت و گۆڕانکارییەکان وەک پاندۆلی کاتژمێر وایە. واتە، دڵنیا بین کە دەگەڕێتەوە نابێ ئەوەندە لە خستی تاکتیکدا چووبینە پێش کە ستراتێژی لێل بکات بۆ ئەوەی کاتی گەڕانەوەی پاندۆل مەیدانی کردەی سیاسی بەرەو پێشمان کراوە بێت.

ئەمساڵ لە چڵ وڵاتدا، بە تایبەت لە دنیای وڵاتانی پێشکەوتوودا، هەڵبژاردن دەکرێت. لە دوای تەواوبوونی شەڕی سارد، سەردەستیی نیئۆلیبراڵەکان (ڕێگان و تاچێر و بووشی یەکەم) و دواتر نیئۆ کۆنسێرڤاتیەکان (جۆرج بووشی دووهەم) و پاشان لیبرال و چەپی ناوەڕاست (ئۆباما و بایدن) دیسکۆڕسێکی تازە بەڕێوەیە، کە لە سەر واقێعی پاشەکشەی ڕێژەیی بەلام بەرچاوی گلۆبالیزم و زیندووبوونەوەی چەمکی حوکمداریی کۆماری و دەستووری و بەرجەستەبوونی سیتیزێن لە وڵاتانی خاوەن دەسەڵات لە ئەورووپا و ئەمریکادا ساز بووە.

ئەم گۆڕانکارییانە کە پارادیگمێکی تازە سەردەست دەکەن کارتێکەرییەکی ڕاستەوخۆیان لە سەر ناوچەی ئێمە دەبێت و دووبارە داڕێشتنەوەی سیاسەت لە بەشێکی زۆری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوو دەدات. هەر بۆیەشە پاندۆلی ساعەتی سیاسەت دەگەڕێتەوە. کەواتە، سەردەستی تاکیتک لە سیاسەتی ئێستادا بە مەرجێک دروست و سەرکەوتوو دەبێت کە ڕێگەی هاوتەریبی خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانە پاردیگمەدا هەموار بکات و ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ پاندۆل خۆش بکاتەوە.

١٤ی جوونی ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## پراگماتیزم و خۆشبینی سیاسی کارێکی مەترسیدارە

کاتێک دەکەویە ناو کاری سیاسەت بە خۆت دەڵێی سیاسەت هونەری مومکینە. لێرەدا ئەگەر مومکین بنەما بێ ئەوە بە مانای باشترین نیە. دۆڕاوی سیاسی ئەوانەن کە نەتوانن ترێندە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی سیاسەت بخوێننەوە. پراگماتیزم دەتوانێ ئاڵای وڵاتەکەت لە دنیادا بەرز بکاتەوە و لە هەمان کاتدا دەتوانێ میللەت زەلیلی نەیاران بکات. لەو دۆخەدا هەرچی دەیکەی ڕەوایە، بەڵام کەس بۆی نییە بە بێ ستراتیژی پشت بەستوو بە بەرژەوەندیی ستراتیژیک سەرکردایەتی سیاسی میللەتێک بکات. زۆر جار سیاسییەکان لە مەودای ژیانی خۆیاندا هەر خۆیان و جیلی خۆیان و دەرئەنجامی سیاسەت دەبینن کە ئەمە کارێکی هەڵەیە، چونکە سیاسەت بۆ جیلێک نییە بە تەنیا. بۆیە کەسانی وەک چێرچیل و ڕۆزڤێڵت لە هەڵسەنگاندنی خۆیاندا ستالینیان بە ناسیونالیست دانا و پێیان وابوو دەتوانن لەگەڵیدا ڕێک کەون، بەڵام هەڵەیان کرد چونکە ستالین ئایدۆلۆژیست بوو. ئایدۆلۆژیش زۆر قووڵترە لە ناسیونالیزم، ناسیونالیزم دەوڵەت سازکردنە لە سەر بنەمای هاووڵاتی لە یەکگرێدراوی ساوێرن- سەربەخۆ و خاوەن بڕیار، بەڵام کاتێک وەک ستالین کۆمۆنیست بووی یان وەکوو سەدر باوەرمەندێکی شیعە ئەوە لە هیچیاندا ناسیونالیزم جێی نابێتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی ئێستای ئێرانیشدا ئەوانەی بە دینێتنی دنیا لە سەر بنەمای سوسیولۆژی و پۆست مۆدێرن و .... ئالوودە بوونە ئەستەمە بتوانن ڕێنیشاندەر بن و ڕووداوەکان بە باشی شی بکەنەوە. لەبەر ئەوە کە هەڵەی چێرچیل و ڕۆزڤێلت دووپات دەکەنەوە و شیعەبوون و گەیاندنی پێگەی درۆ لە سیاسەتدا بە ئاستی ڕەسمی سیاسەت نابینن. ئێران و کێشەکانی نە شیاوی ئیدارەدانن و نە شیاوی ڕیفۆرم. هەر بۆیە ڕیفۆرمیست و غەیری ڕیفۆرمیست مەحکووم و مەحتوومن. پراگماتیزمی کوردی لە بەرانبەر ئەم نەخشەیەدا کاتێک کاریگەر دەبێ کە ستراتیژی لە بیر نەچێت.

٢٦ی جوونی ٢٠٢٤

## چاومان لە کوێیە و سیستەمی بەهاکانمان چین؟

بە قەولی دۆرکهایم، ئەنباری مێژوویی بەهاکانی کۆمەڵگە بەشێکی گرینگی پێناسەی کۆمەڵگە جیاوازەکانە. لەم پەیوەندییەدا دەتوانین بڵێین دیاریکردنی جیاوازییەکانی کۆمەڵگە جۆراوجۆرکان لەم خاڵەدا خۆی نیشان دەدات کە ئەو کۆمەڵگەیانە چاویان لە کوێیە؟ ئایا چاویان لە ڕابردوو، لە ئێستا یا لە داهاتوودایە؟

ئەم سێ ئاست و بوارە گرینگن، سەرکەوتووەکان ئاگاداری ڕابردوون، بۆ ئێستا کار دەکەن و بۆ داهاتووش پلان دادەنێن. بە پێچەوانەوە، ناسەرکەوتووەکان یان نووقمی ڕابردوون کە خۆی وا دەکات کۆمەڵگە بچەقێ و لە پێ بکەوێت. یا هەموو سەرنجیان لە سەر لە ئێستا دایە و بۆ ئێستا شەڕ دەکەن و ئەو شەڕە جارجار تووشی شکستیان دەکات. ئەوان بێ ئاگان لە ڕابردوو و داهاتووش لە بەر چاو ناگرن تاکوو ببێتە پردی یەکێتی نێوانیان لە ئێستادا بۆ داهاتوو.

پرۆسەی دارشتنن و دارشتنەوەی بەهاکانی کۆمەڵگەی جیاواز ڕێبەری دەکرێت. ئەگەر ئەمە لە ئارادا نەبێ، دەوری سەرۆکایەتی ون دەبێت. بۆیە ئەرکی سەرۆکایەتی و نوخبە ئەوەیە کە لە ئاراستەکردنی پرۆسەی گەشەی سیستەمی بەهاکانی کۆمەڵگە دەور بگێڕێت و بەرەو داهاتوو بڕوانێت و وێژنێک بۆ خەڵک و میللەت وێنا بکات. پێشکەشکردنی وێژن و وەگەڕخستنی تواناکانی کۆمەڵگە لە سەر بنەمای ئەم وێژنە مەیدانێکی گرینگی کار و خەباتی سیاسەتی و فکرییە. ئەم ئەرکەش بە بێ هەبوونی ئازادیی بەشداریی هەمووان لە ژیانی سیاسی و ئابووریدا ناکرێت.

ئێستا دەتوانین ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین کە لەم مەیدانەدا چەندە سەرکەوتوو بووین و پێویستە چی بکەین و چۆنی بکەین؟

١٨ی جوولای ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## یاریی درێژمەودا

لە هەر ڕوویەکی تەکنیکی و ماتریالیییەوە کاتێک چاوی لێ بکەین دەبینین کورد لە بەراورد لەگەڵ داگیرکەرانیدا لاوازترە. بەو حاڵەشەوە، فاکتۆرێکی گرینگ ئەویە کە کورد لە پڕۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوویی هەستانەوەدایە و بە پێچەوانەوە، داگیرکەران لە پڕۆسەیەکی مێژوویی دوور درێژی داکەوتنداان. لەو پڕۆسەیەدا کورد ناتوانێ بەرەو دواوە بڕاوت، بەڵام ئەوان دەتوانن تووشی شکست بن، چونکە وڵاتەکانیان و حوکمدارییەکەیان لە ناو خۆیاندا و لە سیاسەتی دەروەردا پڕە لە کێشەی ستراکچرال.

ئەگەر بڕاونینە مەودای ساڵانی نێوان ۱۹۷۰ تا ۲۰۲٤ دەبینین کە چوار وڵاتی بە ڕواڵەت سەقامگیری ناوچەکە بەرەو گرفت و لاوازییەکی ساختاریی بەرچاو ڕۆیشتوون. بۆ نموونە دەوڵەتی تورکیا وەک وڵاتێکی بەهێزی ناوچەکە کە پۆتانسیەلی گەورەی هەبووە و هەیەتی تاکوو ببێتە هێزێکی گەورە و بتوانێ گرفتەکانی ناوخۆیی چارەسەر بکات، بەڵام لەبەر سیاسەتی نادێمۆکراتیک بۆتە وڵاتێک کە لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕووسیا و ئاسیادا لە لیمبۆدا دەژێت و بە سەر هیچ لایەکدا ساغ نەبۆتەوە و ئەم جۆرە وڵاتانەش لە پڕۆسەیەکی بەردەوامی لاوازیدا ڕەوت دەگرن.

بە قسەی شارەزایانی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتی ئێرانیش بۆتە وڵاتێک کە نە ئیدارە دەکرێ و نە توانای ڕیفۆرمی هەیە. جگە لەوەی لە دنیادا ئێران بە گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزم وەک دەوڵەت ناوزەد دەکرێ، گرفتەکانی ناوخۆیشی کەڵەکە بوونە. ئێران شانسی دێمۆگرافی خۆیشی کە لە ژیانی میللەتاندا جارێک هەڵدەکەوێ لەدەست داوە. لە ڕووی دێمۆگرافییەوە بۆ چەندین دەهە هێزی کاری بەردەستیان دەبێتە زۆرینەی دانیشتوان. ئەم دۆخە لەبارە کاتی هەستانەوەی مێژوویییە، کە ئێران لەدەستی داوە. سیاسەتی نادێمۆکراتیک (یانی نەبوونی دەرفەتی بەشدارییەکی ئازادانە لە ژیانی ئابووری و نەبوونی هەلی بەشداریی ئازادانە لە ژیانی سیاسیدا) لە ئێرانی ئەمڕۆدا نیە بۆیە داهاتووی ئەم وڵاتە لێڵ بووە. هەروەها عێراقیش بەرەو داکەوتن دەڕوات. عێراق هەر لە بەر نەبوونی بنەماکانی ئەو سیاسەتە دێمۆکراتیکەی کە لە سەرەوەدا باسمان کرد ناتوانێ هێزی کاری خۆی وەگەڕ بخات. تا دوو دەهەی تریش تەنیا گروپە میلیشایییەکان دەتوانن هەلی کار بڕەخسێنن. کە وابوو تا دوو دەهەی تریش سیاسەتی عێراق سیاسەتی میلیشایییە و دەوڵەتەکەش دەبێتە دەوڵەتی میلیشیایی و قەیران خوڵقێن.

دەوڵەتی سوریاش کە تەنیا حکومڕانییەکەی بە سەر بەشێکی بچووکی وڵاتەکەوە ماوە، چەندین ملیۆن دانیشتووی بوونەتە پەنابەر و وڵاتەکەش کەوتووتەوە نێوان بەرداشی ئاڵۆزی ڕەکەبەرایەتییەکانی ناوچەییەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە ئەگەر سووریا تا چەندین دەهەی تریش وەک دەوڵەت بمێنێتەوە وەک دەوڵەتێکی ڕووخەک و لەرزۆک دەمێنێتەوە.

شکست و پاشەکشەی ئەم چوار دەوڵەتە پایەیەکی سەرەکییە لە سیاسەتی ناوچەدا کە بۆ ساڵانێک لە دوای پەیمانەکانی سێڤر و لۆزان گەمارۆی کوردییان دابوو. ئەم لاوازییەی ئەوان بۆ کورد هەواڵێکی خۆشە و کاریگەری دەبێت. ئەو گەمارۆیە بۆ ساڵانێک لە خۆ فۆرموولەکردنی سیاسەتی کوردیشدا کارتێکەرییەکی بەرچاوی هەبوو. ئێستا ئەو گەمارۆیە شکاوە و درزی تێکەوتووە و کورد لە سەر خاکی خۆیدا بە فیزیکی هێزە گەورەکانی جیهانی وەک هاوپەیمان خۆی جێگیر کردووە.

بەڵام پرۆسەی ڕزگاری و ئازادیی کورد یارییەکی درێژ مەودایە، بەرانبەرەکانیش ئەوە دەزانن، بۆیە شەڕی درێژمەودا لەگەڵ کورددا دەکەن. جێی ئاماژەیە لە زبانی ئینگیزیدا چەمکی شەڕی «ئەتریشن» بەکار دێت. تایبەتمەندییەکانی ئەم شەڕە بریتییە لە: درێژخایەن بوون بە ڕێگەی وورده شەڕی بەردەوامەوە؛ هێنانی فشاری بەردەوام لە هەر بوارێکدا کە بۆیان بچێتە سەر؛ لاوازکردنی سەرچاوەکانی بەردەستی لایەنی بەرانبەر؛ لاوازکردنی سایکۆلۆژی و باوەڕبەخۆبوونی لایەنی بەرانبەر؛ هەروەها چەکێکی گرینگی تر فشاری ئابووریی ماندووکەرە.

ڕەنگە ئەو چەمکەی «ئەتریشن» بۆ ئێمەش بەسوود بێت. بەڵام بەگوێرەی ئەم ستراتیژییە پێویستە پێچەوانەی سیاسەتی شەڕی درێژخایەنی داگیرکەران بزاوت بکرێت. یانی خۆ پاراستن لە وورده شەڕی ماندووکەر یان ئەگەر تووشی ئەو جۆرە شەڕانەش بووین سەرکەوتن لەو شەڕانەدا، وەک وەدەستهێنانی توانای- دیتیرێنس- یانی پێشگیری کە بەرانبەر بزانێ ئەگەر کارێک بکات زیانی بۆ ئەو زیاتر دەبێت؛ بەهێزترکردنی سەرچاوەکانی بەردەست؛ بەهێزکردنی سایکۆلۆژیای گشتی کۆمەڵگەی کوردی؛ بەهێزکردنی دینامێکی ئابووری و مێکانیزمێکی گرینگ بۆ سەرکەوتنمان هەبوونی هاوپەیمانییەتیی بەهێزی جیهانییە.

ساڵێک و دوو ساڵێک بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکا بە سەر گەورەترین ئێمپراتۆری جیهان، نیوەی خەڵک لە ئەمریکای ئەو سەدەمدا لایەنگری مانەوە لەگەڵ بریتانیا بوون، بەڵام ڕزگاریخوازان خۆیان ماندوو کرد و ئیرادەیان نیشان دا تا ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بگۆڕن. لەو پێناوەدا نامەکانی فێدرالیستی، کە قورساییەکەیان لە دەستووری ئەمریکا لە ژیانی خەڵکی ئەو وڵاتەدا کەمتر نییە، توانی -مایند سێت- جۆری بیری گشتی میللەتی خۆیان بە قازانجی ڕزگاریی بگۆڕن و ڕێگە نەدەن شەڕی سایکۆلۆژیای بەرانبەر سەرکەوێت. بەو ئەزموونە، شەڕی ئێمە لە شەڕی ئەوان قورستر نییە. مایند



سەرچاوە
Serchawe

سێتی دروست و خۆئامادەکردن بۆ شەڕێکی سازندەی پێچەوانەی درێژخایەن لە هەموو بوارەکاندا ئاسۆی ڕزگاریمان ڕوونتر دەکات. بە مەرجێک دیمۆکرات بین بە واتای کۆنکرێت. واتە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەرگەی بەشداری لە ژیانی ئابووری و سیاسیدا بۆ زۆرینەی خەڵک کراوەتر بێت.

٩ی ئاگۆستی ٢٠٢٤

## چۆن بیر دەکەینەوە گرینگە

دەڵێن مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕاشنال و عەقڵانییە و زۆر بە وردی، بە گوێرەی بەرژەوەندی بەردەمی خۆی، جوولەی ڕۆژانە دەکات. کاتێک لە مێژووی ئابووریی بازاڕ و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، تەنانەت لە سەردەمی خۆشماندا، ورد دەبینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بنەماکانی کردەوەی مرۆڤەکان زۆر ئاڵۆزترن لەوەی کە بەم مەنتیقە سادەیەوە شی بکرێنەوە. چەمکی -پریفرێنس- واتە، ئەو خاڵانەی کە بۆ تاکێک گرینگە، یان ئەو سیستەمی بەهایانەی کە بۆ تاکێک گرینگن قەت وەک یەک نین و زۆریش ئاڵۆزن. ئەمانە هەموویان بنەمای بڕیاری ئێمە بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوتمان لە بازاڕدا، لە ژیانی ڕۆژانەدا و تەنانەت لە داڕشتنی ستراتیژی ژیانی یەکە بە یەکەماندا پێک دێنێت.

کورت بینین خاڵێکی تری هاوبەشی زۆرینەمانە، تیئۆری- پاس دیپێندێنسی- بە شێوەی ئیمپریک و کردەیی ئەوەی نیشان داوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بۆ شێوە ژیان و بۆ شێوە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕادێت و گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتیدا کارێکی زۆر ئەستەمە. تەنانەت بیرۆکەی مۆدێرنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگەرانەش نەیتوانیوە کارتێکەرییەکی زۆری لە سەر بێت. ئەمە وا دەکات کە هەر جیلێک لە ئێمە دنیا وەک دنیای سەردەمی خۆمان ببینین و لە سەر ئەو بنەمایەش دادوەری بکەین و بەرنامەی ژیان دابڕێژین. هەرچەندە ئەمە گرینگە، بەڵام لە ئاستی ستراتیژیکدا، کە خوێندنەوەی داهاتوومان لێ لێل دەکات، هەڵەیە.

ئەگەر لە دوای شەڕی یەکەم و بەر لە شەڕی دووهەمدا پرسیارت لە خەڵکانی سەرجادەی ئەورووپا کردبا و گوتبات ئەرێ شەڕێکی گەورەتر لە شەڕی یەکەمیش دەکرێت؟ ئەوە کەس باوەڕی پێنە دەکردی، بەڵام شەڕ بوو و ڕووشی دا، لە دەورانی سەردەستیی نازیسمدا بۆچوونەکانی هیتلێر بە فراوانی بڵاو ببوونەوە و زۆر کەس هاوبیری ئەو بوون، بەڵام مانگێک لە دوای ڕووخانی لە سەر جادەکانی ئەورووپادا کەست دەست نەدەکەوت کە لایەنگری فاشیزم بێت، سەیر بوو، عاقڵان پرسیاریان دەکرد ئەدی ئەو هەموو نازیستانە چیان لێ هات؟

ئەم خاڵانە بۆیە گرینگن تاکوو بزانین لە بارودۆخی قەیراناویی کۆمەڵگەدا ئەگەر هەوڵدان بۆ تێگەیشتن نەبێت، دوو جۆرە بۆچوون ڕوو لە مرۆڤ دەکەن: یەکەمیان، بەشێک دەڵێن بارودۆخ نالەبارە و داهاتوومان لێڵە بۆیە دەبێ بەرەو ڕووخاندنی ئەوەی کە هەیە بڕۆین، دووهەم: بەشێکی دیکە دەڵێن ئەم وڵاتە قەت چاک نابێتەوە بۆیە هەر دەبێ پشتی تێکەی. واتە بۆچوونی یەکەم: ستراتیژی ڕووخاندن و بۆچوونی دووهەم: ستراتیژی نیهیلیزم. هەر دووی ئەم سیاسەتانەمان



سەرچاوە
Serchawe

لە ساڵانی ڕابردوودا ئەزموون کردووە و هەر دووشیان بە گوێرەی مەنتیقی خۆیان هەڵە و بێ ئاکام دەرچوون. پشتکردن لەم دوو بۆچوونە مەرجی یەکەم و پێویستە بۆ ئەوەی بکەوینە سەر ڕێچکەیەک بۆ بیرکردنەوە و داهێنان و تێگەیشتن لە بەستێنی مێژوویی بوونی خۆمان و توانای هەڵسەنگاندنی سیناریۆکانی داهاتوو. نە پشت لە تەمەدونی ئێستا و نە ڕووخاندنی، کارێکی دروستە، بەڵکوو وردبوونەوە لێی بۆ ژیان ئەرکە. پارادیگمی جیاواز و سیناریۆی جیاواز لە هەموو بوارەکاندا چاوەڕوانی میللەتی کورد دەکەن، لەبەر ئەوەی ئێمە لە یارییەکی گەیشتن بە - ئازادی و ڕزگاری - درێژخایەنداین.

١٦ی ئاگۆستی ٢٠٢٤

## وانەی گۆڕانی هاوسەنگیی سیاسی لە ئەمریکادا

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گۆڕانێکی ساختاری دروست بووە کە پێویستی بە تێگەیشتنە. ئەو دۆخە ئەو پرسیارەی هێناوەتە ئارا کە هاوسەنگیی سیاسی لە ئەمریکادا چۆن گۆڕدراوە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە ناو تێکچوونی هاوسەنگیی لە نێوان چینی کرێکار و بەهێزبوونی چینی ناوەنددا هەیە. لە دەورانی سەرۆکایەتیی ئۆباماوە پارتی دیمۆکرات گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پرسی چینایەتی و چینی کرێکار بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات ناتوانێ ببێتە بنەمای سیاسەت. پێشتر وابووە، واتە زۆرینەی سەندیکای کرێکار بە ئوتوماتیکی دەنگیان بە دیمۆکراتەکان دەدا. بەڵام ئێستا لەبەر زۆربوونی ژمارەی چینی ناوەند و کەم بوونەوەی ژمارەی ئەندامانی سەندیکاکان پێویستە چەمکی چین بۆ چەمکی ڕەگەز و ئێتنیک جێگۆرکەیان پێ بکرێت. چونکە ئەوانەی سەر بە ڕەگەزی جیاوازن ژمارەیان لە چینی کرێکار زۆرترە و ئەوان دەتوانن ببنە بنەمای هەبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری دەنگدەران. لێرەدا پێویستە هۆکارێکیش بۆ ئەو ستەمەی کە لە ئێتنیکی جیاواز کراوە دەست نیشان بکرێت تاکوو ئەم چەمکە ببێتە دینامیکی جوولەی کۆمەڵایەتی ئەوان. ڕاسیسمی ساختاری بوو بە بنەمای تیئۆریکیی ئەم دەستپێشخەرییە.

ئێلیتی هەر دوو حیزبی سەردەست هاوپەیمانێتی نێوان کۆمپانیا گەورەکانی تێک و میدیا و کۆمپانیاکانی بیمە و هالیۆودیان، واتە، پارەی هالیۆود، تێکنیکی سیلیکۆن وەلی و میدیای سەردەست (مەین ستریم)، قەبووڵ بوو. لەم سیاسەتەدا هاوپەیمانێتیەک لە سەرەوە و خوارەوەدا بە ڕێگەی وروژاندنەوەی ستەمی ئێتنیکی شکڵی گرتووە. ئیتر چیتر باس باسی سیتیزن و هاووڵاتی نییە، بەڵکوو ئێتنیکی جیاواز لە لایەک یەک دەگرن و لە لایەکی دیکە سپی پێستەکان بە بکەر و ئێجێنتی ڕاسیسمی ساختاری و ستەمکاری مێژوویی دیاری دەکرێن.

سیاسەتیش دەبێتە حیزبێک کە تایبەت بە دەوڵەمەندانە، بەڵام سابسیدیز و پشتیوانی لە هەژارانیش دەبێتە بە شێکی گرینگی سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵات، و سیاسەتی دابەشینەوەی سەروەتی دووبارە بە بەردەوامی دەبێتە بابەتی سیاسەت. بەم جۆرە لە سیاسەتی بەهێزکردنی سیتیزن و هاووڵاتی سەرووەڕا دەگەینە سیاسەتی ترایبالیزمی و قەوم گەرایی و دەستەبەندیی ئێتنیکی. بنەمای ئیتئۆریکی ئەم بۆچوونەش بە گشتی لە سەر ئایدێنتی پۆلیتیک - سیاسەتی ناسنامەیی و پۆستمۆدێرنیزم دادەنرێت. لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ٢٠٠٠ ئەم ڕاستییە بە ژمارە بۆ چەپ دەرکەوت کە ڕێژەی کرێکاری پیشەسازی مودێرن لە وڵاتانی پیشەسازییدا ڕووی لە کەمبوونەوەیە و ئەوەی دەبێتە زۆرینە لە نێو دانیشتواندا مێدیل کلاسە و لە ئابووریشدا بەشی خزمەتگوزاری و سێرویسە کە زۆرینەی خەڵک کاری تێدا دەکەن.

ئەم دەورەیە هاوکاتە لەگەڵ لاوازبوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی حیزبە کۆمونیست و سوسیال دێمکراتەکان لەو وڵاتانەدا. کۆمۆنیستەکانی دوای ئەم گۆڕانکارییە ڕێفۆرمیان لە بەرنامە و بیروبۆچوونی خۆیاندا کرد و دوو کاتاگۆری کار و سەرمایە، کرێکار و سەرمایەداریان بە چەندین کاتاگۆریی وەک جینسیەت، ژن و پیاو، ڕەش و سپی و ... گۆڕی. ئەم سیاسەتی ناسنامەییە لە سیاسەتی دەرەوەشدا وەک بۆچوونێکی چڕی گلۆبالیستی ڕووی دا هەتا گەیشتە قەبووڵی ئیخوانولموسلمین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بانگەشەی ئێل.جی.بی.تی لە ئەفغانستان و. ...

هەموو بوارەکانی ئەم بۆچوونە ئێستا تووشی قەیران و ئالەنگاری بوونەتەوە. ئێستا قەیرانی سیاسەت لە وڵاتانی پیشەسازیی ڕۆژئاوادا لە سەر پایەی ئەم ناکۆکییانە ساز بووە. ئێتنیکی سپی پێستی دانیشتووانی ئەم وڵاتانە خۆیان بە ستەمکاری مێژوویی نابینن، ئێتنیکی جیاوازیش لەم سیاسەتەدا پێیان وایە دەبێ سپی پێستەکان بە قەرزداری مێژوویی بۆ خۆیان ببینن. ئێستا ڕێگەکە یان گەڕانەوە بۆ سیتیزن و هاووڵاتی سەروەر و یاسایە، یان بەرەو تایبەتگەری و ڕاسیسمی ساختاری دەچێ کە ئەگەر قەبووڵ بکرێ پێویستە لە دادگا و یاسا و ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگ بداتەوە. لە سەردەمی کۆن لە ئەمریکا و ئەورووپادا خەڵک لە وڵاتانی ترەوە بۆ بوون بە بەشێک لەو کۆمەڵگەیانە دەهاتن، ئێستا خەڵک دێن بۆ ئەوە کە ئەو کۆمەڵگەیانە وەک خۆیان ئارزویانە بگۆڕن بە تایبەت پەنابەرانی موسڵمان. بەرانبەر بەو شەپۆلە کاردانەوەیەکی بەهێز لە ئەمریکا و ئەورووپادا هەیە. بۆ ئەوەی بزانین ئەم شارستانییەتانە بەرەو کوێ دەڕۆن ئەم شەڕە شەڕێکی ڕاستەقینەیە و دیاریکەر و بەردەوامە.

تێبینی: کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان جارێ بە گاگۆڵەکردن لەو ڕەوتەدا هەنگاو هەڵدێنێت. و هێشتا خۆی ساغ نەکردۆتەوە. بەڵام لێرە و لەوێ باسی سیاسەتی ناسنامەیی و ئایدێنتی، لەبەر نەبوونی بۆچوون و سیاسەتێکی ڕوون لەبارەی گەشەی هاووڵاتیی سەروەر و مێدێل کلاسی سەروەر، دەکرێت. گفتوگۆی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە خەڵک لە سیاسەتدا وەک گروپی ئێتنیکی و پێکهاتە بەشدار بن، بەڵام بە گشتی تا ئێستاش نە پێکهاتە و نە کۆمەڵگە نازانن ئەم بەشدارییە چۆن ڕێکبخرێ. کەواتە، ئەگەر لەجیاتی هاووڵاتی و مێدێل کلاس ئەم ڕەوتە بگرینەبەر هەنگاوێک بەرەو هەڵدێر دەڕۆین. بۆیە پێویستە ئێستای ئەم سیاسەتە لە ڕۆژئاوادا ببێتە وانە و دەرسێک بۆ ئێمە. ...

۲۳ی ئاگۆستی ۲۰۲٤

## ئاستی توانا و قودرەتی وەرگرتن و جەزبی میللەتان

مەرجی یەکەمی بیرکردنەوەی ستراتێژیک و درێژخایەن، بە واتای ئەوەی خوازیاری بە دەستی بێنی، ئەوەیە کە کەمێک خۆت لە پرسەکان دوور خەیەوە و چاو لە نەخشەی بەردەمت بکەی. لێرەدا خوێندنەوەی تواناکانی میللەتەکەت، بەوەی پێت دەکرێت و ئەوەی ناکرێ، لێت ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر ئەم خاڵانەت لێ دیار بوو، ئەوەدەم شانسی ئەوەت هەیە کە بتوانی سیاسەتێکی گونجاو، کردەیی و سەرکەوتوو دابڕێژی. لەوبارەوە «کیسینجێر» سیاسەتمەداری بە ئەزموون، کە دەڵێ سیاسییەکان کاتێک خەریکن ئامانج و خاڵە سەرەکییەکان و ئەولەوییاتی خۆیان دیاری دەکەن پێویستە بیر لەوە بکەنەوە کە جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکانە لە توانای میللەتەکەدا هەیە یا نیە، ئەگەر نا بە هەڵەدا دەڕۆن، ئەم پرسەی بە باشی فۆرموولە کردووە.

بەو ڕوانگەیە، تێگەیشتن و خوێندنەوەی دروست لە تواناکانی میللەت لە کات و سەردەمی دیاریکراوی مێژووییدا بۆ داڕشتنی سیاسەت و دەستنیشانکردنی ستراتێژی بە مانای ئەوەی خوازیاری وەدەست بێنی، بنەمای بڕیاردەرن. تواناکانی میللەت و پێشخستن و گەشەپێدانی ئەم توانایانە بە ناوەندی سیاسەت دادەنرێت. لەبەر ئەوەی ئەم خاڵەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەر میللەتێک لە سەردەمێکی دیاریکراودا چەندە توانا و قودرەتی جەزب و وەرگرتنی هەیە.

ماوەیەک لەمەوپێش باس لە پلانێکی ئابووری بۆ بووژانەوەی دووبارەی ئۆکراین دەکرا، پێشنیاری یارمەتی چەند تریلیۆن دۆلاریان بۆ کرابوو. «ئستیڤێن کۆتکین»، پرۆفێسۆری سیاسەت لە زانکۆی پرینستۆن، دژی ئەم پێشنیارە بوو.

دژایەتییەکەی لەبەر ئەوە نەبوو کە یارمەتی ئۆکراینی پێ خەراب بێت، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو ئۆکراین لە ڕووی ئەنیستیتوشن - یاسایی- و برۆکراسیی حکوومی، ئاستی خواست لە ئابووریی وڵاتدا، کوالیتی هێزی کار و ڕادەی دابەشینی کار لە ئابوورییدا توانای جەزب و وەرگرتنی ئەم پارە زۆرەی نییە و ناتوانێ بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم یارمەتییە بەکار بێنێت. لە کاتێکدا پارەیەکی لەمەش زۆرتر لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا یا لە ژاپۆندا جگە لەوەی نافەوتێ هەم جەزب دەبێ و هەم بەکاریش دێت. لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانە لە ڕووی یاسایی و برۆکراسی و جۆری ڕاپەراندنی ئەرکەکان، واتە پرەکسیس، وڵاتی پێشکەوتوون و توانای ئیدارەدانی پارە و سەرچاوەی زۆریان هەیە، بۆیە دەتوانن بە شێوەیەکی شایستە کەلکی لێ وەرگرن.



سەرچاوە
Serchawe

لێرەدا دەکرێ ئەم بۆچوونە گشتاندنی تێدا بکرێ و لە سەر بوارەکانی تریشدا پیادە بکرێت. واتە ئەم بۆچوونە جگە لە توانای جەزبی سەرمایە یا بێ توانایی جەزبی سەرمایە لە ڕووی زەمینەی یاسایی، ئیداری و توانای برۆکراسی و ئاستی کوالیتی هێزی کاری بەردەست، لە بوارەکانی دیکەشدا هەر دروستە. لە ڕووی توانای جەزبی تەکنەلۆژیا، جەزبی زانست لە هەموو بوارەکانی جیاوازدا، جەزبی فەرهەنگی کار و توانای بەشداری لە ئابووریی بازاڕدا و هەبوونی توانای هەنگاوهەڵهێنان بەرەو دامەزراندنی ئابووریی بازاڕ - مارکێت ئێکۆنۆمی- کە تێیدا هەموو هێزی دەوڵەت بۆ پاراستنی ئازادیی بەشداری هەمووان لە ژیانی ئابوورییدا بەکار دێت و بە بێ ئەم دیدگایە میللەتان بێ داهاتوو دەبن. ئەگەر بە گوێرەی ئەم پێوەرانە چاو لە نەخشەی جیهان بکەین دەبینین میللەتان بە سەر دوو دەستەدا دابەش دەبن؛

بەشێکیان ئەوانەن کە کۆمەڵگەی خۆیان پەروەردە و ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی توانای جەزبیان هەبێ و بەشێکی دیکە ئەوانەن کە بە بێ هەبوونی هیچ بەرنامەیەک، لە سەر بە فیرۆدانی هەلی دێمۆگرافیکی مێژووییان بەردەوام دەبن و سەرقاڵی بەکارهێنانی شتی لوکسن (کە یەک لە تایبەتمەندییەکانی میللەتانی دواکەوتووە) و هەروەها بە بێ بەرهەمی ئابووری و بێ کەلکی هێزی کار ناسراون.

لەوبارەوە ئابووریناسی سوئیدی، «جۆن یوڤا»، بەڵگەفیلمێکی لە سەر بنەمای دابەشکردنی ئەرک(چەمکی هەرە ناسراوی ئادام ئیسمیس) لە ئابوورییدا ساز کردووە. لەو فیلمەدا «یوڤا» باسی دوو جۆرە میللەت دەکات؛ یەکەمیان ئەو لەو میللەتانە دەدوێ کە میللەتی (ئیندێستێرویس)ن کاریان لە دەست دێت. نموونەش بە هۆنگ کۆنگ دێنێتەوە کە هونەر و زانستی تەکنیکیان هەیە و کاری فەننییان لە دەست دێت و بە پێچەوانەوە نموونە بەو میللەتە تێکشکاوانە دێنێتەوە کە ئەم داهێنان و کارزانیییەیان نییە. ئەمەش دیاردەیەکی میراتی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی سیاسەتی پەیڕەو کراوە لەو وڵاتانەدا.

ئەوەی لەو وانەیەدا، بە واتای گشتی و فرەڕەهەندی ئەم چەمکە، گرینگە لەبەرچاو بێت ئەوەیە کە لە سیاسەت و کردەوەکانماندا بەرزکردنەوەی ئاستی توانای جەزب لە ناو میللەتی خۆماندا بە هەند دابنێین. ڕۆژان و ساڵانی پێشڕوومان دەرفەتی مێژوویین. گرینگە ئەو هێزی کارە بە ژمارە فراوانەی کوردستان، هەر لە بواری زانست، تەکنەلۆژیا، سەرمایە، فەرهەنگی کار و بە پیرۆز زانینی ئازادیی بەشداری هەمووان لە ژیانی ئابورییدا و هەروەها لە بەرهەمهێنەربووندا، بەرەو توانای جەزبی بەرز ئاراستە بکرێن. ئەم پرۆسە مێژووییە لە لایەن نۆخبەیەکەوە دەکرێ سەرکردایەتی بکرێ کە جێگیرکردن و گەشەپێدان و چەسپاندنی گشت ئەم بوارانە بە ئەرکی مێژوویی خۆی بزانێت. ...

٣٠ی ئاگۆستی ٢٠٢٤

## دابەشبوون وناکۆکیی نێوخۆیی؛ دیاردەیەکی مێژوویین لە ژیانی مرۆڤدا

ڕەنگە هەموو کات چارەسەرییەکی تەواو بۆ کێشەی دابەشبوون نەبێت، بەڵام دەکرێ ئەم جۆرە کێشانە بە شێوەیەکی کاریگەر مودیرییەت بکرێن. گوێنەدان و لادان بە تایبەت لە لایەن زۆرینەی خەڵکەوە خۆی دەورێکی گەورەی لەم مودیرییەتەدا هەیە. بەڵام خەڵک کەی پێک دێت؟ هەر بە تەنیا دانیشتووانی شوێنێکی جوگرافیایی ئەم کارەیان پێناکرێ، بەڵکوو هاووڵاتییان و - سیتیزێن - کە بەردەوام لە پێشکەوتنندان و لە سەر باشترکردنی ئاستی ژیانی خۆیان ورد دەبنەوە بەردەوام یارمەتیدەری پێشخستنی بەرژەوەندیی گشتین.

ئەم پرۆسەیە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو هاوسەنگییەک لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی شارستانی و گەشەسەندوو، واتە کۆمەڵگەی مەدەنی، دەڕوات. خاڵی سەرەکیی دادوەریی میللەتان، چ ئەوانەی سەرییان هەڵداوە و سەرکەوتوو بوونە و چ ئەوانەی تووشی شکست هاتوون، لە چەند و چۆنی توانایان، بە مەبەستی مۆدیرییەتی ئەم دابەشبوونە مێژووییانە، دایە ئاراستەکردنی فۆکۆسی سیاسەتی گشتی بە واتای قامکدانان لە سەر چارەسەری – بابەتەکانی- ژیانی گشتی کۆمەڵگە، وەک یەکەمین و سەرەکیترین بنەمای وەدەستهێنانی نفوز، دەروازەیەکە بۆ مودیرییەتی سەرکەوتووانەی دابەشبوون و ناکۆکییەکانی نێوخۆیی.

مێژووی ڕۆم، یەهودییەکان و زۆر میللەتی تر، چ ئەوانەی سەرکەوتوو بوونە یان ئەوانەی شکستیان هێناوە، چەند خاڵی سەرەکیمان بۆ دەخەنەڕوو:

**یەکەم**: ناکۆکیی نێوخۆیی بە شێوەی جەوهەری تایبەت بە هیچ کۆمەڵگە و خەڵکێکی تایبەت بە شێوەی زاتی نییە.

**دووهەم**: ئەم ناکۆکییانە لە ڕابردوودا و لە ئێستادا و لە داهاتووشدا هەبووە و هەیە و دەبێت، بەڵام پێویستە وەک بابەتێک بۆ پیادەکردنی مودیرییەتی مرۆڤ بێت.

**سێهەم**: هەر کە میللەتان گەشە دەکەن تواناییان بۆ مودیرییەتی دابەشبوونی نێوخۆییان زیاتر گەشە دەکات.

٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٤

## لە شیکردنەوەی هەڵبژاردنەکاندا

لە شیکردنەوەی هەڵبژاردندا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا دەبێ لە سەر چەند و چۆنی پرۆسە و مێکانیزمی دێمۆکراسی وردبینەوە یا پێویستە سێرە لە پرۆسەی ئیدارەی وڵات بگرین؟

لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە زانین و نەزانین سۆسیالیزم پێوەری سەرەکی بوو و هەموو حیزب و بەرنامەکان لە سەر بنەمای ئەم نۆرمەوە هەڵدەسەنگێندران. لە دوای ڕووخانی کۆمۆنیزمی سوڤییەتی چەمکی دێمۆکراسی بوو بە نۆرمی گشتی. بە تایبەت لە ناو چەپدا، کە تازە ڕووی لە ئازادی کردبوو، چەمکی دێمۆکراسی زەق ببۆوە. بەڵام بۆ ئەوەی جیاوازییان لەگەڵ لایەنگرانی کۆنی دێمۆکراسیدا هەبێ ئەم چەمکەیان جەماوەریتر کرد و لەجیاتی دوو کاتاگۆری جارانی کار و سەرمایە ئەم جارەیان کاتاگۆرییەکانیان فراوانتر کرد. واتە، جێندێر و ئێتنیک و فرەڕەهەندی (ئینتر سێکشنالیتی) تریان لێ زیاد کرد.

لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا لە بەر شکستی ئایدۆلۆژییەکانی جاران دێمۆکراسی، لە شکلی ئەگریگاتیڤی (هەیکەلی مێکانیکی) خۆیدا بوو بە باو.

مۆناقەشەی سیاسەت بۆ ئیدارەی کاریگەرانەی وڵات یا مسۆگەرکردنی حوکمی زۆرینە، کە تایبەتە بە مێژووی بیری سیاسی لە ڕۆژئاوادا، مێژوویەکی کۆنی هەیە. ئەمریکا یاسا و ڕێسای خۆی دارشت و لە دووسەد و بیست ساڵی ڕابردوودا بوو بە ئەزموونێکی بێ وێنەی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەورووپا بە پشتیوانی و پارەی ئەمریکا، بە تایبەت لە دوای شەڕی دووهەم، هەڵستانەوەی مێژوویی ئابووری و سیاسی بە خۆیەوە بینی و گەشەی ئابووریی سێنترالیزە لە چوارچێوەی سیستەمی دێمۆکراسی سیاسیدا پیادە کرد. بەڵام لە دوای ساڵانی نەوەد دژبەریی نێوان دێمۆکراسی و ئیدارەی ناوەندی سیستەم خۆی دەرخست و لەو کاتەوە هەموو وڵاتانی دێمۆکراتیک لە دێمۆکراسییەکی پڕ لە کێشەی ستراتێژیکدا بە سەر دەبەن.

چەندین وڵاتی سەرکەوتووی ئاسیا، بە تایبەت سینگاپوور، پێداگریان لە سەر سیاسەت بە واتای ئیدارەی وڵات دەکرد. ئەوان لەجیاتی ئەوەی پێداگری لە پیادەکردنی دێمۆکراسیی ئگریگاتیڤدا بکەن، ئەزموونیان جێگیر و سەرکەوتووە.

لەو ڕوانگەیەوە، هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان، لە لایەن دەسەڵاتی دژبەری کورد، کە چەند ساڵ لەمەوبەر هەوڵی



سەرچاوە
Serchawe

لەناوبردنی دەدا، بەڕێوە چوو کە خۆی جێی سەرنجە و نیشاندەری لاوازییەکی بوونی کوردە. هەر ئەم هەنگاوە دەرگایەکی بۆ کردینەوە تاکوو ئەوەی بە دەستی خۆمان تێکمان دا و شەرعییەتی پارلەمان و حکوومەتی خۆمانمان لاواز کرد ببوژێنینەوە و ڕێگەیەکی بەرەو پێشەوەمان لێ دیار بێت. ئەم ڕەوتە ئاڵۆزە گرینگترین لایەنی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەیە و چۆنییەتی کەلک وەرگرتن لەم دەرفەتە بۆ دووبارە بونیادنانەوەی ئیدارەی وڵات ئەرکی پێشەڕووی سیاسەتی کوردییە.

ڕەمزی سەرکەوتن لەم ئەرکەدا ئەوەیە کە چەندە ئاکتۆرە سەرکییەکان لە دەستنیشان کردنی چەند خاڵی بنەمایی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە چوارچێوەی دەزگای یاسادانان (پارلەمان) و حکومڕانیی (حکومەت) سەربەخۆی هەرێمدا سەرکەوتوو دەبن و خۆشیان پابەند دەبن و پەیڕەوی لەو خاڵە هاوبەشانە دەکەن. لێرەدا خواستی سەرەکیی خەڵک هەلی کار و دابینکردنی ژیان و پێداویستییەکانی ژیانە، چەند و چۆنی دێمۆکراسی باسێکی لاوەکییە.

خەڵک دەنگیان بەو حیزبانە کە پێیان وایە لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانن ژیان دابین بکەن، با وەڵامی ئەم چاوەڕوانییە بە باشی بدەینەوە و بکەینە خاڵی سەرەکیی سیاست.

٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا

**لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢٤ی ئەمریکادا دوو خاڵی گرینگ بەرجەستە بوون:**

**یەکەم**: هەست و تێگەیشتنێکی هاوبەشی خەڵک کە ڕێژەکەی دەگەیشتە زیاتر لە ٧٠%ی دانیشتوان لە سەر ئەوە کۆک بوو کە بارودۆخی ئیدارەدانی سیاسەت و ئابووریی وڵات خەرابە.

**دووهەم**: دەربڕینی دەنگێکی هاوبەشی خەڵک لە ڕەدی سیاسەتێکدا کە لە سەر دابەشکردنی خەڵک بە ئایدێنتی جیاوازەوە بینا نرابوو.

ئەم دوو خاڵە دەتوانێ پێناسەی تایبەتمەندیی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەم جارەی ئەمریکا بکات. لە لایەک لە پێشبڕکەی ئەم جارەدا ئەو ڕێژەیەی خەڵک بوون کە لایەنگری دیمۆکراسی زۆرینەی بە بێ کۆنترۆڵ بوون کە پێشتر لە لایەن ئێلیتێکی دەوڵەمەندی دوور لە ژیانی واقیعی زۆرینەوە سەرکردایەتی دەکرا و چێک و باڵانسی باو لە سیستەمی سیاسیی ئەمریکادا پێگەیەکی گرینگی نەبوو. لە لایەکی تر، لایەنگرانی سیستەمی کۆماریی بە چێک و باڵانسەوە، کە لە ڕووی مێژووییەوە تایبەت بووە بە دەستوور و یاسای بنەڕەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەمریکای لە زیاتر لە دوو سەد ساڵ کردووە بە سیستەمێکی سەرکەوتووی بێ وێنە، هاتنە مەیدان.

ئەم دابەشبوون و جێگۆڕکەیەی دوو حیزبی گەورەی ئەمریکا لە نوێنەرایەتی زۆرینەی خەڵکەوە بە نوێنەرایەتی ئێلیتی تێر تایبەتمەندییەکی گرینگی پرۆسەی چەند ساڵی ڕابردووە. کۆمارییەکان و دیمۆکراتەکان جێی خۆیان لەم ڕوویەوە گۆڕیوە. کاتێک باسەکە دەگاتە سیاسەتی ئەو وڵاتە بەهێزە لە ناوچەی ئێمەدا، خەتی گشتی ئەوەیە کە سیاسەتی دوو کابینەی ئۆباما و کابینەی سێهەمی ئۆباما (بایدن)، کە بریتی بووە لە قەبوولی شیعە، سوننە، ئیخوان، ئێران و ئیسرائیل و سازکردنی هاوسەنگی لە نێوانیاندا کە بۆ ئەو ئامانجە ئیمتیازدانی بەردەوام دراوە، کۆتایی پێ دێت. هەروەها تێرۆر و تێرۆریزم تووشی بەربەرەکانی جیددی دەبن. لە هەموو گرینگتر پرۆژەی مێژوویی ئابراهام فراوانتر دەبێت و دەبێتە جێی هیوا بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ڕووی ئابوورییەوە پردی ئابووریی هیندستان، سعودییە، ئیسرائیل، قوبرس، یۆنان، ئەورووپا بەهێزەوە کاری بۆ دەکرێت. پێشبینی ئەوەش دەکرێت کە وڵاتی ئێران و پرۆکسییەکانی دەکەونە بەر فشاری توند و تەنانەت ڕووبەڕوو بوونەوەی قورس.

ئیدارەی ترامپ دوو ساڵی لەبەر دەستە بۆ کاری کاریگەر هەتا دەگاتە هەڵبژاردنەکانی دوو ساڵی داهاتوو بۆ هەڵبژاردنەکانی - مید تێرم - هەموو ئاکتۆرەکانی ناوچە دوو ساڵی کاریگەرییان لە بەردەستە بۆ داڕیشتنەوەی بناغەی ڕەوتێکی تازە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هاوپەیمانێکی گرینگی کورد بۆ پێشخستنی ئەجێندای خۆی لەم ماوەیەدا وڵاتانی ئابراهامز دەبن. ئەمە دەورانێکی تازەیە؛ ئەم دەورانە پڕە لە دەرەفت. دەبێ بزانین چەندە ئامادەین تاکوو کەلکی لێ وەرگرین.

١٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

## هەر میللەتەی مەیدانی خۆی هەیە، مەیدانی ناوخۆییش مەیدانی سەرەکییە

کاتێک چاو لە ئیدارەدانی سیاسەتی میللەتان دەکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەرکی سەرەکیی ڕێبەران و نوێنەران، ئیدارەدانی مەیدانی ناوخۆیی کردەی سیاسییە. ئەوان لە لێکەوتەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی میللەتێک بەرپرسن، بۆیە ناتوانن بەرپرسیارێتی ئیدارەدانی بارودۆخی ئابووری و سیاسی ناوخۆیی بدەنە دەستی کەسانی تر.

ئەم ئیدارەدانە هەموو بوارەکان دەگرێتەوە، لە شکڵدانی مایندسێتی گشتی. بۆ نموونە سەرنجی خەڵک زیاتر لە سەر سەرۆکی بەغدا بێت یا هەولێر؟ یەکێتی ناوخۆیی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بابەتی سەرەکی بێت یا چالاکی لە مەیدانی هزری و سیاسی تاراندا؟ ئێستا کە میدیا و خێرایی مێدیا وەک ئامرازێکی کاریگەر کە کارتێکەری لە سەر ڕەوتی شکڵدانی مایندسێتی خەڵک هەیە، بۆتە خاڵێکی گرینگی سیاسەتی بەڕێوەبردنی میللەتان.

لەم پەیوەندییەدا گرینگە بزانین کە وردبوونەوە لە سەر کەمایەسییەکان (کە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە و زۆریشن) سیاسەتێکی مێدیاییە و پاڵ نان بە خاڵە پۆزیتیڤەکان و پێشخستنیان و هەوڵدان بۆ سازکردنی کۆنسێنسوسی میللیش سیاسەتێکی دیکەیە. ئەزموونی میللەتانی پێشکەوتوو ئەوە نیشان دەدات کە وردبوونەوەیان لە سەر بەرەوپێش ڕۆیشتنە، جیاوازیی نێوان ڕاست و چەپی سیاسەتیش لەم بوارەدا خۆی دەردەخات.

چارەنووسی سیاسی و ئابووریی کورد بە گشتی پەیوەندی بە چەند و چوونی ئاڵوگۆڕەکانی مەیدانی نەتەوە سەردەستەکانەوە هەیە. دیارە کورد پێویستە لەو مەیدانانەدا بەشدار بێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا کورد دەبێ بۆ ئەو مەیدانانە سیاسەتی هەبێ و سێرەی سەرەکی لە سەر مەیدانی خۆی بێت یا مەیدانی نەیاران بە مەیدانی سەرەکی بزانێت و مەیدانی خۆی پەراوێز بخات؟ هاوسەنگی لە نێوان ئەم دووانەدا پرسی جێ بیرکردنەوە و ووردبوونەوەیە.

کاتێک سەیری سیاسەتی وڵاتان دەکەین، بە تایبەت ئەوانەی میللەتی سەرکەوتوون، مەیدانی ناوخۆیی خۆیان بە مەیدانی سەرەکی دادەنێن. هەروەها جێیەکی زۆر سنوورداریش بۆ مەیدانی تری دەرەکی، کە کارتێکەرییان لە سەر هەیە، تەرخان دەکەن. بۆیە بارودۆخی مەیدانی ناوخۆیی دیاریکەری ئەوەیە کە چەندە دەتوانین لە مەیدانەکانی تردا سەرکەوتوو یا ژێرکەوتوو بین.



سەرچاوە
Serchawe

لە هەرێمی کوردستاندا هەرچەندە پەرە بە بەهێزکردن و ڕەوتی سێرەگرتن لە پرسگەلی ناوخۆیی و گەشەی مەیدانی ناوخۆیی بدرێت ئەوەندە یارییەکەمان لە مەیدانی بەرانبەرەکانماندا سەرکەوتووتر دەبێت، بۆیە پێویستە میدیا و قەلەم و بیر و دیالۆگی گشتی لە خزمەت پتەوترکردنی ڕوح و هزر و هەستی مەیدانی ناوخۆییدا بێت. هەر بۆیە سیاسەتی دەرەوەمان هەیە تاکوو بپرژێتەوە سەر کار و خەبات لە مەیدانەکانی دیکەدا.

ئەرک و پرسیاری ستراتێژیک بۆ ئێستا و چەند دەهەی داهاتوو ئەوەیە چەندە لە پێکهێنان و بینانانی کۆنسێنسۆس، هاوبیری گشتی کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا سەردەکەوین و لەم پێناوەدا هەر کەس و دامەزراوە و سیاسەتمەدارێک چی پێدەکرێ؟ ئازادی بەشداری لە ژیانی سیاسی و ئابووریدا مەرجی پتەوکردنی یەکگرتوویی مەیدانی ناوخۆییە. هێزە کاریگەرەکان بە ڕێککەوتنی نێوانیان بە مەبەستی ڕێگە خۆشکردنی زیاتر بۆ ئەم بەشدارییە دەوری مێژوویی خۆیان دەگێڕن.

١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٤

سەرچاوە بابەتەکان فەیسبووکی نووسەر

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی

---





# سپاس و پێزانین


**بۆ هاوڕێ حوسێن کوردنەژاد بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار و نووسراوەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**


